# گرینگترین ڕێگاکانی پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیکی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان

## (تیۆری سوڵتان کۆدایی و شینیتشي سوزوکی)وەک نموونە

**م. چیایی کەمال سەعدی** chiey.saddi@su.edu.krd
بەشی مۆسیقا - کۆلێژی هونەرە جوانەکان-زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
**پ. ی. د. دلاوەر موستەفا محەمەد**dlawer.muhammad@su.edu.krd
بەشی مۆسیقا - کۆلێژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر
**پ. د. ناصر هاشم بدن**nasserbadan60@gmail.com
بەشی مۆسیقا - کۆلێژی هونەرە جوانەکان -زانکۆی بەصرا- عیراق

• توێژینەوەیەکی وەرگیراوە (مستل) لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی (گۆرانی و موزیک و بەکارهێنانیان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری هەولێر) لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیک. ٢٠٢١-٢٠٢٢

### پوختە

لەم توێژینەوەدا جەخت لە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی لەمپەرەکانی بەردەم گەشەسەندنی بواری گۆرانی و موزیکی کوردی کراوەتەوەلەنێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بەمەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر لەم زانستە، ڕێگا و تیۆر و بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی هەریەک لە قوتابخانەکانی سوڵتان کۆدای و شینیتشی سوزوکی خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی ورد، چونکە هەروەک ڕوون و ئاشکرایە هونەر بەگشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتتر زانستێکن کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ناخ و دەروون و هەست و سۆز و هزری تاک بەگشتی و مناڵ بەتایبەتی.

هەروەها دەست خراوەتە سەر دیاریکردن و خستنە ڕووی باشترین ڕێگا پەروەردەییەکان لەکاتی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی بابەتە موزیکیەکان لە پەروەردە و فێرکردن، دواتر چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕیەکان لەڕێگەی خستنە ڕووی بیردۆز و بۆچوونەکانی سوڵتان کۆدای و سوزوکی کە خاوەنی قوتابخانەی نوێی بواری موزیکن، لەڕێگەی پێشکەشکردنی چەندین پێشنیاز  و ڕاسپاردە بۆ سەرخستنی بوارەکە.

هەموو ئەمانەش لەڕێگەی چەند تەوەرێکی گرینگەوە خراونەتە ڕوو لە توێژینەوەکە بەمەبەستی گەشەسەندنی موزیکی کوردی و ناساندنی لەلایەن نەوەی نوێ لەڕێگای ئەم تەوەرانە: (گرینگترین وێستگەکانی ژیانی سوڵتان کۆدای و شینیتشی سوزوکی وەک سەرەتایەک بۆ ناساندنی خاوەن قوتابخانە نوێکانی بواری موزیکی، بۆچوونەکانی هەریەک لە کۆدای و سوزوکی لەبارەی هونەر و گۆرانی و موزیک،بۆ گرینگی موزیکی میللی و فۆلکلۆری و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە گشت پرۆسەکانی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، باشترین ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەکانی کۆدای و سوزوکی لەبواری وانە گوتنەوەی گۆرانی و موزیک، گشتاندنیان لەسەر بەرهەمە کوردییە ڕەسەنەکان. فەلسەفەی کۆدای و سوزوکی بۆ پەروەردەی گۆرانی و موزیک، بەستنەوەی بەتێکست و بابەتە ئەدەبییەکانی نێو گۆرانی و موزیکی کوردی کە بەشێکی گرینگی جیانەکراوەی مێژوو و ژیانی نەتەوەی کوردە. دواتر خستنە ڕووی دەرەنجامەکان و پێشنیازی چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێک بۆ زیاتر گرینگیدان بەبابەتی گۆرانی و موزیکی کوردی و هۆشیارکردنەوەی بەرپرسانی سیاسی و حکومی لەگرینگی بەکارهێنانی گۆرانی و موزیکی کوردی لەنێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، دواتر ڕێکخستنی لیستی سەرچاوە بەکارهێندراوەکان.

**وشە کلیلەکان**:گۆرانی، موزیک، پەروەردە، فێرکردن، کورد، کۆدای، سوزوکی

**١.پێشەکی**

فێربوونی گۆرانی و موزیک لە هەرێمی کوردستان وەک عیراق و گشت ولاتانی دەوروبەر دەکەوێتە نێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، زانستەکە وەک هەر زانستێکی تری نێو پرۆسەی پەروەردە بەیاسا و ڕێسای تایبەت ڕێکخراوە و کاتی دیاریکراوی بۆ دانراوە کە لە هەفتەی یەک ڕۆژ بۆگشت قۆناغەکان دەبێ لە قۆناغی یەک تا قۆناغی شەشی سەرەتایی.

**کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە** بابەتی پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمانیش بۆ کەمی ڕێژەی مامۆستایانی پسپۆڕی موزیک و نەبوونی میتۆدێکی ئامادەکراوی کوردیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ وتنەوەی وانەکە لەلایەن مامۆستایان لەلایەک، ناشارەزایی مامۆستایانی موزیکیش بە ڕێگا و ڕێکارە پەروەردەییەکان بۆ بابەتی گۆرانی و موزیک و نەبوونی پێداویستیەکانی وەک: شوێنی تایبەت بە جێبەجێکردنی وانەکە و پرۆڤەکردنی منالان بە گۆرانی و موزیک (تاقیگەی موزیکی)، دابین نەکردنی ئامێرە موزیکیەکان، نەبوونی کەرەستە دەنگیەکانی وەک تەسجیل و مایک و میکسەر و ساوند بوکس و مۆنتاربۆ... لەلایەکی تر، خراپی شوێنی وانەکە لە خشتەی وانەی هەفتانە و خستنە دواوەی بابەتەکە بۆ کۆتا وانە و نەخوێندنی لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکان، یا پڕکردنەوەی وانەکە بە وانەیەکی تری زانستی، ئەمانە و چەندین هۆکاری تر بوونەتە لەمپەر لەبەردەم گەشەسەندنی بابەتەکە و سوود وەرنەگرتن لەم زانستە گرینگە کە بەیەکێک لە باشترین چارەسەرەکانی دەروونی و ڕێکخستنەوەی جەستەیی و ئارامکردنەوەی ناخ و هۆیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دروستکردنی کەسایەتی بەهێز لە منال دادەندرێن.

ڕێبازی بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لە پەروەردە و فێرکردن لەلایەن سولّتان کۆدای و شینتشی سوزوکی شێوازێکی نوێ و تازە و داهێنان نەبوو لە سەرەتادا لەبواری پەروەردە و فێرکردن، بەڵکو بەرلە هەزاران ساڵ پێشتر گۆرانی و موزیک بوونی لەناو پەروەردە و فێرکردندا هەبووە، موزیک بەشێک بووە لە بەشەکانی پەروەردە و فێرکردن و لە قوتابخانەکاندا شان بەشانی بابەتەکانی تر خوێندراوە و هەبووە، بەڵام بەشێواز و جۆر و ڕێگای جیاجیا، بەڵام سولّتان کۆدای و سوزوکی توانییان سوود وەربگرن لە ئەزموونی یۆنانییە کۆنەکان و گەلانی ئەوروپا، ڕێگا و جۆر و شێوازی پەروەردەکردنی تازە بۆ ڕێگاکانی فێرکردن و پەروەردەکردنی گۆرانی و موزیک لەناو پەروەردە و فێرکردن بدۆزنەوە بەمەبەستی بەهێزکردن و گەشەپێدانی توانا موزیکیە جۆراو جۆرەکانی تاک بەگشتی و منالّ بەتایبەتی لەڕێگای خوێندنگە سەرەتاییەکانەوە، بە بەشدارییپێکردنی کەرەستە و ئامرازی سەردەمیانەتر لەوەی پێشتر. بۆئەمەش هەریەک لەمان توانییان سوود لەتێکەڵکردن و وەرگرتنی گشت ئەم ڕێگاو ڕێبازە سەرکەوتووانەی پێش خۆیان وەربگرن و لەپاڵ ئەمانیش چەندین ڕێگای جۆراوجۆری تر دابهێنن و بەکاریان بهێنن. گرینگترینیشیان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بوو لە بوارەکەدا.

**گرینگی توێژینەوەکە** لە خستنە ڕووی ڕێباز و تیۆری قوتابخانەکانی کۆدای و سوزوکی یە، چونکە لە میتۆدەکەیاندا جەختیانکردۆتەوە لە بەکارهێنانی گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکان، بەمەبەستی ئاسانکاری باش بۆ تێگەیشتن و پەروەردەکردنی منالّان بۆ تیۆری موزیکی، ژەنینی ئامێرە موزیکیەکان، گۆرانی وتن، چێژوەرگرتن، هەروەها پەروەردەکردنی هەستی بیستن، بەهێزکردنی گوێچکەکان، زیادکردنی توانای یاریکردن بەدەنگەکان و ئامێرەکانی موزیک، جووڵاندنەوەی جەستەی منالّ و بەهێزکردنی توانا فسیۆلۆجیەکان.

**ئامانج لەم توێژینەوە** دەرخستنی گرینگی گۆرانی و موزیک و ژەنینی ئامێری موزیکی لەوەرگرتنی زانیاریی تازە و بەرەوپێشبردنی مەعریفەی منالە، چونکە بەپێی بۆچوونی زانایانی موزیکی و پەروەردەیی، وە بۆچوونەکانی کۆدای و سوزوکیش، گۆرانی وتن بەبێ هاوکاری ئامێرە موزیکیەکان کاریگەری لەسەر دەنگی مرۆڤ دروست دەکات منالٚ فێری بیستن و دەربڕینی پیتەکان دەکات بەشێوەیەکی ڕاست و دروستتر، لەلایەکی تردا گەر دوو منالٚ گۆرانی بلێن ئەوا هەریەکەیان بەجۆرێک ئەدای گۆرانییەکە دەکەن و یەک لە یەک شتی زیاتر و ئاوازی جوانتر بەرجەستە دەکەن بەمەش موزیکی نوێ لەدایک دەبێت و کۆمەلٚگە بەرەو ئاستێکی تری پێشکەوتن و داهێنان هەنگاو دەنێت.

ئەم هەنگاوانەی کۆدایی و سوزوکیش دەتواندرێ وەک هەنگاوی سەرەتایی بۆ بەرەوپێشبردنی گۆرانی و موزیکی کوردی سوودی لێوەربگیرێت لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی هەر ناوچەیەک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەوەی لەم وانانەدا منالٚ لەڕێگای گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری و میللیی ناوچەکانی خۆیانەوە فێری زانیاریی نوێ بکرێن، کە ئەمە خێراترین ڕێگا دەبێت بۆ گەشەی مەعریفی تاک لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بەکەمترین کات و تێچوو.

**سنووری توێژینەوە** هەروەک لە سەرەتا و لەناونیشانی توێژینەوەش ئاماژەمان بۆیان کردووە قوتابخانە سەرەتاییەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی دەگرێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە**لە توێژینەوەکەدا میتۆدی شیکاری وەصفی لەڕوانگەی چەندیەتی و چۆنیەتی قەبارەی کێشەکان دەستنیشانکراوە بۆ گەیشتن بەدەرەنجامەکان و گشتاندنی ڕێگا چارەسەرەکان لەم بوارە بۆ پێشوەچوونی هونەر بەگشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتتر.

## ٢. شیکردنەوەی چەمکەکان

**٢-١-گۆرانی/**بەپێی شیکردنەوەی (أحمد الهاشمي) گۆرانی واتای چرپنی هۆنراوە و دەقە ئەدەبییەکانە، وەدەڵێت گۆرانی بەشێکە لە پێکهاتەی بچووک بچووکی موزیک و گونجاوە لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و زۆر جار یاوەری دەکرێت بە ئامێرە موزیکیەکانیش. هەروەها أحمد الهاشمي دەڵێت گۆرانی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لەوانە (گۆرانی میللی، گۆرانی فۆلکلۆری، گۆرانی دانراو... تا دوایی). لەکۆتاییدا پێی وایە کە گۆرانی بەهەموو ئەم دانراوە موزیکیانە دەگوترێ کە دەگونجێت لەگەڵ دەنگی مرۆڤ. (الهاشمی، ١٩٧٩، ٧).

هەروەها بەپێی گوتەی (دیمیتری کابالیفسکی) گۆرانی واتە ڕۆحی میللەت، هەروەها دەڵێت گۆرانی لایەنێکە لەم سێ لایەنەی کە موزیک لێیان ورد دەبێتەوە و کاریان لەسەر دەکات، وەهاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکانی احمد الهاشمی سەبارەت بە جۆرەکانی گۆرانی و لق و پۆپەکانی و ئەو وردتر باس لە جۆرەکانی گۆرانی دەکات و جیایان دەکاتەوە بۆ (گۆرانی لای لایەی منداڵ، بووک گواستنەوە، گۆرانی سۆزداری و بەسەر ئافرەت هەڵگوتن، گۆرانی و هەڵگوتن بەسەر ئازایەتی و پیاوچاکان و کەسایەتییەکان... تادوایی). (میخییفا، ٢٠١٤، ٢١).

**٢-٢- موزیک/**ڕوونکردنەوەی چەمکی موزیک گۆڕانکاری بەسەرداديت بەپێی بەکارهێنانی وەک:

أ- موزیک وەک زانست: زانستێکە لە زانستە سروشتییەکان و لەسەر بنەما و ڕێسا و یاسای ماتماتیکی ڕێکخراوە، دەنگەکانی گونجاندراون بەجۆر و شێوازێک کە بتواندرێت هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ قابیلیەتی بیستن و دەربڕین و تواناکانی گوێچکە. (حداد، ٢٠١٦، ٦).

ب- موزیک وەک هونەر: دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی سەرەکی کە یەکەمیان لایەنی ژەنینی ئامێری (music instruments) دەگرێتەوە، هەروەها زانستی گۆرانی واتە دەربڕینی دەنگی مرۆیی بە گوێرەی تیمپۆی موزیکی ڕێکخراو. کە هەردووکیشیان بە دانراوەی موزیکی ناوزەد دەکرێن، دانراوە موزیکیەکانیش هەمیشە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن:

١. دەنگی موزیکی (ئاواز): ئەم دەنگانەن کە لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی ئامێرەکانەوە دەردەچن، یا لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی قوڕگی مرۆڤەکانەوە لەڕێگەی دەمەوە دێنە دەرەوە. (هدیر، ٢٠١٩، ١٦).

٢. کات (ڕیتم): پێوەرێکە بۆ ڕێکخستنی بەردەوامی دەربڕین و بەردەوامبوونی دەنگ، هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان درێژی و کورتی دەربڕینەکان، ئاواز و ڕیتم دووانەیەکی لێک دانەبڕاون لە موزیکدا جووتەزاو جومکەزان و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر واتا نابەخشێ. .(ابراهیم، ٢٠١٤، ٦).

**٢-٣- پەروەردە**/شیکردنەوەی چەمکی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردادێ بەگوێرەی ئەم بۆچوونە فەلسەفییانەی کە مرۆڤ دەیانگرێتەبەر بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو، وە گرتنە بەری ئەم ڕێگاو شێواز و کەرەستانەی کە بەکاریان دەهێنێت بۆ گەیاندنی بەها کۆمەڵایەتیەکان و بیرو بۆچوونە زانستی و پەروەردەییەکان لە هەر بوارێک لە بوارەکاندا.(الزهوري، ٢٠٠٢، ١٦)، (عباس محجوب) دەڵێت: پەروەردە بەواتای تێرکردن و پڕکردن و بەهێزکرنی لەشی مرۆڤ دێ بەداتا و زانیاری و هەڵسوکەوتی تازە، گشت بوارەکانی خواردن و خواردنەوە و هەڵسان و دانیشتن و گفتوگۆ و لایەنە بەدەنی و هزری و ڕوحی و هەستی و وجدانی و سۆزیانە، تاڕادەی کاملبوونی تاک، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی داهاتوو و زاڵبوونی بەسەر هەموو ئەم

قورسایی و تەنگوچەڵەمانەی لە داهاتوودا ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە.(محجوب، ١٩٧٨، ١٥)

**٢-٤- فێرکردن/** فێرکردن کردارێکە ئامانج تیایدا بەهێزکردن و ئامادەکردنی تاکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، مەبەستدار بەئامانجێکی دیاریکراو، بەمەبەستی ئەوەی کە لە داهاتوودا بتوانێ ئەم داتا و زانیاریانەی وەریگرتوون و فێری بووە، لەژیانی ڕۆژانەیدا سوودیان لێ ببینێ لە بەرەوپێشبردنی خۆی و زاڵبێت بەسەر ئاستەنگەکانی بەردەمی. (الهاشمي، ١٩٧٩، ٩١)

**٢-٥- کورد/** کورد نەتەوەیەکە خاوەن زمان و کولتوور و داب ونەریت و شوناسی تایبەتی خۆیەتی و خاک و ئاڵای خۆی هەیە. (نیکتین، ٢٠٠٣، ١٦).

مێژووی گەلی کورد بۆ هەموو نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی ڕوون و ئاشکرایەو نامۆ نییە،گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە لە بواری فەرهەنگ و کولتوورو ئایینەوە کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠هەزار ساڵ لەمەو پێش. (قەرەداغی، ٢٠٠٧، ٩).

هەرێمی کوردستان، کە قەوارەیەکی دانپێنراوی یاساییە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا، لەنێو دەستووری ئەو وڵاتەش سنوورەکەی دیاری کردووە، ئەمەش بەهۆی دیفاکتۆی پرۆسەیەکی سیاسی و جوگرافیبوون، کە بەهۆی دەرئەنجامی شەڕی کەنداوی دووهەم (١٩٩١) دروست بوو.(مەردۆخ، ٢٠١١، ١٤).

**٢-٦- سوزوکی/** شینیتشی سوزوکی لە ٢٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٩٨ لە شاری ماتسۆمۆتۆ لە یابان لەخێزانێکی گەورە لەدایک بووە، لە سەرەتای تەمەنی منالّی نەیتوانیوە بخوێنی و لەگەڵ باوکی لە کارگەی دروستکردنی ئامێری کەمان کاری کردووە و سندووقی دەنگی

ئامێرەکانی دروست کردووە، سوزوکی لەڕێگەی گوێبیست بوونی بە پارچە موزیکێکی (لافی مایا) ی (فرانز شوبرت) کە لەلایەن (میشا المان) بەئامێری کەمان ژەندرابوو ئارەزووی بۆ ئامێرەکە و فێربوونی دروست بوو، ڕاستەوخۆ ئامێرێکی کەمانی گرتۆتە دەست و کەوتۆتە دووبارەکردنەوەی پارچە موزیکەکە و ڕاهێنان لەسەری لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا، بەڵام باوکی لە سەرەتادا ڕێگای پێنەداوە و ڕێگر بووە لەبەردەم فێربوونی بە ئامێرەکە، تا دواتر لێهاتوویی و زیرەکیی سوزوکی بۆ باوکی بەدیار دەکەوێت و باوکی ڕێگای پێدەدات بچێ بخوێنێ لەبواری موزیک و فێری ئامێری کەمان بێ و دەینێرێت بۆ خوێندنی کەمان لە (طوکیو). لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا سوزوکی سەفەری ئەڵمانیا دەکات و بەدوای مامۆستای ئامێری کەماندا دەگەڕێت و بەردەوام دەبێت لەگەڵ (کارڵ کلینجر)، بەڵام نەیتوانیوە هیچ بڕوانامەیەک بەدەست بهێنێت لەم بوارەدا، هەر لەوێ چاوی دەکەوێت بە (ئەلبەرت ئەنشتاین) و دەبن بەهاوڕێی زۆر نزیک، ئەنشتاین زۆر هانی ئەدات و ئاڕاستەی ئەکات بەوەی خۆی فێری موزیکی کلاسیکی بکات و لەم بوارەدا بەردەوام بێت، سوزوکی کەسایەتییەکی بەهێز و زیرەکییەکی بێ وێنەی دەبێت و بە فەیلەسووفی سەردەم و موزیکزان و کەسایەتی پەروەردەیی و ڕاهێنەر ناوبانگی دەرکردوو بەردەوام لە بەرەو پێشبردنی کارەکانی و ڕێگاکانی لە هەوڵ و ماندووبوونی بێ وەستان بووە.

**٢-٧- کۆدای/** سوڵتان کۆدای لە ١٦/ ١٢/ ١٨٨٢ لە گوندی (Kecskemet) لەدایک بووە، باوکی بەرپرسی هێڵی ئاسنی بووە، هەربەم هۆیەشەوە ناوچەگۆڕکێی زۆریانکردووە، تا دواجار لە ناوچەی (Galanta) جالانتا جێگیر دەبن کە دانیشتوانەکەی لە هەنگاریا (مەجەر) و ئەڵمان و سلۆڤاکییەکان پێکهاتبوو، کۆدای بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لەساڵی ١٩٠٠ ڕووی لە شاری بودابست کرد و لە کۆلێژی

(Eotvos) کە تایبەت بوو بەڕاهێنەرانی پەروەردەیی وەرگیراو بەسەرکەوتوویی کۆلێژەکەی تەواوکرد و لەوێوە فێری زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی بوو، کۆدای توێژینەوەیەکی پێشکەشکرد بەناونیشانی (موزیک زمانە)، دواتر هەر لەسەر کاریگەری ئەم توێژینەوە بوو تێزی دکتۆراکەی لە بواری کۆکردنەوە و شیکردنەوەی گۆرانییە میللییە مەجەرییەکان ئەنجامدا.

## ٣. گرینگترین بۆچوونەکانی سوڵتان کۆدای و شینیتشی سوزوکی لە گەشەپێدانی پەروەردە و فێرکردنی منداڵ بە گۆرانی و موزیک

مرۆڤ هەر لەسەرەتای دەستپێکی ژیانی ئاشنایەتی بە گۆرانی و موزیک هەبووە و لەڕێگای ئەم هونەرە پەرەی بەتوانا بەدەنی و مەعریفەکانی داوە و گۆرانی وموزیکی بۆ دەربڕینی هەستەکانی لەکاتی خۆشی و ناخۆشی بەکارهێناوە، بەگوێرەی بۆچوونەکانی شینیتشی سوزوکیش گۆرانی و موزیک لە ناخی گشت تاکەکان بوونی هەیە، بەڵام بەڕێژەی جیا جیا بۆیە ئەم پێیوایە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پێشوەختەی منداڵەکان بۆزانینی بەهرەی موزیکی هیچ بەهایەکی نییە، نەک هەرئەمەش بەڵکو ئەم مامۆستا و فێرکەرانەی چاوپێکەوتن و بەهرە سەرەتاییەکان دەکەنە پێوەر لە مناڵەکان بۆ فێربوونی گۆرانی و موزیک و ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان هەڵە دەکەن و کارێکی باش ناکەن، ئەمان دەبنە هۆی تێکشکاندنی هەست و سۆز و حەزە هونەریەکانی ئەم منالانەی کە تازە دەیانەوێت پەرە بەلایەنی گۆرانی وموزیک بدەن و گشت خەونەکانیان ئەوەیە کە لە داهاتوودا ئامێرێکی موزیکی یا گۆرانییەکی میللی یا فۆلکلۆری ناوچەکەی خۆیان بلێنەوە لەسەر تەختی شانۆ. (د.محمد الملاح، ٢٠١٠، ١٦).

سوڵتان کۆدای هاوبۆچوون و هاوبیر بووە لەگەڵ سوزوکی، چونکە لە میتۆدەکانی زیاتر گرینگی داوە بە ڕاهێنان و بەکارهێنانی گۆرانی و موزیکی میللی و هەمیشە فێرخوازەکانی لەڕێگای ئەم گۆرانییانە ئاشناکردووە بەگۆرانی و موزیکی گشتگیر و سەردەمیانە، ئەم هەنگاوەشی لەپەروەردەی بابەتە زانستییەکانی تریشدا سوودی زۆری بۆ فێرخوازان هەبووە، بەتایبەتی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، کۆدای لە میتۆدەکەیدا جەخت لەگرینگیی تیۆرە سەرەتاکانی موزیکیش دەکاتەوە و پێیوایە گۆرانییە میللییەکان دەبنە ئاسانکاریی باش بۆ تێگەیشتن و پەروەردەکردنی فێرخواز بەتیۆری موزیکی و ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان و گۆرانی وتن، چێژوەرگرتن و پەروەردەکردنی هەستی بیستن و گوێچکەکان و یاریکردن و جووڵاندنەوەی جەستە لەگەڵیان، چونکە منداڵەکان ئاشنایەتی پێشوەختەیان هەیە لەگەڵ گۆرانییە میللی و فۆلکلۆریەکان و چەندین جار گوێبیستیان بوونە. (ریم، ٢٠٢٠، ٤).

بەبۆچوون و فەلسەفەی بیرکردنەوەی سوزوکیش گۆرانی و موزیک بۆ هەموو تاکێکە و هەموو مرۆڤێک دەتوانێ فێری گۆرانی و موزیک ببێ، بەڵام بە گوێرەی کات و سات و زەمینەی لەبار، هەروەک چۆن منداڵ فێری زمانەکانی جیا لە زمانی دایک دەبێت لەکاتی پێویستیدا. سوزوکی لەڕێگاکانیدا کاری لەسەر پەروەردەی گوێچکەی منداڵەکان دەکرد لە تەمەنێکی زۆر سەرەتایی بە گۆرانی و موزیک لەڕێگەی سەماعی و گوێگرتنیان لە بەرهەمە موزیکییە ڕەسەنە میللییەکان، فۆلکلۆریەکان وەک دەستپێک، ئینجا سروودە نیشتیمانییەکان، ئاینییەکان، وەدواتر فێرکردن و ڕاهێنانیان لەسەر بابەتە دانراوەکان و دواجاریش پڕاکتیزەکردنیان لەڕێگەی ئامێرێکی موزیکی.(محمد، ٢٠١٨، ١٢).

بەپێچەوانەی سوزوکی، سوڵتان کۆدای لە میتۆدەکەیدا زیاتر جەختی لە ڕاهێنانی فێرخوازەکان کردۆتەوە بە ناسینەوەی میانە دەنگییەکان و دووری نێوان دەنگەکانی موزیک، لەڕێگای ئەم گۆرانییە میللی و فۆلکلۆریانەی کە میانەی دەنگەکانیان لە میانە سادەکانە و دووری نێوانیان کەمە وەک میانەی دووانی بچووک ( descending minor third)، هەروەها جەختی لەڕۆڵی فێرکەر (مامۆستا) کردۆتەوە کە چەند گرینگە لەم بابەتە موزیکییانە بگەڕێت و پێشکەش بەفێرخوازانی بکات کە میانەکانیان میانەی موزیکی ڕێپێدراوبن، دەقەکان دەقی زانستی و سوودبەخش بن، ڕیتمەکان ڕیتمی سادە و ئاسان بن، ئاوازەکان ئاوازی کورت و بچکۆلانەبن، کە تیایاندا ڕەچاوی ئاستی توانای هزری و جەستەیی و عەقلی فێرخوا بکرێت بەپێی قوناغەکانی خوێندن. (نواب، ٢٠٢٠، ١٥).

ژەنین و پراکتیزەکردنی گۆرانی و موزیکە میللی و فۆلکلۆریەکان کۆتا ڕێگای کارکردن نییە لەسەر پەروەردەکردن و فێرکردنی منالان بەگۆرانیەکان، بەڵکو دەستپێکێکە بۆ تێگەیشتن و بەردەوامبوون و داهێنانی زیاتر لە بواری هونەری و پەروەردەیی، هەروەها پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕیانە دەبێ کە فێرخوازان هەیانە لەتەواوی ژیانی ڕۆژانەیان و دەربڕینە لە ناخ و هەست و سۆزی پەنگ خواردوویان، بۆیە سوزوکی گرینگی تەواوی داوە بەپەروەردەی منال لە تەمەنێکی زۆر زوودا و کۆدایش لە تەمەنی سەرەتایی. (الخولي، ١٩٧٨، ٤٢).

بەڵام سوزوکی زۆر زیاتریش لە بیرکردنەوەکانی کۆدای دەڵێت نەک تەنها منال بەڵکو گەورەکانیش پێویستە شان بەشانی منالەکانیان دەست بکەن بەفێربوونی گۆرانی و موزیک و گرینگی تەواو بەم لایەنە هونەریە بدەن، بۆئەوەی بتوانن لەئاکامی ئەم کارەیان تۆزێک لە غەم و خەفەت و نەهامەتیەکانیان کەم کەنەوە و دوورکەونەوە لەم جەنجاڵیەی ژیان ئەگەر تۆزێکیش بێ.( محمد، ٢٠١٨، ١٢).

ئەم بۆچوونانەی كۆدای و سوزوكیش دوای جەنگی جیهانی دووەم دێت، كاتێك بەتەواوەتی هەست بەتێكچوونی شێوازەی ژیانی ئاسایی تاك دەكرێت لەلایەنی، دەروونی، كۆمەڵایەتی، هزری، فسیۆلۆجی...تادوایی. سوزوكی بەگەورەترین نموونەی زەرەرمەندی جەنگی جیهانی دووەمدا هەژمار دەكرێت بەوەی كارگەی دروستكردنی كەمانی خانەوادەكەی تێكشكێندرا و بەهۆی پەشێویەكانی جەنگ و پێداویستی ئەوسای دەوڵەت بە كارگەكە، بوو بەكارگەی دروستكردنی فڕۆكە ئاوییەكان، هەر بەم هۆیەش بوو لە هێرشێكی ئەمریكیەكان بۆ سەر ناوچەكە كارگەكەیان بوو بەئامانج و تەقێندرایەوە و لەئەنجامدا یەكێ لەبراكانی گیانی سپارد، سوزوكیش بەمەبەستی پاراستنی ژیانی خۆی و خێزانەكەی ڕوو لە ناوچە شاخاویەكان دەكات و لەوێ بەردەوام دەبێت لەگەڕان لە دارە نایابەكانی دروستكردنی ئامێری كەمان. تا تەواوبوونی جەنگ و گەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا، وە دەستبەكاربوونەوەی ڕاستەوخۆی لە وانە وتنەوەی موزیكی نوێ لە ناوچەكەدا. هەروەها بوونی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەكەی قبوڵكرد بەمەرجی ئەوەی كە ڕێگری لێنەكرێت لەچۆنیەتی فێركردنی منداڵان بەگۆرانی و موزیك و ژەنین، تا بتوانێ پەروەردەی موزیك بەرەوپێش ببات لە تەمەنی سەرەتای دەستپێكی ژیانی منداڵیی منداڵانی ناوچەكە و قەرەبووكردنەوەی ئەم ماوە دوور و درێژەی لە نەهامەتی جەنگ بەسەریان بردووە. (زیتون، ٢٠١٨، ١٩).

لە ئاكامی ئەم بۆچوونانەی كۆدای و سوزوكی دەتوانین بگەین بەچەند ئەنجامێكی سەرەكی كە گرینگترینیان ئەمانەن: یەكەم/ پەروەردەی موزیك دەبێ بەردەوامی هەبێت و بەفراوانی بڵاوەی پێبكرێت لەناو هەموو دامو دەزگا فێركاریە میری و نامیریەكان (كەرتی تایبەت). دووەم/ پەروەردەی موزیكی دەبێت لەتەمەنی سەرەتایی، لە سەرەتاكانی ژیانی تاك بخوێندرێت و كاری لەسەر بكرێت، وە دەوڵەت

بوار بڕەخسێنێت بۆهەموو ئەوانەی لەکات و ساتی دیاریکراو لێی بێبەش بوونە. سێیەم/ پەروەردەی موزیک دەبێ بەگۆرانی دەست پێبکرێت لە سەرەتادا، دواتر پەرەی پێبدرێت بۆ خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی و نووسینەوەی وە پڕاکتیزەکردنی. چوارەم/ پەروەردەی موزیک دەبێ سەرەتا بەگۆرانییە میللییەکان و فۆلکلۆریەکانی ناوچەی ژیان بەسەربردنی تاک دەست پێبکات، کەبە زمانی دایک وتراون، بۆئەوەی تاکەکان لە داهاتوودا بتوانن کاری ڕەسەن لەکارە نارەسەنەکان جیابکەنەوە و هەست بەتام و چێژ و ڕەسەنایەتی موزیکە ڕەسەنەکان بکەن و بتوانن بیانپارێزن. (شیماء، ٢٠١٦، ٢٢).

ئەم بۆچوون و تیۆرانەی کۆدای و سوزوکی دەکرێت سوودیان لێوەربگیردرێت لەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکان، بۆ پەروەردە و فێرکردنی تاکی کورد بەگۆرانی و موزیکە ڕەسەنە فۆلکلۆریەکان و میللییەکانی کوردەواری لەنێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆ دروستکردنی کەسایەتی بەهێز، ئنتیمای نیشتمانی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی... وە پاراستنی کەلتوور و فۆلکلۆر و بابەتە میللییەکان و جیاکردنەوەی بەرهەمە ڕەسەنە کوردیەکان لە نارەسەنەکان. هەروەها فێرکردن و پەروەردەکردنی صۆڵفێج و دەنگ و ژەنینی گۆرانی و موزیکی کوردی لەناو پەروەردە و فێرکردن بەمەبەستی بەهێزکردن و گەشەپێدانی توانا موزیکییە جۆراو جۆرەکانی تاک بەگشتی و مناڵ بەتایبەتی لەڕێگای خوێندنگا سەرەتاییەکان بەشێوەی زانستی و بابەتیانەتر بەهۆی تێکەڵکردن و وەرگرتنی گشت ڕێگا سەرکەوتووەکانی پێشووتر وەک ڕێگاکانی کۆدای و سوزوکی، کە بەڕێگایەکی داهێنان و نوێکاری هەژمار دەکرێن لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

## ٤. پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە ڕوانگەی فەلسەفەی سوڵتان کۆدای و شینیتشی سوزوکی

بەگوێرەی بۆچوون و تێڕوانینە فەلسەفییەکانی کۆدای، موزیک و گۆرانی و پەروەردەی موزیکی بۆگشت تاکێکی کۆمەڵگایە نەک تەنها دەنگ خۆش و موزیکزان و بەتواناکان لەم بوارە. بەواتای ئەوەی مرۆڤ هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە بەهرەیەکی موزیکی کەم تازۆر لە ناخ و دەروونیدا بەدی دەکرێت و هەیە، بەڵام ئەم جۆرە بەهرە خۆڕسکانە پێویستییان بە پەروەردەکردن و فێرکردن هەیە تا بدرەوشێنەوە. (سلوم، ٢٠١٩، ٢٦).

لێرەدا سوزوکی هاوڕایە لەگەڵ کۆدایی و دەڵێت : (هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆرپەڵە مێشک و هزر و هۆش ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەرکارێک یا بابەتێکی نوێ، ئەم وەرگرتنەش لەڕێگەی پەروەردەکردن و فێرکردنەوە دەبێ لەئەنجامی دووبارەکردنەوە و گوێگرتنی بەردەوام، هەروەک چۆن منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا فێری زمانی دایک دەبێت، ئاواش دەتواندرێ بەهەمان ڕێگا و هەمان بیرۆکە، منداڵ فێری ئامێرە موزیکییەکان بکرێت. (جادالله، ٢٠١٢، ٢٩).

کۆدای جەخت لە پەروەردەی موزیک دەکاتەوە و دەڵێت: (پێویستە پەروەردەی موزیک لەسەرەتای تەمەنی دەستپێکی منداڵیەوە بەگۆرانی هەنگاو بنێت، هەنگاوەکانی پەروەردەکردنەکەش بەشێوەیەکی بەرفراوان بێت گشت دامودەزگا پەروەردەییەکان و خوێندنگەکانی پەروەردەی موزیک بگرێتەوە، بۆئەوەی بەلانی کەم منداڵان بتوانن بەرهەمە ڕەسەنەکان لە بەرهەمە ناڕەسەنەکان جیا بکەنەوە و ببن بە خاوەنی گوێچکەیەکی بەهێز بۆ وەرگرتنی چێژی موزیکی ڕاستەقینە). هەروەها پەروەردەی موزیکی لای منداڵ دەبێ سەرەتا بە گۆرانییە میللییەکان و فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکەی خۆی بێت، بۆئەوەی لەم ڕێگەوە فێری

زمانی دایک و وشە و پیتەکان و عورف و عادات و تەقالید بن. (أمیمة، ٢٠٢٠، ٤).

سوزوکیش هاوڕایە لە گەڵ بۆچوونەکەی کۆدای لەگرینگیدان بە گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکان، بەڵام پێیوانییە کە منالاّن تەنها لەڕێگەی ئەم جۆرە گۆرانی و موزیکانەوە فێری پەروەردەی  گۆرانی و موزیک بن، بۆیە سێ ڕێگەی خستۆتە بەردەست بۆ مامۆستایانی بواری پەروەردە و فێرکردن لەبواری گۆرانی و موزیک بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی منالّەکان بەبابەتە هونەریەکان وەک: أ-گوێگرتنی بەردەوام و چەند بارەکردنەوەی بابەتە دیاریکراوەکان. ب- دووبارەکردنەوەی هەمان ئەم بابەتانەی گوێ بیستیان بووە لە ڕابردوو بەدەنگ. ج- پراکتیزەکردن وجێبەجێکردنیان لەسەر ئامێرێکی دیاریکراوی موزیکی. (ابو بکر، ٢٠١٥، ١٧).

سوزوکی زۆر جەختی لەم هەنگاوانە دەکردەوە و توانی بنیاتی ڕێگاکانی پەروەردەی گۆرانی و موزیک و ژەنینیان لەسەر دروست بکات، وەهەمیشە پێی وابوو بەگوێرەی کات و ساتی گونجاو و ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار هەموو تاکێک دەتوانی فێری گۆرانی و موزیک و ژەنینی ئامێرە موزیکییەکان بێ، هەروەک چۆن مرۆڤ لەگشت قۆناغەکانی ژیانی فێری زمانە جیاوازەکان دەبێ لەکات و ساتی دیاریکراو. (عواد، ٢٠١٨، ١٢).

بەگوێرەی فەلسەفەی سوڵتان کۆداش نەفامی و نەشارەزایی لە بواری گۆرانی و موزیک لەلایەن مرۆڤەکانەوە دەبن بەگەورەترین کێشە لەڕووی مەعریفی و دەروونی و هەستی و سۆزی، بۆیە پێشنیازی کردنەوەی پەروەردەی موزیکی دەکات لەڕێگای (محو الامیة) خانەی نەهێشتنی نەفامی موزیکی بۆ گشت ئەم تاکانەی ئاشنایەتییان نییە یا دەرفەتی ئاشنابوونیان نەبووە  بەبواری گۆرانی و موزیک لەکات و ساتی دیاریکراو لێی بێبەش بوونە.

## ٥. تیۆری پەروەردەی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی سوڵتان کۆدای

**٥-١-** کۆدای ڕێگایەکی نوێی داهێنا لە پەروەردەکردنی منداڵانی وڵاتەکەی کە بریتی بوو لە (پەروەردەکرنی مناڵان بە گۆرانی و موزیکی میللی و ڕاهێنانیان لەسەر خوێندنەوەی دوو دەنگی و ئەدا کردنی گۆرانییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر و نوێ). واتە بەکارهێنانی فرەدەنگی (تعدد الاصوات) لە گۆرانی قوتابخانەکاندا، وەگونجاندنی لەگەڵ میلۆدیە میللییەکان. لەم شێوازەدا کۆدای هەڵسا بەڕاهێنان و پەروەردەکردنی هەست و سۆز و گوێچکەی مناڵەکان بەشێوەی دەنگدانەوە ( صدا Echo Singing)، ئەم ڕێگایەش بریتی بوو لە دابەشکردنی پۆلەکە بۆ دوو گرووپ، گرووپێکیان گۆرانییە میللییەکانیان بە شێوەی فۆڕی (F) بەهێز دەچڕی و گرووپەکەی تر بەشێوەی پیانۆ (P) نەرم دەچڕی.

بەم هۆیەشەوە شێوازێکی دەنگدانەوە دروست دەبوو و مناڵەکان بۆئەوەی گۆرانییەکەیان لێ تێک نەچێت و هزریان نەپچڕێت ناچاربوون زیاتر هەست ڕاگرن و بەهەستیارتر گۆرانییەکان بڵێنەوە، بەمەش جۆرێکی نوێ لە پەروەردەکردنی گوێچکە و هەستی بیستن لای مناڵ دروست دەبوو و توانای جیاکردنەوەی دەنگە تێکەڵەکانی زیاتر دەبوو. (قندیل، ٢٠٢٠، ٤).

**٥-٢-** گرینگیدان و سەپاندنی شێوازی خوێندنەوەی صۆڵ فائی لە خوێندنگا سەرەتاییەکان وەک سەرەتا بەمەبەستی زیاتر بەهێزکردن و ڕاهێنانی فێرخوازەکان وەک سەرەتا دواتر دەربڕین بە نەغمە و ئاوازی دەنگەکان وەک خۆیان.  واتە فەلسەفەی کۆدای لە بواری پەروەردەکردنی گۆرانی و موزیک گرینگیدانی زیاترە بەگۆرانی و توانای قورگی مناڵ، نەک ژەنینی ئامێری موزیکی، چونکە کۆدای پێی وابوو گۆرانی وتن بەهاوکاری ئامێرە موزیکییەکان کاریگەری لەسەر

دەنگی مرۆڤ دروست دەکات و دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی ناسروشتی و دەستکرد. لەلایەکی تریش گۆرانی وتنی بەتەنها و بەبێ ئامێری موزیک توانای داهێنان و ئەدای دەربڕین جوانتر دەکات. هەرئەمەش بوو وایکرد کۆدای لەڕێگا پەروەردەییەکانی گرینگیی زیاتر بە موزیکی مرۆیی و گۆرانی دوو دەنگی بدات بەشێوەی ( پۆلیفۆنی ). (توفیق، ٢٠١٨، ١١).

**٥-٣-** گۆرانی بێدەنگ ( الغناء الصامت )، یەکێکی ترە لەڕێگاکانی پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لەلایەن کۆدای. واتە منداڵەکانی لەسەر ئملای نۆتە نووسینەوەی گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییە هەنگارییە سادە و ساناکانە بەئەزبەرکردن و نووسینەوەیانە چەندین جار، بۆئەوەی دەستیان ڕابێت لەسەری و لەناخەوە هەست بە ئاوازەکان بکەن بەم کردارەشی دەوت موزیک یا گۆرانی بێ دەنگ (الغناء الصامت). (د. احمد رباع: ٢٠١٧، ٥٧).

**٥-٤-** چنین و شیکردنەوەی گۆرانییە میللی و فۆلکۆرییەکان، هەروەها وێناکردنیان لە چینە دەنگیەکانی تر، بەڕێگای دۆ (Do)ی جووڵاو . (Movable Do System of Relative Solmization)، واتە (Tonic or Home Tonie)، کە بریتییە لە گوتنی میلۆدییەک لەسەر دەنگێکی دیاریکراو وەدووبارەکردنەوەی هەمان میلۆدی بەهەمان شێواز لەسەر چینە دەنگێکی تردا، ئەم بیرۆکەیەش لەشێوازی گوتنی سکێڵی دۆ مێجەر وە گۆرینی بۆ سکێڵی لا ماینەر هاتووە کە هەمان دووری میانەکانی هەیە و هیچ گۆڕانکاریەک لە ئاوازەکە ڕوونادات تەنها خۆگونجاندنی فێرخوازە بە چینە دەنگێک کە بۆی گونجاوترە، کۆدای لەم ڕێگایەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە دەکرێت گۆرانی و ئاواز و موزیک بەوشە و تێکست و گشت دەربڕینە دەنگییەکان بلکێندرێت جا ئەم دەربڕینانە هەرچییەک بن، گوتاری ئاینی، گوتاری سیاسی، گوتاری

پەروەردەیی، گوتاری زانستی... تادوایی.ئەم ڕێگایەش وەک شێوازێک لە شێوازەکانی (کۆنتراپۆنت) و (هارمۆنیا) ی سەرەتایی هەنگاوێکی تر بوون لە پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی سولتان کۆدای، بەمەبەستی ڕیفۆرمکردنی گۆرانییەکانی هەنگاری و داهێنان لەبواری نووسینەوە و دانانی گۆرانی بەشێوەیەکی سەردەمییانە. (TEMPO, 2021, 84)

**٥–٥–** نوسینەوەی نۆتەی موزیکی بەبێ هێڵەکانی موزیک ( Stick Notation) کۆدای بۆ سەرەتای نووسینەوەی نۆتە لە پەروەردە و فێرکردن هەڵسا بە بەکارهێنانی ڕێگایەکی تازە کە بەکارهێنانی پیتەکانی ئەلف و بێی ئینگلیزی بوو لەبری ناوی دەنگەکانی موزیک و دانانی کاتی موزیکی لەگەڵیان بۆ ناساندن و دەستنیشانکردنی خایاندنی دەنگەکان بەمەبەستی زووتر فێرکردن و پەروەردەکردنی منالان بە نووسینەوە و خوێندنەوەی نۆتە موزیکییەکان لە تەمەنی سەرەتایی و دەستپێکی فێربوون، وەک: لەبری نووسینی دەنگی (Do) تەنها پیتی (d) بەکار هێناوە، وە دەنگی (Re) تەنها پیتی (r) بەم شێوە بۆ گشت دەنگەکان، وە خایاندنەکەش بەپێی درێژی یا کورتی خایاندنەکان تەنها کلکی هێماکانی کاتی موزیکی بەکار هێناوە. ( International Suzuki, 2002, 24)

**٥–٦–** ڕێگای خوێندنەوەی ڕیتم بە دەربڕینی دەنگی( Syllables System) داهێنان و نوێکاریەکی تری لە شێواز و ڕێگاکانی قوتابخانەی کۆدای لە پەروەردە و فێرکردن، ئەم شێوازە لەسەرەتادا لە فەڕەنسا بۆ وانەکانی صۆلفیج بەکارهاتووە و ڕێگایەکی دیارە لەڕێگاکانی پەروەردەی دەنگ، بەلام کۆدای ئەم ڕێگایەی هێناوەتە ناو پەروەردە و توانیویەتی بیگونجێنێ لەگەڵ گشت وشە و تێکستێکی پەروەردەیی، واتە جۆر و شێوازی خوێندنەوەکە بەڕیتمێکی دیاریکراو دەبەستێتەوە و

خێرایی و خوێندنەوەکە سنووردار و ڕیتم ئامێز دەکات، ئەمەش هەنگاوێکی ترە کە فێرخواز ڕادەهێنێت لەسەر کاتە موزیکییەکان پێش زانینی ڕیتمی موزیکی و ژەنینی ئامێرەکانی ڕیتمی. کۆدای جگەلەمە بۆ ئاسانکاری زیاتر، هەڵسا بە دروستکردنی پەیوەندییەک لەنێوان شێوەی نۆتە موزیکییەکان و کاتەکانیان بەڕیتم و بۆ هەر شێوەیەکی نۆتەی موزیکی پارچەیەکی دەنگی دیاریکراوی دانا تافێرخواز بتوانێ لەڕێگای دەربڕینەکەدا کات و مەودای درێژی شێوە هێماکانی نووسینەوەی موزیک بزانێت. وەک لەبری هێمای ڕۆند  وشەی (too) بەکارهێنا، هەروەها لەبری نوار  وشەی (ta) و لەبری کرۆش (ti-ti)بەم شێوە بۆ هەر کاتێک  وشەیەک. (فرید، ٢٠١٥، ٢٣).

**٥-٧-** ڕێگای ئاماژە بە بەکارهێنانی دەست (Hand Signs) واتە دەست وەک ئاماژەیەک بۆ تێگەیاندنی بەرامبەر بە خواست و ویستی تاک بەرامبەر بەتاکێکی تر ڕێگایەک هەر لەکۆنەوە لەلایەن عبرییە کۆنەکان و مصری کۆن بەکارهاتووە بۆ دەربڕین لە پیتەکانی ئەم سەردەمە، هەروەک ئەزانین ئەم شێوازی تێگەیاندنە تاوەکو ئەمڕۆش لەلایەن ئەم کەسانە بەکار دەهێندرێن کە هەستی بیستنیان نییە یا لەدەستداوە (کەڕن)، بۆیە دەبینین سوڵتان کۆدای توانیویەتی هەمان شێوازی جووڵەی دەستەکان بۆ وەرگێڕانی دەنگە موزیکییەکان بەکاربهێنێت بەجووڵە و هێمای جیاجیا لە پەروەردە و فێرکردن، بەجۆرێ کە بگونجێ لەگەڵ سروشتی بەرزی و نزمی دەنگەکانی موزیک، ئەمەش بۆ چەند مەبەستێکی سەرەکی: **یەکەم/** جووڵانەوەی دەست وەک یاری و بەکارهێنانی ئەندامێکی جەستە لەپرۆسەی پەروەردەکردنی وانەکان بەگشتی و موزیک بەتایبەتی. **دووەم/** ڕاکێشانی سەرنجی مناڵەکان و تێگەیاندنیان بەزیاتر لەڕێگایەکی وانەوتنەوەی گۆرانی و موزیک، هەروەها بەردەوامبوونی بەردەوام لە

وانەکان بێئەوەی بێزاری و مەلەل لە وانەکە دروست بێت. **سێیەم/** بەشداریکردنی منالە شەرمن و دەنگ نزم و دەنگ ناخۆشەکان لە وانەکە وەزانینی ئاستی تێگەیشتنیان و توانای هێزی وەرگرتنیان لە کارێکی بەکۆمەڵ.

بۆ ڕێگای خوێندنەوەی نۆتە بەئاماژەی جووڵەی دەست، کۆدای هەڵسا بە دەستنیشانکردنی حەوت ئاماژە بۆ حەوت دەنگەکەی موزیک بۆنموونە: بۆ دەنگی دۆی ئۆکتاف دەبێ ئاستی بەرزکردنەوەی دەست لە ئاست نێوچەوان بێ، هەروەها بۆ دەنگی سی خوارووی دۆی ئۆکتاف دەبێ ئاستی جوولەی دەست لە خوارووی نێوچەوان بێ واتە نزیک چاوەکان ئیتر بەم شێوە بەردەوام بوو لە دانانی هێما و ئاماژەکانی دەست بەپێی بەرزی و نزمی دەنگەکان و گەورەیی و بچووکی میانەکان.




## ٦.تیۆری پەروەردەی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی شینیتشی سوزوکی

لە بەرامبەر ڕێگە و شێواز و تیۆرە پەروەردەییەکانی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی سوڵتان کۆدای، شینیتشی سوزوکیش لە

ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەساڵی ١٩٤٥ هەڵسا بەڕێکخستن و دانانی چەند ڕێگایەکی نوێو تازە لەبواری پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک بۆ منداڵانی تەمەن (٣-٥) ساڵی تا منالآنی تەمەن (٦-١٢) ساڵان، بەناوی ڕێگای دۆزینەوەی ئارەزووەکان (تربیة الموهبة)، ئەم داهێنانەی شینیتشی سوزوکی لەبواری پەروەردەی موزیک بەشێوازێکی فراوان بڵاوبوویەوە کە تیایدا منالآنی فێری ژەنین کرد لەسەر ئامێری کەمان، ئەم کارەی سوزوکی کاردانەوەی باشی لێکەوتەوە و دەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە جیهان، چونکە ڕێگاکە ڕێگایەکی زۆر جیاواز بوو لەچاو ڕێگاکانی پێش خۆی بەگشتی و ڕێگاکەی سولّتان کۆدای بەتایبەت. جیاوازی ڕێگاکەش لەمەوە خۆی ئەنواند کە پەروەردەی موزیکی لەلایەن سوزوکی لە تەمەنێکی زۆر زوو دەستی پێدەکرد. (الشرقاوي، ٢٠١٢، ١٧).

لەم ڕێگا پەروەردەییە نوێیانەی فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی سوزوکی هەندێک کێشەی فسیۆلۆجی لە جەستەی منالّەکان بەدی ئەکران لەکاتی ژەنینی ئامێرەکان بەگشتی ئامێری کەمان بەتایبەتتر، بۆ چارەسەری ئەمانەش سوزوکی هەڵسا بەگرتنەبەری چەند ڕێگایەک و نوێکاریەک لەجۆر و شێواز و قەبارەی ئامێرەکان و گونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی فێرخوازەکان، وەک: **یەکەم/** بەکارهێنانی ئامێری قەبارە ٤/٢ و ٤/٣ لەبری ئامێری قەبارە ئاسایی ٤/٤. **دووەم/** شێوازی دانانی هەرسێ پەنجە لەسەر وەتەری یەکەمی ئامێرە ژێدارەکان، لەیەکەم جاردا بەمەبەستی کەوتنی پەنجەکان بۆسەر شوێتی دیاریکراو  کە دەنگی (Do)یە، تابتوانن دەنگی ڕێ کە دوای ئەم دەنگە دێ بەئاسانی لەڕێگای دانانی پەنجەی چوارەم بەبێ کێشە بەئەنجام بگەیەندرێت، ئەمەش بەپێی بۆچوونەکانی زانایانیش هەنگاوێکی زانستی و گونجاوە بۆ جێگیرکردنی پەنجەکان و دەست لەسەر ملی ئامێری کەمان چونکە تەوازن و هاوسەنگی دەست لە

جێگیرکردن و جووڵانەوەی پەنجەی سێیەم ڕێکتر و ئاسانترە لە پەنجەکانی تر.

**سێیەم/** سەبارەت بە جووڵەی کەوانی ئامێرە ژێدارەکان لەلایەن مناڵەکان، سوزوکی ڕێگای بەکارهێنانی نیوە کەوانەی دەستنیشان کردبوو لەکاتی پراکتیزەکردنی گۆرانی و موزیکەکان، هەروەها چەندین ڕاهێنانی تایبەت بە بەکارهێنانی نیوە کەوان و چۆنیەتی زاڵبوون و بەهێزکردنی کەوانیان ئامادەکردبوو، بەمەبەستی زاڵبوونی مناڵان و چارەسەرکردنی کێشەی ژەنینی ئامێرەکەیان. (العطار،٢٠١٧، ٢٨).

هەموو ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بەهەنگاوی پێشوەختەی سوزوکی هەژمار دەکرێن بۆ ئامادەکاریی مناڵان لە جێبەجێکردنی گشت شێواز و ڕێگا نوێیەکانی قوتابخانەی سوزوکی لەبواری پەروەردە و فێرکردنی مناڵان بەگۆرانی و موزیک لە سەردەمی هاوچەرخ لەتەمەنی سەرەتای مناڵی، کە ئەمانە بوون:

**٦-١- گوێگرتن/** سوزوکی پێیوابوو کە گوێگرتن بڕبڕەی سەرەکی کاملبوونی هەستی تاکە، وەهەستکردن بە وردەکاری کارە موزیکییەکان لەوێوە چەکەرە دەکەن و پەرە دەسەنن، لەمانە (هەستکردن بە مقام، ڕیتم، خێرایی). ئەمانەش مناڵ لەڕێگەی پەروەردەی موزیکی لە قوتابخانەکاندا و بەهاوکاری مامۆستا و ڕاهێنان لەسەر گۆرانی فێردەکرێن نەک بابەتی تری پەروەردەیی، کە ئەکرێ لەڕێگای زانستەکانی تر بەبەشێکی ئەم هەستە بگەیت بەڵام هەمووی نا. چونکە لەڕێگەی گوێگرتنی زۆرترین گۆرانی و موزیکی جۆراوجۆر، مناڵ دەتوانی پەیوەندی ببەستێ لەهەڵ هونەر و ئاشنایەتی بەدەنگ و ڕەنگ و ئاوازە موزیکییەکان پەیدا بکات، هەستی بیستن بەهێز بکات و گوێچکەکانی ڕابهێنێت و دەنگە موزیکییە گونجاوەکان لە نەگونجاوەکان جیابکاتەوە، دواتر گۆرانی و موزیکەکان ئەزبەر بکات و لەڕێگای ئامێرە

مۆزیکیەکەیەوە بەئاسانتر دووبارەیان بکاتەوە و بیانژەنێت. (Suzuki, 2005, 31).

**٦-٢- دووبارەکردنەوە /** دووبارەکردنەوەی بەردەوامی گۆرانی و مۆزیکە دیاریکراوەکان لەلایەن منداڵ دەبێتە هۆی داهێنان و نوێکاری لەگشت بوارەکان بەتایبەتی لەبواری گۆرانی و مۆزیک، چونکە هەرجارەی گۆرانییەکە یا مۆزیکەکە دووبارە دەکرێتەوە زیادکردنێک و زەغرەفەیەکی مۆزیکی یا دەنگی نوێ لە بەرهەمەکەدا زیاد دەبێت بەمەش منداڵەکان ئارەزوویان زیاتر دەبێت لە بەردەوامبوون و داهێنانی زیاتر. لەلایەکی تر دووبارەکردنەوەی بەردەوام و زۆر دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یادەوەری و هزری منداڵ بەهێز دەکات و لەبیرچوونەوە کەم دەکات، ئەمەش نەک تەنها سوودی دەبێت بۆ بواری هونەری بەڵکو دەتوانێت لەڕێگەیەوە لەبابەتە زانستییەکانی تریش سوود لەم زاکیرە و هزرە بەهێزە وەربگرێت و تاکێکی بەهێز و داهێنەر بەرهەم دێت بۆ کۆمەڵگە. (حسن، ٢٠١٩، ٩).

**٦-٣- کاری بەکۆمەڵ/** بەپێی بۆچوونەکانی سوزوکی منداڵ بەوەرگرتنی وانەی تایبەت لەبواری هونەر بەگشتی و گۆرانی و مۆزیک بەتایبەتتر، بەرەو ئاستێکی بەرز دەڕوات و تواناکانی زۆر زیاتر بەرەوپێش دەچن، بەڵام ڕێگا تایبەتیەکان نابێ بەردەوامییان هەبێ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، چونکە منداڵان لەکاتی وانە تایبەتیەکان (منفرد) تووشی بێزاری و مەلەل دەبن و هەستی پێشبڕکێ و منافەسەی زانستی لەبەرەو پێشچوونیان وردە وردە بەرەودواوە دەڕوات و ئاستیان لاواز دەبێ، بەڵام کاتێک منداڵەکان لەگەڵ یەکتر کۆدەکرێنەوە و وانەکان بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن ئەوا هەرکەسە و لەلای خۆیەوە دەکەوێتە دەرخستنی توانا زانستییەکانی و هەمیشە لە هەوڵ و پێشڕەوی بەردەوام دەبێت، هەروەها لەئەنجامی گوێگرتنیان لەیەکتری

و بینینی ئاستی یەکتر فێری تەکنیک و شێوازی جیاجیا دەبن و حەزی گوێگرتن و بیستن و ژەنینیان زیاتر دەبێت، لەلایەکی تر هەست بە گرینگی ڕۆڵ و پێگەی یەکتر دەکەن و ڕۆحی هاوکاریکردن و هەرەوەزی لەنێوانیان زیاتر بەرەو پێش دەچێت و خۆشەویستی زیاتر لەنێوانیان دروست دەبێ، خاڵێکی تر لەگرینگی کاری بەکۆمەڵ بەهێزکردنی هەستی بیستنیان بەوەی دەبێ لەیەک کات گوێبیستی هەموو هاوڕێکانی بێت بۆ ئەوەی دوانەکەوێ و پێش نەکەوێ لە ژەنین و گوتنی گۆرانییەکان، ئەمەش وادەکات کە گوێچکەیان زیاتر هەستیار بێت و وردتر و زیرەکانەتر و بە هەستیاریی زیاتر کارەکانیان ئەنجام بدەن. (الخزرجي، ٢٠١٩، ٢٥). ئەم ڕێگایەی سوزوکی یەکێک بوو لەڕێگا داهێنەرەکان لەبواری پەروەردە و فێرکردن، چونکە بەکەمترین کات و ماوە و تێچوو زۆرترین زانیاری دەگات بەفێرخواز، کە ئەمەش داواکارییەکی بەردەوامی ڕاهێنەران و سەرپەرشتیارانی بوارەکەیە.

**٦-٤- بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا/** بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بەگشتی و بەتایبەتی ئامێرەکانی تەسجیل و ڕادیۆ و تی ڤییەکان بۆ نمایشی گۆرانی و موزیکە گرینگەکانی سەدەکانی پێشووتر و موزیکی موزیکزانانی وەک باخ، هایدن، موتسارت، بتهۆڤن....تا دوایی، کە منالانی سەردەمانی دوای ئەوان لێی بێبەش بوونە و ئاشنایەتییان لەگەڵ نین، زۆر گرینگە بۆ دروستکردنی هەستی موزیکی و تێگەیشتن لەڕێسا و بیرۆکەکانی موزیکمەندانی تۆپ، وە جیاکردنەوەی کارە پرۆفیشناڵەکان لەکارە لۆکاڵییەکان و کرچوکاڵەکان، هەروەها ناسینەوەی فۆرم و قاڵبەکانی گۆرانی و موزیکی ئەم سەردەمانە و ئاستی پێشکەوتنی موزیک لەهەر سەردەمێک.

**٦-٥- بەشداریکردنی خێزان/** بەشداریکردنی ئەندامێک لە ئەندامەکانی خێزانی یا زۆربەی ئەندامەکانی خێزانی فێرخوازەکان

لەکاتی چالاکیەکان و پڕۆڤەکان و تەنانەت هەندێک جار لە وانە بەکۆمەڵەکانیش، هەنگاوێکی زۆر پێویستە لەهەنگاوەکانی پەروەردە و فێرکردن، هەستی فێرخواز ئاسوودە و بەهێز دەکات و گڕو تین و جۆش و خرۆشی زیاتر دەدات بەمناڵ کە بە ئازایانە و گشت تواناکانی کارە هونەریەکانی نمایش بکات و زیاتر هەوڵی بەرەوپێشچوون بدات لە بوارەکە، لەلایەکی تر ئەمە وادەکات هەستی موزیکی لەلایەن خێزانی مناڵەکان بەرەو ئاستێکی بەرزتر بچێت و خولیای هونەر و گۆرانی و موزیک لەمانیش پەرەبسەنێ و ئەمانیش لەگەڵ مناڵەکانیان بکەونە ڕاهێنان لەسەر ئامێرە موزیکییەکان و گۆرانی وتن، بەمەش ئامانجێکی پەروەردەیی تر دەپێکین کە قەرەبووکردنەوەی ئەم لایەنە لەدەست دەرچووەیە کە دایکان و باوکان و ئەندامانی تری مناڵەکە کاتی خۆی لێی بێبەش بوون و نەیانتوانیوە ئەم لایەنە گرینگەی ژیان پڕبکەنەوە، بەڵام لەڕێگەی مناڵەکانیان دەتوانن کەشێکی موزیکی ئارام لەخێزانەکە دروست بکرێت، بەئامانجی سوود وەرگرتنی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و هێمن و لەسەرەخۆ و ڕۆشن فکر. (محجوب، ١٩٧٨، ١٣). ئەمەش یەکێکی ترە لەئامانجە سەرەکییەکانی ڕێگا و فەلسەفەی بیرکردنەوەی سوزوکی کە بریتییە لەدروستکردنی هاوڵاتییەکی  چاک و بەخشێنەر و داهێنەر، وە چاکردنەوە و گۆڕینی سلووکی شەڕانگێزی بەسلووکی ئاشتیخوازانە و بیرکردنەوەی بونیاتنەرانە، بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، کە هەست و سۆز و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی لەلای تاک بەرەو ڕەشبینییەکی زۆر چووبوون و بەرەو داڕمانی یەکجارەکی دەچوون.

**٧. دەرەنجامەکانی تێڕوانین و فەلسەفەی قوتابخانەی شینیتشی سوزوکی**

١. سوزوکی زۆربەی ژیانی لە یابان بەسەر بردووە و بەکەسایەتییەکی دیاری یابانی و جیهانی ناسراوە، داهێنەری ڕێگایەکی

نوێی پەروەردەیی بووە لە بواری گۆرانی و موزیک بەناوی ڕێگای دۆزینەوەی بەهرەکان (اكتشاف المواهب)، کە ناسراوە و بڵاو بووەتەوە لە گشت جیهان لە بواری پەروەردەی هونەری موزیک.

٢- تایبەتمەندی تیۆر و ڕێگاکانی پەروەردەکردنی سوزوکی لەبواری گۆرانی و موزیک بۆ پێداگری و جەختکردنەوەی بەردەوامی بوو، لە تەمەنێکی زۆر زووی مرۆڤ کە تەمەنی منداڵی بوو لە سێساڵی تا پێنج ساڵی.

٣- گرینگی پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی سوزوکی بۆ تەواوکردنی کەسایەتی و بەهێزکردنی کارامەیی و گۆڕانی هەڵسوکەوتی تاکە بەگشتی و منالە بەتایبەتی. (حداد، ٢٠١٦، ١٨).

٤- قوتابخانە یابانییەکان لەبواری پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک توانییان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەپەیڕەوکردنی ڕێگاکانی سوزوکی لەبواری ڕاهێنانی منالّ بە ژەنین لەسەر ئامێرە موزیکییەکان، بەشێوەیەک کە سوودی تەواوی هەبێت بۆ هەستەوەرەکان بەگشتی و لایەنەکانی فیسیۆلۆجی جەستەیی لە منالّدا بەتایبەتتر. (suzuki,1930, 2 )

٥- بەپێی بیروبۆچوون و تێڕوانین و فەلسەفەی سوزوکی گۆرانی و موزیک لەناخی هەموو تاکێک بەڕێژەی جیاواز بوونی هەیە و لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنێکی گونجاو دەتواندرێ بەرەوپێش ببردرێت.

٦- دووبارە بەکارهێنانەوەی ڕێگا کۆنەکان و گەشەپێدانی هونەری لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و گونجانیان لەگەڵ بابەتە موزیکییەکان، بۆ زیرەکی و کارامەیی شینیتشی سوزوکی دەگەڕێتەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

٧- جۆراو جۆری و بەکارهێنانی زیاتر لەڕێگایەک بۆ پەروەردە و فێرکردنی منالان بەگۆرانی و موزیک خالێکی تری سەرکەوتنەکانی

سوزوكی بوون لەبوارەكەدا.

٨. سوزوكی لەكارە موزیكییە نوێكان، گرینگی بەكارە سەركەوتووەكانی ئەم دانەرانە دەدا  كە لە توپەكانی موزیكدانان بوون و كەسایەتی دیاری ناوچەكە بوون.

٩. سوزوكی لەماوەی ٩٩ ساڵی تەمەنی زۆرترین خەڵات و ڕێزلێنان و بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشرا لەمانە: دكتورا فخرية في الموسيقى، جامعة لويسفيل ١٩٦٧، دكتورا فخرية في الموسيقى، معهد نيو انجيلاند للموسيقى ١٩٦٦، وە دوا بڕوانامەی دكتورا فخرية في الموسيقى، معهد اوبرلين للموسيقى لە  ساڵی ١٩٨٤.

## ٨- دەرەنجامەكانی تێڕوانین و فەلسەفەی قوتابخانەی سوڵتان كۆدای

١. كۆدای مامۆستای زمانەوانی و فەیلەسوف و توێژەرێكی بەناوبانگی موزیكی هەنگاری كۆنە، زۆرترین خزمەتی بە بواری پەروەردە و فێركردنی گۆرانی و موزیكی هەنگاری (مەجەر) گەیاندووە، بەتایبەتی لە تێزی دكتۆراكەی بەناونیشانی (كۆكردنەوەی گۆرانییە میللییە كۆنەكانی هەنگاری لە سەردەمانی زوو لە لادێكان)، وەك بناغەی كاركردن لەسەر موزیكی هاوچەرخی هەنگاری تا ئەمڕۆش كاری لەسەر دەكرێت.

٢. لەساڵی ١٩٤٩ وەك سەرۆكی فەخری ڕێكخراوی موزسیانانی مەجەری هەڵبژێردرا و ٨٥ هەشتا و پێنج ساڵ لەم ڕێكخراوە كاری بۆ بەرەوپێشبردنی گۆرانی و موزیكی هەنگاری كردووە.

٣. لەنامەیەكی كۆدای بۆ(بلا پاڕتوك) ئەنجامی گەشتە دوورو درێژەكەی ساڵی ١٩٠٠ دەركەوتووە، كۆدای بەمەبەستی گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتی گۆرانی و موزیكی هەنگاری ئەم گەشتەی ئەنجام داوە، هەروەك لەنامەكەیدا ڕوونتر دەڵێ: (لەم گەڕانەم زۆر تێنووی

دۆزیتەوەی ڕۆحی گۆرانی و موزیکی هەنگاریم)، دواتر لەساڵی ١٩٠٧ لە پاریس لە موزیکەکانی (کلۆد دیبوسی) توانیویەتی بیاندۆزێتەوە.

٤.کۆدای لەساڵی ١٩٢٥ دەستی بەهەڵمەتێکی نەتەوەیی فراوانکرد لەدژی نەخوێندەواری و قەلاچۆکردنی نەفامی موزیکی لە هەنگاریا (مەجەر)، بۆئەم مەبەستەش فێرخوازەکانی هاوکاری و یارمەتیی باشیاندا لە بڵاوەپێکردنی فەلسەفە و بۆچوونەکانی.

٥.کۆدای هەڵسا بەگۆڕینی میتۆدی پەروەردەی سەرەتایی لەبواری گۆرانی و موزیک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، ئەم کارەشی بەگۆڕینی میلۆدییەکان بوو لە شێوازی (مونۆفۆنی) بۆ شێوازی میلۆدیی (پۆلی فۆنی)، هەربۆیەش لەکارە (کۆڕاڵ)یەکانی زیاتر کاری بۆ گۆرانی منالان کرد و لەکارەکانی گۆرانییە میللییەکانی مەجەری بەکار دەهێنان بۆ پەروەردەکردنی منالان.

٦. لەساڵی ١٩٢٩ توانی ١٣ کۆڕاڵی منالان بنووسێتەوە و لەدوو ئاهەنگی پەروەردەییدا بە هاوکاری (٧٠٠) فێرخواز پێشکەشی کردن، ئەم کارەش بەگەورەترین سەرکەوتنی ڕێگاکەی کۆدای هەژمارکرا لە قوتابخانەکەیدا، بەم جۆرەش تا ساڵی ١٩٣٤ توانی ١٥٠٠ منال ئامادەبکات بۆ ئاهەنگێکی موزیکی بەناونیشانی (شەوانێکی کۆڕاڵی منالانی کۆدای)، بۆگەورەترین میهرەجانی هەنگاریا، ئیتر ئەمە بووە هۆی دامەزراندنی جوولانەوەی گۆرانی و موزیکی گەنجان لە هەنگاریا (مەجەر).(Zoltan Kodaly, 1967, 34 )

٧. فێربوونی صۆڵفێج و گۆرانی و موزیک لە تەمەنی سەرەتای دەستپێکی منال ڕێگایەکی سەرکەوتووی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای بوو لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا.

٨. دەستنیشانکردنی جۆر و شێواز و بابەتە موزیکییەکان لە پەروەردە و فێرکردنی موزیک، لایەنێکی هەرە گرینگە لە لایەنەکانی مانەوەی ناوی کۆدای لەبواری پەروەردە و فێرکردن، چونکە کۆدای

هەمیشە لەدەستنیشانکردنی بابەتەکان جەختی لە بەکارهێنانی یارییە منالانەییە کۆنەکان دەکردەوە، لەپڕۆسەی پەروەردەدا.

٩. جەختکردنەوەی کۆدای بۆ گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری و میللییە کۆنەکان و دووبارەکردنەوەیان لەپڕۆسەی پەروەردەکردن و ئاشناکردنی منالان بەخوێندنەوەیان پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە هزری منالەکان بونیات دەنا، بەمەش کاتێکی کەمتر و ماندووبوونێکی کەمتر پێویست دەبوو لەڕاهێنانی نەوە نوێکان بەگۆرانی و موزیکی ڕەسەنی ناوچەکانی خۆیان.

١٠. فەلسەفەی کۆدای لەپڕۆسەی پەروەردەدا دوو ئامانجی گەورەی پێکا، ئەوانیش یەکەم/ قەلاچۆکردنی نەفامی (جاهیلیەتی) موزیکی بوو لەڕووی نووسین و خوێندنەوە، دووەم/ پەروەردەکردن و توانای دەستنیشانکردنی موزیکی ڕەسەن و بەپێز و جیاکردنەوەیان بوو لەکاری موزیکی کرچوکاڵ و ناڕەسەن.

١١. کۆنفڕانسی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٤ی داڤۆس لە بواری پەروەردە و فێرکردن، گەورەترین ڕۆڵی گێڕا لە دەرکەوتنی ناوی کۆدای، فەلسەفەی، قوتابخانە و ڕێبازەکەی لەنێو تەواوی جیهاندا. لەڕوونکردنەوە و پێشکەشکردنی ڕێگای تازە لەبواری پەرەپێدانی پەروەردەی موزیکی لەناو پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و گەشەی مرۆیی. ڕێگاکەی کۆدای بووە جێگای سەرنجی ئامادەبووان و تاوەکو ئەمڕۆش بەیەکێک لە ڕێگا سەرکەوتوو و زیندووەکان لە بواری پەروەردەی موزیکی کاری لەسەر دەکرێت. چونکە کۆدای لەم هەنگاوەیدا مەبەستی تەنها فێربوون و گەشەی گۆرانی و موزیک نەبوو لە پەروەردە و فێرکردندا بەڵکو لەم ڕێگایەدا گرینگی بەلایەنەکانی فەلسەفە، زانستی کۆمەلایەتی، سیاسەتی هونەری، ڕێگاکانی ژیانکردن دەدا.

**٩- ئەنجام**

١-گۆڕینی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ناپەروەردەیی بە ڕەفتاری پەروەردەیی گونجاو لەڕێگای پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە تەمەنی منالّیدا.

٢-هێورکردنەوە و ڕاهێنانی منالّ بەئارامی و لەسەرەخۆیی لەڕێگای پەروەردەکردن بەگۆرانی و موزیک، یەکێکە لە گرینگترین دەستکەوتە پەروەردەییەکان لە تەمەنی سەرەتایی.

٣-فراوانکردنی ئاستی زانیاری و هزری منالّ بەگۆرانی و موزیک، لەبری خوێندنەوە و نووسین لەسەرەتای دەستپێکی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە قۆناغەکانی دایەنگەدا.

٤-بەهێزکردنی هەستی بیستن و گوێگرتن لەلایەن منالّ لەڕێگەی ژەنینی موزیک و دەربڕینی گۆرانی.

٥-ئاشناکردنی منالّ بەگرینگی کاری بەکۆمەڵ و هاوکاریکردنی یەکتر، لەڕێگای گوتن و ئەنجامدانی گۆرانی و موزیک لە بۆنەکاندا.

٦-بەرەوپێشبردنی هەستەکانی بینین، بیستن، گوتن، جوولّە، لەیەککاتدا، لەئەنجامی جێبەجێکردن و پڕاکتیزەکردنی کاری هونەری گۆرانی و موزیک.

٧-ئاشناکردنی منالّ بە زمانێکی جیهانیی یەکگرتوو، کە زمانی موزیکە.

٨-بەهێزکردنی ئنتیمای نیشتمانی لەڕێگەی سروودە نیشتیمانییەکان.

٩-بەهێزکردنی کەسایەتی منالّ، دروستکردنی متمانە و باوەڕ بەخۆبوون، لە ئەنجامی دەربڕینی گۆرانی بەشێوەی تاک لایەنە (صولو).

١٠- ڕاهێنانی منالّ بە ئەزبەرکردنی زۆرترین تێکست و زانیاری، لە کەمترین کات، بەهۆی پەروەردەی گۆرانی و موزیک.

**١٠- ڕاسپاردەکان**

١. گرینگیدان بە گۆرانی و موزیکی نەتەوەیی، فۆلکلۆری، میللی، وەبەکارهێنانیان لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە سەرەتاییەکان.

٢. ڕاهێنانی منداڵان و پەروەردەکردنیان بەگۆرانی و موزیک لە قۆناغەکانی داینگە و باخچەی ساوایان.

٣. تەرخانکردنی هۆڵی تاقیگەی موزیکی لە نێوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن.

٤. گرینگیدانی زیاتر بەبابەتە هونەرییەکان بەگشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی لە خوێندنگاکان.

٥. دابینکردنی مامۆستا و پسپۆڕی تایبەت بەبابەتە هونەرییەکان.

٦. ئامادەکردنی میتۆد بۆ وانە هونەرییەکان و گۆرانی و موزیک بەگوێرەی تەمەن، قۆناغ، توانا جەستەیی و هزرییەکانی فێرخواز .

٧. زیادکردنی بەشە وانەی هونەری و ڕێکخستنەوەی خشتەی کاتەکانی بابەتە هونەرییەکان و ئەنجامدانیان لە کات و ساتی دیاریکراو، نەک پشتگوێخستنیان و بەکارهێنانیان لەخزمەت بابەتەکانی تری زانستی.

٨. دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆر بەوردتر و بە بەرپرسیاریانەترەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتە هونەرییەکان بەگشتی و موزیک بەتایبەتی بکەن. چونکە موزیک ناسنامەی میللەتەکانە.

٩. کۆکردنەوەی گۆرانی و موزیکە ڕەسەنەکان، نوێکردنەوەیان و کارکردن لەسەریان و بەقالب کردنیان وەک موزیکێکی جیهانی لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار بەگۆرانی و موزیک.

١٠. بە نۆتەکردن و شیکردنەوەی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری و میللییە کوردییەکان لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکە و بەکارهێنانیان لەمیتۆدی خوێندن لەپەروەردە و فێرکردن بەپاڵپشتی سەرپەرشتیاران و بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە.

### ۱۱. پێشنیاز

١- گرینگیدانی زیاتر بە بواری گۆرانی و موزیكە ڕەسەنە كوردییەكان.

٢- كردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەكان و كۆلێژی هونەر لەگشت شار و شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان.

٣- كردنەوەی دەزگای هونەری تایبەت بە گۆرانی و موزیكە میللی و فۆلكلۆرییە ڕەسەنەكان.

### ١٢- سەرچاوەكان

#### ١٢ -١- سەرچاوە كوردییەكان/ پەرتووک


١- نیكتین، باسل: (٢٠٠٣)، الكرد دراسة سوسولوجیة وتاریخیة، دار ئاراس للطباعة والنشر، هولیر.

٢- قرداغي، محمد على: (٢٠٠٧)، ورود الكرد في حدیقة الورود، دار ئاراس للطباعة والنشر، هولیر.

٣-مردۆخ، شیخ محمد مردۆخی كوردستاني: (٢٠١١)، مێژووی كورد و كوردستان، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.


#### ١٢-٢- سەرچاوە عەرەبییەكان/ پەرتووک


١. الخولى، د. سمحة: صدرتالسلسلةفیبنایر ١٩٧٨ بإشرافأحمدمشاریالعدوانی ١٩٢٣ ـ ١٩٩٠، القومیة فیموسیقى القرن العشرین"، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والأدب، قاهرة.

٢. جادالله، أ. خلیفة محمد: (٢٠١٢)، الموسیقا ودورها الریادى فى تطور نمو الطفل وتنشئته تربویا، قسم العلوم الموسیقیة، كلیة الفنون الجمیلة، جامعة النجاح الوطنیة، فلسطین.

٣. الهاشمي، أحمد (١٩٧٩)، میزان الذهب في صناعة شعر العرب، مكتبة المتنبي، بغداد.

٤. ل. میخیفا (٢٠١٤)، القاموس الموسیقي في حكایات، الطبعة الاولى، دار علاء الدین للنشر والتوزیع والترجمة، سوریا دمشق.

٥. ابراهیم، مهدى (٢٠١٤)، مبادئ العلوم الموسیقیة، الطبعة الاولى، دار علاءالدین للنشر والتوزیع والترجمة، سوریا دمشق.

٦. الزهوري، بهاء الدين (٢٠٠٢)، المنهج التربوي الإسلامي للطفل، مطبعة اليمامة، حمص.
٧. محجوب، عباس (١٩٧٨)، أصول الفكر التربوي في الإسلام، دار ابن كثير، دمشق.
٨. الملاح، د. محمد (٢٠١٠)، مبادئ علم الكونترابنط " The Fundamentals Of Counterpoint Sciencr، اربد جامعة اليرموك، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى، مكتبة الظلال للطباعة والنشر، يرموك.
٩. رباع، د. احمد (٢٠١٧)، تاريخ علوم الموسيقى عند العرب وعند العجم، معهد الموسيقى في الدار البيضاء.

**١٢-٣- گۆڤارە زانستییەکان**

١- ابراهيم، أ.د.أميمة عبد الحميد : محمد، م.د.أحمد طارق : قنديل، ريم محمد أسعد: (٢٠٢٠)، المصادر الأساسية التي أسهمت في تكوين مفهوم زولتان كوداي في تدريس الموسيقى، مجلة علوم وفنون الموسيقى ، كلية التربية الموسييقية، مجلد٤٢.
٢- عواد، م.د.أحمد محمد أحمد (٢٠١٨)، تنمية التذوق الموسيقي والقدرة العزفية لدي الطفل من خلال مدرسة سوزوكي لتعليم آلة الكمان، مجلة علوم وفنون الموسيقى، مجلد ٣٨.
٣- مصطفى، أ.د.عبد العظيم السعيد : خليل، أ.د.امال حسين : زيد، د.سلوى حسن : خليل، شيماء عبد العزيز جاد (٢٠١٦)، تطوير منهج النشاط الموسيقي للمرحلة الابتدائية، مجلة بحوث التربية النوعية في ضوء معايير الجودة والاعتماد، عدد٤٢.
٤- ساده، ايف : حداد، رامى (٢٠١٦)، بيئة التعليم الموسيقى المدرسي في الاردن" الواقع والتحديات"، دراسات العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد٤٣، العدد٣.
٥- النجار، أ.م.د.هيام على سليمان : معروف، د.أحمد عبدالله : عبدالودود، أ.هدير نبيل (٢٠١٩)، الاستفادة من العمل الغنائي" اشهد "لياسمين الخيام في تنمية الاداء الغنائي للمقامات العربية، مجلة كلية التربية النوعية للدراسات التربوية والنوعية، العدد٩.
٦- زيتون، منى مصطفى (٢٠١٨)، فاعلية برنامج قائم على التخيل الموجه في تنمية بعض مهارات التربية الموسيقية لدى طالبات المرحلة الثانوية، مجلة علوم والفنون الموسيقي، كلية التربية الموسيقية، المجلد ٣٩.

٧- توفيق، مرام جلال (٢٠١٨)، دور الاغنية الفرنسية للاطفال في تعليم النطق السليم لبعض مفردات اللغة الفرنسية، مجلة علوم والفنون، كلية التربية الموسيقية، المجلد ٣٩.
٨- الشرقاوي، صبحى : حداد، رامى نجيب : الماضي، عزيز (٢٠١٢)، دراسة تطبيقية لاستخدام الاغنية في اكتساب طفل الروضة مفاهيم جديدة، دراسات، العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد٣٩، العدد٣.
٩- حداد، رامى نجيب (٢٠١٦)، اثر تعليم الموسيقى في المدرسة على الصحة النفسية للطلبة وتحفيزهم على التعليم، دراسات نفسية وتربوية، مختبر تطوير الممارسات النفسية والتربوية، عدد١٧.
١٠- هاشم، حسنين نواب (٢٠٢٠)، دور الموسيقى في تنمية الجانب النفسي عند الطفل العراقي، مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع، العدد٦٠.
١١- ابوبكر، طارق الشيخ (٢٠١٥)، الموسيقى ذات المستوى الثقافي حتمية لعب الدور التربوية وحمل الصفة الامتاعية، مجلة العلوم التربوية، العدد٢.
١٢- الخزرجي، أ.د. ماجدة عبد الاله (٢٠١٩)، المدارس الصديقة للطفل ودرجة توظيفها لمهارات التعليم الفعال، الطفولة والتنمية، مجلة متخصصة، علمية، محكمة، العدد٣٤.
١٣- سلوم، أ. سلوم درغام (٢٠١٩)، البعد التربوي والسلوكي والمعرفي للاناشيد في تنمية ثقافة الطفل، الطفولة والتنمية، مجلة متخصصة، علمية، محكمة، العدد٣٤.
١٤- كمال، أ.م.د. نسرين مبارک : حسن، أ.م.د. بدريه حسن على (٢٠١٩)، برنامج مقترح قائم على القصة الرقمية فى تنمية بعض مهارات الغناء والقيم لدى طفل الروضة، مجلة علوم والفنون الموسيقى، كلية التربية الموسيقية، المجلد ٤١.
١٥- العطار، أ.م.د. نيللى محمد سعد (٢٠١٧)، فاعلية برنامج انشطة موسيقية في تدريب اطفال الروضة على سلوكيات الاعتذار الفعال لقبول طلب التسامح، مجلة الطفولة، العدد ٢٧.
هەیە. پاشان هەر خودی ڕۆمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندییەک کەوا بەرجەستەی دەکاتەوە لە ئەنجامی ئەو بەیەکەوە گونجاندنەی لە سەرەوە باسمانکردووە، شێوە تێگەیشتنێکمان بۆ دروست دەکات، کەوا ئارکیۆلۆژیا لەنێویدا باس و تەوەری سەرەکییە. بەو مانایەی هەر بابەتێک بگێڕدرێتەوە، جا زانستی بێت یاخود مێژوویی، ئەوا ئارکیۆلۆژیا خودی باسەکەی بەردیدە خستووە و لە دونیای تێڕامانی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕەگەز و بنەمایانەوە دەچنەوە سەر یەکتر، هەربۆیەش پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان، لەو کلاوڕۆژنانەوە سەرچاوە دەگرێت، کەوا بەردەوام ڕووداوەکانیان لە ڕابردوودایە، بەمەش لەو ڕێگەیەوە سیستەمێکی ئاڵۆزی گێڕانەوە بەرجەستە دەبێت و لەمەش زیاتر پەیامێکیش لەخۆیاندا هەڵدەگرن، بەوەی گەرچی ڕووداوەکان لە ڕابردوو ڕوویانداوە و بووەتە بەشێک لە یادەوەری، لە هەمانکاتدا بۆ ئێستا و ئایندەشە. جا دەشێ جۆرێک لەو دیرۆک و بەسەرهاتانەی ڕۆمان دەیگێڕێتەوە لە هەموو سات و کاتێکی دیارینەکراو ڕووبدەن، لەهەر جوگرافیایەکی ئەم سەر زەمینە بێت. ئەم شێوە نووسینە لەو بەرهەم و کارە ئەدەبییانەیە کە بەردەوام زیندوون و لەناو فەزای گێڕانەوەدا ژیانی دەق بە سیحرێکی تر وێنا دەکەن. ئێمە ئارکیۆلۆژیا بەکاردێنین وەک خاڵێکی پەیوەست بۆ دەرخستنی تایبەتمەندی ئەو شێوە نووسینەی ڕۆمان، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کەوا لە کۆتاییدا خاڵێک هەیە کۆی ڕۆمانەکە لە چواردەوریدا کۆ دەبێتەوە و بەیەکەوە گونجاندنی بۆ شتەکان دروست دەکات، ئەمەش لە ژێر ڕۆشنایی لۆژیکییانەی گێڕانەوەی شتە باسکراوەکانی پێشوو دەبێت. بەو مانایەی لۆژیکێک هەیە شتەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دۆخێکی قایلکەرانە بۆ بارودۆخ و شتەباسکراوەکان دروست دەکات.

بۆ ئەوەی ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان لە چەند پاژێک بەیەکەوە ببەستینەوە، ڕای میشێل شانکس وەک ئارکیۆلۆژست و نووسەر لەم بوارە بە هەند وەردەگرین، هەربۆیە میشێل شانکس(Michael Shanks)، سەبارەت بە ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان، پێیوایە لەم خاڵانەی خوارەوە تێکەڵکێشی یەکتر دەبنەوە:

**یەکەم/ وێنە خواستن(خوازە)**

لە ئارکیۆلۆژیادا، وێنە خواستن وەک پرۆسەیەکی گرنگی ئەم زانستە سەیر دەکرێت، لە کەرەستە و پاشماوە جێماوەکانەوە، وێنەیەک بەرهەم دەهێنرێت لەسەر بنەمای تۆپۆگرافیی شوێنەکە مەزەندەی بوونی ئەو شێوە وێنەخواستنە دەکرێت، ئەمەش کۆمەڵێک دەلالەت و ئاماژەی قووڵی هەیە، کەوا لە سیحری ناشوێنێک دەوەستێ و لە دونیای دەرەوەی نیشتەجێبوونی خۆت دەڕوانێ، کە بۆنی جوانی شتەکان و دونیای ژیان و دەیان شتی تری لێوە دێت، هەروەک میشێل شانکس وای بۆ چووە، وێنەخواستن لەنێو دونیای ڕۆماندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا ئارکیۆلۆژیا لەنێوان وێنە خواستن و پاشماوەکانی ڕابردوو، پەیوەندییەک دەسازێنێ، کەوا کاریگەری لەسەر شێوەی دانەوەی زانیارییەکان هەیە، ئەمەش کاتێک نووسەر باس لە ڕووکاری شتە ماددییەکانی وەک قوللە، قەڵا، دەرگا و باڵەخانەکان....هتد، دەکات (Shanks،2012 , 145). لە کاتێکدا لە دونیا و سەردەمی ژیانی خۆیاندا، هەر شتێک وەک خۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە لە دونیای بیرکردنەوەدا، هیچ شتێک بە قەد وێناکردنی ئارکیۆلۆژیانە خودان پانتاییەکی جوگرافی و کەلتوور، مەزهەب و ئایین نییە. هەروەکو (جۆیس گێڵ) و هاوڕێکانی لە کتێبی ئەدەب و ئارکیۆلۆژیا، دەڵێت: ((ئەمە میتۆدێکە کە بە جۆرێک لە ئەدەبی ئارکیۆلۆژیدا وەسفی دەکات، کە تیایدا لەسەر بنەمای هەندێک زانیاری و کەمێک لە پێشبینیکردن،

گەشتت بۆ شوێنێک پێدەکەن بۆ ئەوەی لە پاشماوە جێماوەکانەوە دووبارە بنیادنانەوەی جیهانەکەی ببینی)) (Gill, Mckenzie and Lightfoot, 2018, 2)، هەر بۆیەشە وێنەخواستن لە شێوە ئارکیۆلۆژییەکەیدا بە شێوەیەک جەنجاڵە تێکەڵبوون و تێکچڕژانی شتەکان دەئاڵۆزکێن، زۆرجار دەگاتە سنوورەکانی مەحاڵ چونکە تا بەیەقینی شتێک دەگەیت، شتێکی دیکەت لێوە دەردەکەوێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە دەست گەیشتنە بە رابردوو، هەروەها دۆزینەوەی ئامرازێکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی رەسەنیەتی و پەیوەستبوونە بە شێوەی ژیان.

سەرباری گشت هەوڵە ماندووکەرەکانی وێنە خواستن، رۆمان بە هەمان شێوەی ئارکیۆلۆژیا دیمەنێکی کاریگەر دروست دەکات، پتر شتومەک و دیمەنە لەبیرکراوەکانمان لە بیرەوەریدا دەهێڵێتەوە، لێوانلێوە لە شتومەکی بە وردی و بە هەستیاری چنراو، لەم نێوەندەدا هاوکێشەیەک دێتە کایەوە کەوا وێنە خواستن و وەرگێڕانی بۆ وشە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە و دوو جەمسەری هاوکێشەیەک پێکدێنن، بە هاوسەنگکردنی ئەم دوو جەمسەرەش گوزارشت لە خودی وێنە خوازراوەکان دەکرێت، ((ئەم شێوە وێنە خواستنە، پێویستی بە بەهرەیەکی تایبەت و چاوێکی زۆر وردی گەرەکە بۆ وێناکردنەوەی شوێنە ئارکیۆلۆژییەکان)) (Gamble,2001, 81). وێنەخواستنی ئارکیۆلۆژییانەی نێو رۆمان، سەرباری وەسفکردنی دونیای تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین، ئەوا بۆن، دەنگ، تام و دەرەنجامی هەستەکانی دەست لێدانیش بە دەوڵەمەندییەک وەسف و وێنا دەکات، کەوا لە توانای هیچ ژانرێکی تری ئەدەبیدا نییە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. لەم نێوەندەدا میشێل شانکس وای بۆ چووە کەوا، ئەم شێوازی وێنەخواستنەی نێو دونیای رۆمان لەنێوان نەریت و داهێنانەکانی مرۆڤی پێشین، بیرۆکەیەک بۆ شێوە ژیانی مرۆڤی سەردەمی ئێستا دروست دەکات، هەر بۆیەشە (جولیان تۆماس) بۆ ڕای (هیگڵ) گەڕاوەتەوە و خواستن و

وێناکردنی دونیای تێدا ژیاوی تاک بە ((پرۆسەیەکی گرنگ و ڕۆحی زانیوە، پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک پەیوەستە بەو هارمۆنیەتە گونجاوەی کایەکانی ژیان، چونکە لە کۆتاییدا هەموو لایەنەکانی دونیای تاک، لە هارمۆنیەتەوە، یەک پۆشییەک دروست دەکەن))( Thomas, 1996, 37). ڕۆمان لە ڕێگەی ئەم وێنە خواستنەوە، دەبێتە هۆی بینینی دیمەنێکی گشتی زەمەن و زەمینێک، بە وشە وێناکراوە، بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانە لە ڕێگەی وێناکارییەوەیە و زۆر شتی تێدایە تەنها لە ڕێگەی وشەوە چێژیان لێوەردەگرین، بەمەش دەتگەیەنێتە قووڵاییەکی تێڕامانی سەرسوڕهێنەر. لە کاتی خوێندنەوەی ئەم شێوە ڕۆمانەدا، چەندین دیمەن بە بەرچاومان تێدەپەڕن، وێنە بە شێوەیەکی زۆر تایبەت بەکاردێت، بۆ ئاماژەدان بە وەسفێکی دیاریکراوی بینراوی ئامانجێک یان هەستێک، بە تایبەت ئەگەر وەسفەکە ڕوون و تایبەت بێت،زیاتر بە وشە، دیالۆگی نێوان کەسەکان، گەمەکانی وشە، ناکۆکی، دژبەری یان بەو بیرۆکانەوە سەرقاڵ دەبین، کە لە چوارچێوەی ئایدیای ڕۆمانەکە شوێنی بۆ کراوەتەوە. لەم بارەیەوە (ئۆرهان پامۆک) سەبارەت بەم شێوە کارکردنەی بونیادی ڕۆمان دەڵێت: ((نووسینەوەی ڕۆمان، بریتییە لە دروستکردنی نیگار بە وشە و خوێندنەوەی ڕۆمانیش ئەوەیە بە وشەی کەسانی تر، لە هزری خۆماندا نیگار بەرجەستە دەکەین(شوانی،٢٠١٦، ١٠٧). کەواتە لێرەوە تێدەگەین ڕۆماننووسان، بە بەرجەستەکردنی وێنە، دیمەن و شتومەک، لە زەینماندا کاری خۆیان دەکەن. لەبری بەسەرهات یەک لە دوای یەک وێنەی لەبیرنەکراو بۆ خوێنەران دەکێشن و لەوێدا ڕۆماننووسێکی وێنە خوازە. هەست دەکەین هەندێکجار بە وشە و هەندێک جاری تریش بە وێنە بیر دەکەینەوە، زۆربەی جاریش لەمیانەوە باز بۆ ئەوی تریان دەدەین. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کەوا ئەو وێناکردنانەی نێو ڕۆمانەکان لەبەرئەنجامی تێڕامان و سەرنجدانی ئەو جێماوانەیە وەک بەرهەمی

تێفکرین و دەستکردییانەی لە رابردوو ماونەتەوە. لەبەر ئەوەی وێنەخواستن و پاشان جێکەوتەبوونی لەنێو رۆماندا بە پشتبەستن بە ئەزموونە سادەکانی ژیان و بەو ئەزموونە بیستراوانەی کە تەنانەت هەندێکجار لە کاتی روودانیاندا هەستیان پێناکەین، بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. ئەم شێوە مامەڵەکردنە بە پێداچوونەوە و زیندووکردنەوەی رابردوو بە مەبەستی ناساندنەوەی خەون و خولیای پێشین ناوزەد دەکرێت.

## دووەم/ وێناکردنەوەی شوێن

بەو مانایەی ئامادەیی و بوونی کۆمەڵێک خەڵک(نەتەوە)، لەسەر زەمینێک لە رێگەی ئارکیۆلۆژیاوە نیشان دەدەین. ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین رەهەندی ناسیۆنالیزم و نەتەوەییانەی ئارکیۆلۆژیا نییە، بە قەد ئەوەی رەسەنیەتی و خودانماڵی نەتەوەیەک لە زەمەن و سەرزەمینێک نیشان دەدات. نیشاندانەوەی شوێن لە تێگەیشتنی ئارکیۆلۆژیاوە، نیشاندانەوەی جوگرافیایەکە، کە تیایدا دونیای مرۆڤی لێوە دەرخراوە، ئەمەش بۆخۆی فرە جەمسەرە، لە سەرێکەوە ئەم شوێن و جوگرافیایە لە بەرەنجامی هەوڵ و کۆششی تاک لەلایەک و ئامرازە داهێنراوەکانی، بەپێی تێپەڕبوونی کات پەرەیسەندووە، چونکە ئەمە هەروا سادە نییە، کاتێک زەوییەکی بەتاڵ لە رێگەی چالاکییەکانی مرۆڤەوە دەشێ بگۆڕدرێ بۆ شوێن، چونکە ئەم زەوییە بەتاڵە لە سەرەتادا هیچ پلانێکی ئاوەدانکاری رەنگینەداوەتەوە، کاتێک شوێنێک وەکو شوێنی ئارکیۆلۆژی نیشان دەدرێتەوە، پەیوەندی بە ئاستی فرەیی بیرکردنەوەی مرۆڤ هەیە لەم شوێنە. بۆیە دەشێ ئارگیۆمێنتێک بسازێنین و بڵێین بۆئەوەی لە ڕابردوو تێبگەیت دەبێت لە شوێنەکان تێبگەیت.

لەوەتەی مرۆڤ هەیە بە گرنگییەوە لە شوێنی ڕوانیوە، ئەمەش بۆ ئەو کارلێکە بەردەوامەی دەگەڕێتەوە، کەوا بۆ گشت کایەکانی ژیانی لە هەوڵی سەوداسەریدا بووە. پتر لەمەش شوێن بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، وەکو چەقێک وایە گشت ڕووداوەکانی لە دەور دەخولێتەوە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کەوا شوێن وەک تۆپۆلۆژییەک لەخۆگری ئەو ڕووداوانە بێت وەک واقیع لەو شوێنە ڕوویداوە، لەبەر ئەوەی ناکرێت ڕووداوێک یاخود چەند ڕووداوێک باسبکرێت و پەیوەندی بەو زەمەن و شوێنەوە نەبێت. لە دیدی میشێل شانکس(Michael Shanks)، لە وێناکردنەوەی شوێنی ئارکیۆلۆژیدا، پێویستە گونجاندنێکی تەواوەتی لە نێوان شوێن و ڕووداودا هەبێت، هەروەها سۆزێکی سەرنجڕاکێشیش دروست بکات، کەوا هەست بکرێت ئەم ڕووداوە لەم شوێنە ڕوویداوە(Shanks،2012, 146 ). لێرەدا، مانای ئەوە نییە شوێنێکی لەهیچەوە دروست کردبێت، بەڵکو هەر زانیارییەک دەیبەخشێ، لەچوارچێوەی واقیعی ماددییانەی زەمەن و سەردەمێک بەدەر نییە. لە وێناکردنەوەی شوێنی ئارکیۆلۆژی، لە شێوە گشتییەکەیدا تابلۆیەک دەنەخشێندرێت، تیایدا ژیانی کۆمەڵگەیەک، نەتەوە و ئایینێک خوڵقاندوویەتی. بۆیە بەر هارمۆنییەتێک دەکەوین، هیچ شتێک لەنێو ئەو هارمۆنییەتەدا ناشیرین نییە، هەموو هاوئاهەنگی و هاوکێشی و چوونەوە ناویەکی ئێستاتیکییانەی تێدایە. چونکە هەر سەردەمێک گوزارشت لەو ئەقڵیەتە دەکات کەوا کاریگەری بەسەر نەخشاندن و وێناکردنی ئامراز و کەلوپەلەکانەوە هەیە، لەمەش زیاتر دەتوانرێت سەردەمەکان لە ڕێگەی نیشاندانەوەی شوێنە شوێنەوارییەکان بناسرێنەوە. لەم بارەیەوە میشێل شانکس دەڵێت:((شوێنە ئارکیۆلۆژییەکان تەنیا پێکهاتەیەکی بونیادی چیرۆکی خەیاڵی یان ئەفسانەیی نین، بەڵکو زۆر گرنگن بۆ نیشاندانەوەی مێژووی ڕووداوەکان))(Shanks، 2012, 131 ). وێناکردنی شوێنی ئارکیۆلۆژی

مەبەست لێی، ئەتمۆسفێر و فەزایەکی سیحراویمان لەبەرچاو بەرجەستە ناکات، بەڵکو پەیوەستن بە زەمەن و زەمینێک، پاشان قووڵبوونەوە لە شتەکاندا دەبێتە مایەی خوڵقاندن و داهێنانێک، کە لە ئەنجامی کەشفکردندا جیهانبینییەکی نوێ دادەمەزرێنێ. لەم بارەیەوە کیفن گرین و تۆم مۆور(Kevin Green and Tom Moore)، پێیانوایە ((نیشاندانەوەی دیمەنی شوێنەواری، ڕێگەیەکە بۆ نیشاندانەوەی شوێن و تایبەتمەندی شێوە ژیانی فیزیکییانەی خەڵک و ئەو چالاکییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ئەنجامیانداوە))(Green and Moore,1995, 51). لێرەوە ئەوەمان بۆ بەدەردەکەوێت، نیشاندانەوەو وێناکردنەوەی شوێن لە دیدی ئارکیۆلۆژیا جگەلە نیشاندانی ئەزموونەکانی واقیعییەتی ژیان، هەوڵدەدات ئەندێشە و بیروبۆچوون و جەوهەری ناخی شتەکان دەستنیشان بکات. مرۆڤ دەباتەوە نێو داهێنانەکانی سەردەمەکەی و پەیوەستی دەکات بە مێژووی ژیانیانەوە، ئەم بەرجەستەکردنەش جۆرێکە لە هونەر، لەمیانی وێناکردن و نووسینەوەی رابردووی بەرجەستە دەبێتەوە، ئەمەش مانای وایە جیاوازیی نێوان سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ نیشان دەداتەوە.

بەهەمان شێوە ئەم گرنگیی پێدانەی شوێن بۆ ڕۆمانیش دروستە، لەنێو ڕۆمانیشدا شوێن چەقی قورسایی بابەتەکانە و گشت ڕووداوەکان بە شوێنەوە ڕەنگڕێژکراوە، بە جۆرێک تەواوی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی لەسەر هەڵێنجراوە. لە وێناکردنی شوێنی ئارکیۆلۆژییانەدا، پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لە ڕێگەی تێڕامان و تێدامانییەوە لەنێوان بەرهەستی و مەنتیق، نابەرجەستە و بەرجەستە، تاک و کۆمەڵگەی تێدا ژیاوی وێنا دەکات. ئەم شێوە لە وێنا پێدان و بیچم گرتنە، داهێنانێکی هونەرییانەی ئەوتۆیە پشت بە مەعریفەی ڕۆماننووس لەمەڕ سەرنجدان و تێڕامانی ئارکیۆلۆژیا و ژیانی دێرینانەی مرۆڤ دەبەستێ. لەم بارەیەوە (گاستۆن باشلار) لە کتێبی شیعرییەتی شوێن( the poetics of

space)، دەڵێت: ((ئێمە بە زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکان ئاسوودە دەبین، تاکە شتێکیش ئەو ئاسوودەییە فەراهەم دەکات، وێناکردنەوەیە، ئەمەش بەهایەکی رەسەنی خۆی هەیە)) (Bachelor,1994, p6). هەروەها گاستۆن باشلار، لەمەڕ رەنگدانەوەی ئارکیۆلۆژیا لەنێو تێکستی ئەدەبییەوە، وای بۆ چووە، ((وێناکردنەوەی ئارکیۆلۆژیا بنەمایەکی واقیعی هەیە و گوزارشتە لە سەردەمێک، وەک واقیع بوونی هەبووە، نووسەریش بەشێوەیەکی واقیعییانە وێناکردنەکە دەمەزرێنێ))
(Bachelor,1994, 36). لە ژێر رۆشنایی ئەم تێڕوانینەی گاستۆن باشلارەوە دەتوانین بڵێین وێناکردنی شوێنی ئارکیۆلۆژییانە لەنێو تێکستی ئەدەبیدا، خوێندنەوەیەکی زیندووە بۆ زەمەن و زەمینێکی لەنێوچوو، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی زیندوێتی ژیان و بینینی دونیای شتەکانی ئەو سەردەمەمان بەشێوەی واقیعییانەی خۆی هەبووبێت. بۆیە ئەم شێوە وێناکردنە بەرەو ئەو شوێنەمان دەبات، کە وەک بۆشاییەک ماوەتەوە و بۆتە پەراوێز، بێ ئەوەی ئێمەمانان لەو سەردەمەی ژیانی خۆماندا ئاگەداری ئەو پەڕاوێزخستنە بووبین. دونیای دروستکراوی نێو تێکستەکان شوێنە ئارکیۆلۆژییەکانیان بە جوانترین شێوە تێدا وێناکراوە، هەمیشە قابیلی قسە لەسەرکردن و راڤەکردن نەبوونە، ئەمەش ئەو راستییانە ناشارێتەوە، کەوا لەم تەرزە وێناکردنانەدا تێکست نابێتە سێبەری نووسەرەکەی، چونکە چۆنیەتی خستنەڕووی ئارکیۆلۆژییانەی نێو تێکستەکان، هیچ کاریگەرییەکی میتۆدی، هزری، تێڕوانین و بۆچوونەکانی بەسەر ئەو شێوە وێناکردنانەوە نییە. هەر بۆیەشە ئەم تەرزە نووسینە بە دەرە لەهەر دۆگمایەک و بۆچوونێکی پێشوەختە. (یاسین نەسیر) لە کتێبی (الرواية والمكان)، پێیوایە ((پێویستە لەنێوان شوێن وەک بوویەک و شوێن لە کاری هونەریدا هاوچەشنییەک هەبێت)) (نەسیر،١٩٨٠، ١٧). لە وێناکردنەوەی شوێنی ئارکیۆلۆژییانەدا بەر وێناکردنێک دەکەوین، کەوا

سیستەمێکی بەرفراوانی فیکری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە پشتەوە بەدی دەکرێت، وەک زانیاری زۆر شتیان خستۆتە ڕوو، ئەمەش جۆرێکە لە هونەر، کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە، کە ئەویش پێوەندییەکی هونەرییانەی نێوان واقیعی ژیان، کەلتوور و داب و نەریت.....هتد، مرۆڤە، بەمەش ئەرکی سەرشانی ئەم جۆرە وێناکردنەوەیە ئەوەیە دونیای تێدا وەسفکراوە بەشێوەیەکی هونەرییانە وێنە بکێشێ. جا هەر لەبەر ئەوەشە شوێن وەک بابەتێکی ئارکیۆلۆژی، کەوا مرۆڤ لە سەردەمێکدا بەرهەمی هێناوە، دەبنە کەرەستەی جوانکاریی هونەر.

**سێیەم/ شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەیان:**

ئەگەرچی بابەتی شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین، جۆرە ئاوەزمەندییەکی گەرەکە، پەیوەست بە دونیایەکی ئاڵۆز دەکرێت، لە پشت شتە دیار و نادیارەکانەوە وەستاوە، لە دەرەنجامی کۆی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی واقیع و بیرکردنەوەی ئەو سەردەم خۆی بەرجەستە دەکات. لە پەیوەندیدایە بە کۆمەڵێک ئاست، جا ئەو ئاستانەش دەشێ دۆخی ڕۆشنبیری، بیروباوەڕ، چۆنیەتی ژیان، دونیای بیرکردنەوەیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیانیان بگرێتەوە، ئەمەش بۆخۆی جارێکی دیکە بەهۆی ئارکیۆلۆژیاوە دەبردرێتەوە نێو پەیوەندییەکی ڕێکخراو، کەوا هەموویان بەیەکەوە بەشێوەیەکی سیستەماتیزەکراو خۆی دەنوێنێ. چونکە ناشێ تەنها لە ڕێگەی ماک و پنتێکی بچووکی نێو دونیای ئارکیۆلۆژیانەی سەردەمێکەوە، بە شێوەیەکی دیاریکراو شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە دەستنیشان بکرێت، یاخود تخووبەکانی دیاری بکرێت.

سروشتی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی مرۆڤی پێشین پەیوەستن بە دونیای ئارکیۆلۆژیا، ئەمەش بۆخۆی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پشت

بە بیرکردنەوە و داهێنراوەکان دەبەستێت. بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤەکان لە قۆناغ و سەردەمی ژیانیاندا هەڵسوکەوتی تایبەت بەخۆیان نواندووە، ئەم هەڵسوکەوتانەش، لە نێوان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سروشتی جەستەی مرۆڤەکان هارمۆنییەتێکی دروستکردووە، بەو مانایەی کۆمەڵگە و ژینگەیان پێک گونجاندووە. هەر لەم ڕوانگەیەوە میشێل شانکس وای بۆ چووە، (ئەبێت پەیوەندییەک لەنێوان شێوەی ژیان و ژینگەکەیدا هەبێت، ئەمەش بە دیوێکیدا دەرخەری بوون، بیر و زەینی تاکەکانە)(Shanks,2012, 146). لەم ڕوانگەیەوە قسەکردن لەسەر شێوەی ژیان و ژینگەی تێدا ژیاویان، هەر تەنیا قسەکردن نییە لەسەر کنە و پشکنین و دۆزراوەکان، بەڵکو قسەکردنە لە وزە متبووەکان و دونیای بیرکردنەوەیان، بەمەش ئەو پەیوەندییەی نێوان بوون و ئارکیۆلۆژیا ناکەوێتە نادیارییەوە، لە پرۆسەی قووڵبوونەوە و تێدا خوێندنەوەی داهێنراو و ئامرازەکانی تری ژیانیانەوە، ئامادەیی بوونی خۆیان بەرجەستە دەکەن. تیشک خستنە سەر ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ، ئەگەر لە سەرێکەوە مەبەست لێی ئامانجی پرۆسەی شوێنەوارناسی بێت، ئەوا لە سەرێکی دیکەوە مەبەست لێی بەدەستهێنانی زانیارییە لە ڕێگەی ئامراز و داهێنراوەکان کەوا وەک پاشماوە جێماون، ئەمەش هۆیەکە بۆ ناسینی کۆمەڵگە و ژینگەی بیرکردنەوە، جا دەشێ ژیانی سەردەمی ئێستامان و دروستکردنی مۆدیلەکانی ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەم بەراوردکردنێک بسازێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش میشێل شانکس ئەم ڕایەی سەرەوەی دووپاتکرۆتەوە و پێیوایە گێڕانەوەی چۆنیەتی ژیانیان و چۆنیەتی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا هاتووە. یاخود پێکهاتەی شارستانییەت، ئیمپراتۆرییەت و چۆنیەتی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە مرۆییەکان، پاشان خەملاندنی ئەو هێزە مێژووییەی، کەوا بۆتە بونیادی ژیانمان و چۆنیەتی لەناوچوونی ئەو شارستانیەت و شێوە ژیانە.( Shanks, 2012,

22). واتە گێڕانەوەی مێژووی بیرە لە سەردەمی نوێدا، یاخود میتۆدی دەستڕاگەیشتنە بە رابردووی خەڵکە بۆ تێگەیشتن لە کوێوە هاتوون، ئەمەش دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە. لە دیدی میشێل شانکس، هەمیشە ئەو گێڕانەوە ئارکیۆلۆژییانە، لە زەینی خوێنەردا پرسیاری ئەوە دروست دەکەن، کەوا نەریت و پاشماوەکانی پێشوو، ڕەگ و ڕەچەڵەک بەرباس دەخرێت، ئەمەش زۆربەی جار لەنێوان یادەوەری و لەناوچووندا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش لەنێوان لەدەستدان و یاخود بە ناتەواوی گێڕانەوەدا خۆی دەبینێتەوە. بێگومان گواستنەوەی ئەم بابەتانە لە پەیوەندیکردن بە ڕابردوو فەراهەم دەبێت.

بەشێوەیەکی سەرەکی مرۆڤ لە بەرهەمهێنانەوەی دابونەریتە کەلتوورییەکان وەک بەشێک لە شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە بەرپرسە، ئەم شێوەیە لە بەرهەمهێنانەوەی ئامرازێکە بۆ ئەوەی هەلی مانەوەی لە ژینگەکەیدا فەراهەم بکات. یەکێک لە زاڵترین بنەماکانی ئارکیۆلۆژیا، جەختکردنە لەسەر کەلتوور. بێگومان کەلتووری ماددی وەک بەڵگە بۆ بوونی تاکەکەس، یاخود گرووپە ئیتنی و رەگەزییەکان بەکارهاتووە، لەوەش زیاتر کەلتووری ماددی وەک دۆکیۆمێنتێک لە پرۆسەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی سەردەمێک لە سەردەمەکان بەکارهاتووە. ئەم چەمکە پێویستە، هەر چەندە زۆربەی جار وەک پردی تێگەیشتن لە ڕابردوو، زانیاریمان پێدەدات، ئەمەش لە ئەنجامی لێکدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕان لە دابونەریتی کۆمەڵایەتییانە و گۆڕانکارییە ژینگەییەکان. لە ڕوانگەی (جولیان تۆماس)ەوە، رەگەزە سەرەکییەکانی ئارکیۆلۆژیا (ئاوەز، جەستە، کەلتوور و ژینگەکەی)، نەخشە و پۆلینکارییەکمان بۆ دەکێشێت، کەوا پەیوەندییەکی ڕێژەییمان دەداتێ سەبارەت بە پێشکەوتنی هەر یەکێک لەم ڕەگەزانە. هەموو ئەمانەش بەشێوەیەکی دیار بەجۆری دابونەریت و خوویان پەیوەست دەکرێت(Thomas, 1996, 11). لێرەدا

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەموو کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی حەز دەکەن ڕابردووی خۆیان سەبارەت بە شێوەی ژیان و ژینگەی پێشوویان بزانن، بۆ ئەوەی لە ئێستای خۆیان بگەن و پلانێکیش بۆ هەنگاوهەڵێنانی پێشکەوتنیان بۆ داهاتوو دابنێن. هەموو تاکێکیش لە کۆمەڵگەدا خۆی بەخاوەنی ئەو ڕابردووە دەزانی، ئەوە ئارکیۆلۆژیا نییە وەک بەخشش ئەو ڕابردووە بەتاک ببەخشێت، بەڵکوئارکیۆلۆژیا خاوەن بەهایەکی ئەخلاقی لە ئەستۆدایە، ئەویش بە نیشاندانەوە و وێناکردنی ئەو بەها کەلتوورییانەی، کەوا لە ڕابردوو هەبوونە، ڕۆڵیشی هەیە لە بەیەکەوە گونجان و بەیەکەوە ژیانی گرووپ و ئیتنییە ڕەگەزییەکانیتر.

ڕۆمان بە هەمان شێوەی ئارکیۆلۆژیا، هەموو خەسڵەتەکانی شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی لەخۆیدا شوێنی بۆ کردۆتەوە، لەم شێوە ڕۆمانەدا (ئەو ڕۆمانانەی لە گێڕانەوە و وێناکردندا باس لە دونیایەک دەکەن تێیدا ئارکیۆلۆژیا بە زەقی ڕەنگیداوەتەوە) وا هەست دەکرێت تۆمارێکی مێژوویییە و ئەزموونی بیرکردنەوە و ژیانی سەردەمێکی تۆمارکردووە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک یاخود نەتەوەیەک بەیەکەوە بەشدارن لە نیشاندانەوەی شێوەی ژیان و بیرکردنەوە. لەم بارەیەوە (عەلی عوسمان یاقووب)، لە کتێبی (ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان)، بەم شێوەیە نیشانی داوەتەوە و دەڵێت: ((هەوڵ دەدات زەمەن و شوێنێک، لە مێژوویەکی دیاریکراوی ورد پشتبەستوو بە لێکۆڵینەوەیەکی هۆشیارانە دەربارەی ڕووداو و کارەکتەرە ڕاستەقینەکان و دابونەریت و ئاخاوتن و جلوبەرگە کولتوورییەکان وەربگرێت، لەگەڵ چنینی بەهێزی چیرۆکەکەی و سایکۆلۆژیای دروست و بەجێی مرۆڤ تێکهەڵکێشیان بکات))(یاقووب، ٢٠٢١، ١٦١). لەم شێوە مامەڵەکردنەدا، ڕۆمان لەبەرگرتنەوەی خودی ژیان و بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی تاک و گرووپی کەسەکانە، کەوا بە وەسف و وێناکردنەوەیەکی ورد، بوون بە بەشێک لە بەسەرهاتی

ڕۆمانەکە. بەو مانایەی ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ڕۆمان و نیشاندانەوەی ژینگەی بیرکردنەوە، سەر بە هۆشیاری سەدە و سەردەمێکی ترە، تیایدا بە لێهاتوویی و کارامەییەوە دونیای تێدا ژیاوی بەرجەستە کردۆتەوە. ئەمەش لەو ڕێگەیەوە کەوا کەلوپەل و ئامرازە داهێنراوەکان بەگۆ دەهێنرێت و لەو چوارچێوەیەدا چەندین پەیام بۆ سەردەمی ئێستای تێدا ژیانی مرۆڤی سەردەم پەخش دەکات و ئەو پەیامانەش ئاڕاستەی شێوە ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی ئێمەمانان دەکرێت.

سیما و خەسڵەتێکی تری نیشاندانەوەی شوێن و ژینگەی بیرکردنەوە لە نێو ڕۆماندا، کەوا ئارکیۆلۆژیا بنەمای بیرکردنەوەیەتی ئەوەیە نەریتی بیرکردنەوە پەرەپێدەدات و هەستی هەڵگرتن و پاراستنی ئەزموونی ژیان دێنێتە کایەوە، هەربۆیەش هەوڵدەدات هەموو شتێک ببینێ و لە هەموو کەسێک تێبگات، (هاشم ئەحمەدزادە) لە کتێبی گێڕانەوەناسیدا، دەڵێت: ((ئەدەبی گێڕانەوەیی بە مۆرکی ڕیئالیستییەوە هەموو دەمێ سووژەیەک بووە بۆ تاوتوێی ئاست و چەندایەتی تۆمارکردنی وەفادارانەی شێوازی واقیعیی ژیان. ئەگەر ئاستی ڕاست نوێنی بەرهەمێک ئاوێنەی تەواونوێنی واقیع بێت ئەوە دەق نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆی دیاردەیەک، زەمانێک و شوێنێک بە تەواوی دەکات))(ئەحمەدزادە، ٢٠١٨، ٥٤_٥٥). ئەم شێوە مامەڵەکردنەی ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا، بەشێکی زۆری لە پاژی شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە خۆی دەبینێتەوە، چونکە تەنها ژینگەی بیرکردنەوەیە دەتوانرێت وەک ئەو واقیعەی سەردەمی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری و تێکەڵهەکێش کردنی بە ئایدیای دیکە بنەخشێنرێت. بۆیەش لەنێو ئەم شێوەیەی ڕۆماندا هەستی چێژ وەرگرتن لە ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکەی پەرەپێدەدات.

## بەشی دووەم

ئەم ڕۆمانە هاوشێوەی تێگەیشتنی ئارکیۆلۆژیا، سەردەم و زەمینێکمان لە ڕێگەی گێڕانەوەوە لەسەر بنەمای تێدا ژیانی مرۆڤی ئەو سەردەم بۆ دەخاتە بەر دیدە. بابەتی ئەم تێکستەی کەوا وەک پراکتیک وەرگیراوە، لە ڕێگەی بە ریوایەتکردن و گێڕانەوەکانیدا، لە چوارچێوەی پرەنسیپ و بنەما ئەدەبییەکانی نووسینی ڕۆماندا، توانیویەتی بابەتییانە بۆ سەر زەمین و زەمەنی مرۆڤی سەردەمانی پێشوو بمانباتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو گوزارشت و دەربڕینانەی لەنێو خودی دەقەکەدا شوێنی بۆ کراوەتەوە. ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە وننەبوونی نیشاندراوەکانی زەمەنی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشینە، ئەگەرچی شێوازێکی تایبەت بەنیشاندانەوە و وێناکردنی ئارکیۆلۆژییانەی سەردەمەکە دراوە، دەلالەتی پێکەوە گرێدان و پێکەوە گونجانی نێوان دوو زانست و دوو کایەی جیاوازە، ئەمەش لەخۆیدا ماهییەت و گرنگیی ڕۆمان نیشاندەدات، کەوا دەتوانێت زانستەکانی تریش لەخۆیدا جێ بکاتەوە. ڕۆمانی نەوەکانی مادایی، یەکێکە لەو تێکستانەی هەڵگری پرەنسیپ و بنەماکانی ئارکیۆلۆژیایە، ئەمەش لە ناونیشانەکەیدا دیارە، کەوا یارمەتیدەرە بۆ لەخۆگرتنی هزری ئارکیۆلۆژییانە. گێڕانەوەی حیکایەتەکان، جەوهەر و سیمای تێکستەکە دیاری دەکەن، چونکە حیکایەتەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی شێوە ژیانی مرۆڤانێک گێڕدراونەتەوە، سروشتی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە بەرهەمی هێناون، پشت بە ئەفسانە و دونیای فانتازیا نەبەستراوە. ئەم ڕۆمانە مەبەستی گێڕانەوەی ئەفسانە نییە، بەقەد ئەوەی هزر و ژیانی سەردەمێک لە مرۆڤی پێشین پێکهێنەری بیری داهێنەرانەی تێکستەکەیە. دونیای بەردیدەخراوی نێو ڕۆمانەکە، لە ڕێگەی خەسڵەتە جیاوازەکانیەوە، بەشێکە لە پێکهاتەی ئاوەزی مرۆڤی دونیای پێشین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، لەنێو ئەو ڕۆمانەدا کەوا وەک ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا جەختی لەسەر کراوەتەوە، رابردوویەکە وەک شانازییەک بە گەنجینەیەکی گرانبەهای میللەت و شارستانیەتەکان و کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێت، لەم سۆنگەیەوە دەستگیرۆیی و پاراستنی ئەو رابردووە چەند چالاکی و پرۆژەیەکی پێویستە وەک بەکارهێنانەوەیان، خوێندنەوە، وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە، ساغکردنەوەیان، پۆلینکردن و پیشاندان و ناسینەوەیان هێندەی تر گرنگ و پێویستترە. ڕۆماننووس "بەیان سەلمان" ئەمجۆرە وێنەخواستن و نیشاندانەوەیە بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی شارستانیەتی (ماد)ەکان، تایبەت دەکات و بە گەواهیدانێکی حاشا هەڵنەگر دەناسێنێت. پتر لەمەش دەرکەوتن و بوونی گیانێکی ڕامیاری بەهێزی سەربەخۆ لەنێو ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەروەها چۆنیەتی بەدەستهێنانی سەرمایە و قازانج و ڕاگیربوونی دۆخی ئابووری و بازرگانییان هەروەها وەدەستهێنانی زانیاری و جیۆگرافی لەڕێگای دۆزینەوەکانیەوە، کە هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە بەڕوونی ڕووی شارستانیەتی (ماد)ـەکان پیشاندەدەن، لە هەمانکاتدا تاکەکانیان ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوبوونەوەی شارستانەتیەکەیان.

**یەکەم/ وێنە خواستن**

لە ڕۆمانی نەوەکانی مادایی، بەیانسەلمان وەک ڕۆماننووسێک هەوڵیداوە ئارکیۆلۆژیستانە مامەڵە لەگەڵ کەرەستە جێماوەکانی سەردەمانی پێشین بکات، لە ڕێگەی وێنەخواستنێکی ئارکیۆلۆژیانە توانیویەتی بۆ سەردەمانی تێدا ژیاوی نەتەوە وکۆمەڵگەیەک بمانباتەوە، هەربۆیە ڕۆڵی لە پێدانەوەی زانیارییەکاندا هەیە. لە بەشێکی ڕۆمانەکە، وێنای ئارکیۆلۆژیانەی بیناسازی مەملەکەتی(ماد)، وەک وێنەیەک نیشاندراوە لەسەردەمی مادەکانەوە خواستراوە، ئەمەش نیشانەیەکی

ڕوونە بۆ ئاوەدانی شار و شارستانیەتیبوون، هەر لە سەرەتای نیشتەجێبوونیانەوە، وەک مرۆڤ هەوڵیانداوە هارمۆنییەتێک لەگەڵ سروشتی تێدا ژیاویان دروست بکەن، بەمەش ئاوەزمەندییەکی ئەوتۆیان بەکارهێناوە، کەوا سەلیقە و چێژوەرگرتن لە وێنە دروستکردنیدا شوێنی خۆی پێوە دیارە. هاوشانی ئەمەش نەوەکانی مادایی لەگەڵ فراوانبوونی ئەرک و چالاکییەکانیان، پێویستییان بە پانتاییەکی بەرفراوانتر هەبووە، بۆ لەخۆگرتنی ئیش و کارەکانیان، هەربۆیەش دەستیان داوەتە دروستکردنی باڵەخانە و خانوو، ئەگەرچی لە ئامراز و کەرەستە سادەکانی ئەو سەردەم سوود وەرگیراوە، بەڵام ئەوەش لە یادنەکراوە، کەوا وێنەیەک نیشان بدرێتەوە گوزارشت لە شێوەی بیرکردنەوەیان بکات.

یەکێک لەو دیمەنە کاریگەرانەی نێو ڕۆمانەکە، ئەو وێنە خواستنە ئارکیۆلۆژییەیە، کەوا پیاوەکانی نەوەکانی مادایی وەک پۆشاک بەکاریانهێناوە، ئەمەش پتر وەک وێنەیەکی نەخشێنراوی تابلۆیەک وایە تاوەکو لە بیرەوەری نەوەی ئێستادا بە نەمری بمێنێتەوە، بۆیە ڕۆماننووس بە وشە ئەم وێنە خواستنەی، نیگارکێشاوە تاوەکو مەعریفەی ئەو هاوکێشەیە تەواو بکات، کەوا وێنەخواستن و وەرگێڕانی بۆ وشە ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهاتەیدا هەیە، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوەندە بە لێهاتوویی وێنەکەی خواستووە، هەر حەز دەکەیت بە دیاریەوە سەرنجی بدەیت، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((هەر کەسەیان لەسەر ئەسپێکە، بەرگی گونجاویان لەبەرە، بە نیوچە جەنگاوەرێک دەچوون، کراسەکەی سەرەوەیان هەتا سەر ئەژنۆ دەهات و لە خوارەوە لە نێوان رانیان توند کرابوو، پشتوێنێکی چەرمیان لە پشت بەستبوو، بەلایەکیدا چەقۆی پێدا شۆڕ بووبووەوە و بەلایەکەی تریدا یەکەم داهێنانەکانیان لە خەنجەر هەڵگرتبوو، مەچەکیان بۆ قۆڵیان بە چەرم پۆشیبوو)) (سەلمان، ٢٠١٢، ١١٠). لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، ئەم شێوە

وێنە خواستنە ئەوە دەسەلمێنێ، کەوا لەنێوان نەریت و داهێنانەکانی مرۆڤی پێشین، شێوە بیرکردنەوەیەک بۆ مرۆڤی سەردەمی ئێستا دەسازێنێ، هەر ئەمەش وایکردووە ئەم ڕۆمانە پتر لەسەر ئەو وێنە خواستنانە بوەستێ، کەوا ڕەهەندی ئارکیۆلۆژیای لێوە دەخوێندرێتەوە.

بەیان سەلمان لەدوا لاپەڕەکانی ڕۆمانی نەوەکانی مادایی، ئاژاوەگێڕی، شەڕ، کوشتار، داگیرکردن و رووخان، کە رووبەڕووی شارستانیەتی مەملەکەتی (ماد)ەکان بوونەتەوە وێنەخواستنێکی لێوە سازاندووە. ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی ڕۆماننووس لەبارەی شارستانیەتی(ماد)ەکان، یان تۆمارکردنی سەرکەوتنەکان بەوە دەبێت کە شەڕ روونەدات و سەرکەوتنەکان بەبێ شەڕ و کوشتار بێنە ئاراوە، ئەگەرچی بەپێچەوانەوە ململانێ و ناکۆکی و شەڕوشۆڕ و ئاشووب و وێران و داگیرکاری، سەرکەوتنی(ماد)ەکان، لەپەلوپۆ دەخات و دەیانوەستێنێت، زۆربەی ئەم دۆخە نەخوازراوەی دووچاری شارستانیەتەکە بۆتەوە لە دەوروبەرە شەڕانگێزییەکەیەوە ئاراستە دەکرێن، نەوەک لە ناوەوە و لە نزیکەوە. ڕۆماننووس پێیوایە (ماد)ەکان داکۆکیکردن و پاراستنی شارستانەتیەکەیان بە مافی لە پێشینەی خۆیان دەزانن، کەچی هێزە داگیرکاریەکە تێکشکاندنی یاسا و دەستوور و سنوور و شارستانیەتەکە بە ئەرکی خۆیان دەزانن لە هەمان کاتدا ڕۆماننووس پێیوایە ئەم پڕۆسەی داگیرکارییە دژ بە (ماد)ەکان بە قەد و قەبارەی شارستانیەتەکە بەرفراوان و هەمەگیربووە، بۆیەرێسای باڵا لەم پرۆسەی داگیرکاریەی تەنگ بە (ماد)ەکان هەڵدەچنێت بریتییە لە بەگەڕخستنی تواناکانی کوشتن و بڕین و تاڵانکردنی سامانی ماددی و مەعنەوی و سووتان و کاولکردن، ((دیمەنی مەملەکەتی مادایی گۆڕا بۆ مەیدانێکی دەستدرێژیکردن و مۆرکێکی وێرانە و شوێنەواری لە خۆ گرت... نەوەکانی مادایی کوژران... وێنە و نووسینەکانی سەر ئەم دیواری هۆڵە هێندە بۆیان سەیر و پڕ نهێنی بوو هیچی

لێتێنەدەگەیشتن... دەستەیەک پێکهێنرا بۆ سڕینەوە و گۆڕانکاری لە هەموو نەخش و نیگار و نووسینی سەر دیوارەکانی نێوەوە و دەرەوە) (سەلمان، ٢٠١٢، ٢١٩). کەواتە ڕۆماننووس بە ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی خۆی ئەو راستییە ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی وایکردووە چارەنووسی (ماد)ەکان، بەم شێوەیە بێت بریتی بووە لە جیاوازییەکان، جیاوازبوونی (ماد)ەکان لە بوونی زمان و کلتوور و سەرخان و ژێرخان و شارستانیەتیبوونیان، لە بەرامبەردا ئەوانیتر، بەدەست نەبوونی ئەمانەوە گیریان خواردووە، بۆیە هەر زوو هێزی شەڕوشۆڕ و داگیرکاری، پەلاماری یەکەبەیەکەی پایەکانی شارستانیەتی(ماد)ەکان دەدەن. هەروەها ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا پێیوایە (ماد)ەکان لەپێناو مانەوەی شارستانەتیەکەیان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە تەنانەت لەگەڵ پرۆسەی شەڕ و داگیرکاری ئاشتی و ئاشتیخوازی بێت پێویستە، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیەش لەلای (ماد)ەکان وەک کلتوورێکی کۆمەڵایەتی ڕەگی داکوتاوە، بەڵام لە دواجاردا هێزی شەڕوشۆڕ و کاولکاری و لۆژیکی هێز، شارستانیەتی (ماد)ەکان خامۆش دەکات.

لەچوارچێوەی دروستکردنی تەلارسازی، کۆمەڵێک بابەت بۆ ئێمە ڕووندەبێتەوە وەک بوونی ئارەزوو، هونەر، جوانی، توانا، توانستی ماددی و مەعنەوی، وردبوونەوە و تێڕامان....هتد، بۆیە ڕۆماننووس بەم شێوەیە لە وێنەخواستنێکیدا لەنێو ڕۆمانەکەی وێنەی خانووەکانی خواستووە و دەڵێت: ((لە مێژووی مادییدا ئەمە یەکە جارە داوایەکی وەها لە بیناسازێکی مەملەکەت بکرێ....... لە پێشاندا ئەو کەسانەیان هەڵبژارد لەوانی دی بەهێزترن تا بەردی زل بشکێنن، کەسانی شارەزا بۆ قوڕ سوورکردنەوە و خشت دروستکردن و پێوانەی ئەستووری و درێژی شێلمان و کۆڵەکەکانیان دەستنیشان کرد. وێنەی دەرگایەکی گەورەیان بۆ ڕواڵەتی کۆشک لەپێش چاو گرت و دارتاشەکان لەو ساتەوە دەستیاندایە داربڕین و تەختە دروستکردن..... لەلایەکی دیشەوە

سەقالەی بەرزتریان دروستکرد تا بەپێی نەخشەکەی ئیکباتان بگەنە ئاستی بەرزیی کۆڵەکەکان و دیوارەکانی کۆشک)) (سەلمان ،٢٠١٢، ٨٧). لێرەوە ئەم وێنە خواستنە ئەگەرچی دەرخەری سەربوردەی ژیان و چیرۆکی نەتەوەیەکە، کەچی لەوەش گرنگتر دەرخەری مێژووییەکە، رەسەنییەتی نیشانداوەتەوە. کەواتە لەم مەملەکەتەدا بەتەواوەتی هونەری خانوو و بیناسازی وەک خەون و خولیا بەرجەستە دەبێت، تایبەت بووە بە خۆیانەوە و شارەزایی و دەست ڕەنگینیان نیشاندەدات، بۆیە لەنێو رۆمانەکەشدا بەم شێوەیە گوزارشتی لێوە کراوە و دەڵێت: ((هیچ شتێک نەبوو لەوێ پەیامێکی جوانی لەدوا نەبێ و وزەی ئەو جوانیەی نەپاراستبێ، هەموو وەها بیری لێکرابووەوە کە ژیانیان بەخۆشی و ناسکی و پاکی رابگرێ، بیریان لە ژیان دەکردەوە)) (سەلمان، ٢٠١٢، ١٠٧). لێرەوە تێدەگەین ئەم هونەری خانوو و بیناسازییەی مەملەکەتی (ماد)، کە هەر تەنیا پەیوەست نەبووە بە لایەنی ڕووپۆشی، بەڵکو بەنێو پۆشەکەشی ڕەنگیداوەتەوە، سەرەڕای بوونی وێنە و تابلۆ و ڕەنگ و نەخشەسازییەکەی. بێگومان لایەنی ئارکیۆلۆژی ئەم خانوو و بیناسازییە بەشێکن لە پێناسەی مەملەکەت، ئەگەر بپارێزرێن بۆ قۆناغ و سەردەمێکی دوور و درێژ بە نەمری دەمێننەوە، سەرەڕای سەنگینی نرخی وێنە خواستنەکە، کە ڕاستەوخۆ بەشدار دەبێت لە گێڕانەوەی مێژووی ئەو شارستانیەتە.

### دووەم/ وێناکردنەوەی شوێن

ئەوەی لەم رۆمانەدا وەک تۆپۆگرافیایەکی ئارکیۆلۆژی نیشاندراوەتەوە، وێناکردنەوەی شوێنە، تیایدا سەرزەمینێک نیشاندراوەتەوە، وەک نەخشەیەک وایە، دەتوانرێ بە ئاسانی لێیەوە مەعریفەیەک لە هەمبەر مامەڵەکردن و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان لەگەڵ شتەکانی دەوروبەریان ببینی، هەربۆیە رۆماننووس دەڵێت: ((شوێن بە

دەرکەوتنی خەڵکەکەی لەسەر ئەو خاکە وێنەیەکی سادەی وەرگرتبوو، کەچی لەو ساتە هەستیارانەدا گرنگی و ئاڵۆزیی ئەوەیان بۆ دەرکەوت، چ مەملەکەتێکی ئارام بوو، کەسەکانی لە دەرەوەی ئەویش بوونیان هەر نەبوو، ئەوان بە مەملەکەتی مادابیەوە بەسترابوون)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٥١). ئەوەی لێرەدا نیشاندراوەتەوە، ئەوەیە رەسەنییەتی و خودانماڵی نەتەوەیەکە وەک پانتاییەکی جوگرافی نەوەک تێکەڵ بە هیچ ئایدۆلۆژییەکی سیاسی یاخود ئایینی کرابێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ شێوەی نیشاندانی ئارکیۆلۆژییانەی شوێن. ئەمەش بۆخۆی نیشاندانی ئەو بیرکردنەوەیەیە، کەوا رۆڵەکانی نەوەی مادایی هەوڵیانداوە پانتاییەکی زەوی بەتاڵ بۆ شارستانییەت و ئاوەدانکارییەکی ئەوتۆ بگۆڕن، ناسنامە و بوونی خۆیانی لێوە نیشان بدەن. بۆ ئەو مەبەستە چەندان هەوڵ و جووڵەی تایبەتییان لەمەڕ ئاوەدانکاریی شوێنەکەیان هەڵناوە، بۆئەوەی هارمۆنییەتێک لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان بسازێنن.

لە دووتوێی رۆمانی (نەوەکانی مادایی)دا، باس و خواسی ڕووداوی دروستکردنی بەلەم بەشێکی رۆمانەکە دەتەنێتەوە، ئاشکرایە (بەلەم=گەمی) ئامرازێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت رێگاکانی ئاوی و تەنانەت سامانەکانی ئاوی بخاتە ژێر رکێفی خۆی، بێگومان گەر ئەو بەلەمە سادە و ساکارانە نەبوونایە کە لە رۆژگاری زوودا بە دار دروست دەکران، ئەوا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بەلەمی چارۆکەدار و ئەو بەلەمانەش بوونیان نەدەبوو کە بە بزوێنەر و خێراییەکی زۆر کاردەکەن، تەنانەت بوونی ئەو هەموو کەشتیگەلە پێشکەوتووە بە بیرۆکەی بوونی بەلەمی سادە و ساکار و لە دار دروستکراو هاتوونەتە ئاراوە، بە چەشنێک لە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆماندای بەلەم و کەشتیگەلەکان هەر لەسەر ئاو نامێننەوە، بەڵکو لەڕێی ژێر دەریاییەکانەوە نهێنیی قووڵاییەکانی دەریاش دەدۆزنەوە. رۆماننووس

پێیوایە(ماد)ـەکان لەڕێی بەکارهێنانی ڕێگاکانی ئاوی و دروستکردنی بەلەمەوە تۆمارێکیتری ئارکیۆلۆژییانە زیاد بکەن، گرینگی و بایەخی شارستانیەتەکەیان هێندەیتر دەسەلمێنن، ((تووشاک کەوتە لێکدانەوە و کاری ئەندازیاری، بیرۆکەی چۆنیەتی دروستکردنی یەکەم بەلەمی لا لەدایکبوو...هەر بەلەمێک دەبوو چەند مەترێک درێژبن، چوار تا شەش کەس جێیان تێدا ببێتەوە)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٧٩). گومانی تێدا نییە ڕۆمان و ئارکیۆلۆژیا لە چەندین ڕووەوە دەچنەوە سەر یەکتر، بۆ نموونە ڕووداوی دروستکردنی بەلەم، بەو وردەکارییەی لەنێو ڕۆمانەکە باسکراوە، جگەلە نیشاندانەوە و وێناکردنەوەی شوێن، هارمۆنییەتی ئاوەز و سروشتی تاکی ئەو سەردەم دەردەخات، هەربۆیە ئەگەر ئارکیۆلۆژیا لەنێو سیستەم و مەعریفەی خۆیدا، لەچوارچێوەی پانتاییەکی دیاریکراو، ڕووداوێک بگێڕێتەوە، ئەوا بەهەمان شێوە ئەم ڕۆمانەش لە دووتوێی مەعریفەی نێویدا ئەم ڕووداوەی تۆمارکردووە، کەوا ڕابردوو، ئێستا و ئایندەی لێوە دەخوێندرێتەوە، لێرەوەیە ئارکیۆلۆژیا و ڕۆمان لەمەڕ وێناکردنەوەی شوێن، پەیوەندییەکانیان دەسازێنن. لەوەش زیاتر، ئەم ڕۆمانە هاوشێوەی لێ خوێندنەوەی ئارکیۆلۆژییانە ئەوەندە بە قووڵی ڕۆچۆتە نێو نیشاندانەوەی شوێن و ڕووداوەکانی پەیوەست بە شوێنی وێناکراوی نێو ڕۆمانەکە، هارمۆنییەتی شوێن و شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ دروستکردنی بەلەم تۆمارکردووە، لەم بارەیەوە ڕۆمانەکە وای وێناکردووە، ((هاوکارەکانی داری تریان دەنووساند بۆئەوەی بە چاکی وەک کەوانەیەکی گەورە بچەمێنەوە و قۆقزی و تیژیی بەشی دەرەوەی بەلەمەکە و دەرپەڕینی پارسەنگی لەسەر ئاوڕاگرێ. سەوڵەکانی بە هاوکاری هێزی پاڵنان دەجووڵێ. تووشاک هەر خۆی شلەمەنییە خەست و تاڵەی لە ڕەحمی دارەکانەوە دەردەچێت هەر ئەو کەتیرانەیە کە بۆ چەندین شت و لەوەوپێش بەکاریان هێناوە بۆ ئەمەش بە کەڵک دێت... بەو شێوەیە

یەکەم بەڵەم دروستکرا) (سەلمان،٢٠١٢، ٧٩).لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت (ماد)ـەکان توانیویانە بە هۆشیاریەکی وردەوە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا بکەن و لە پێناوی بەرهەمهێنان و داهێنانی چەندین کەرەستە و ئامێر و هۆکار، رامیان بکەن، بێگومان کەلک وەرگرتن لە سروشت بەم شێوەیە و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانەوەی بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ژیار و ژیریی ئاوەزمەندانەی (ماد)ـەکان.

ئەم رۆمانە لەنێو سەرجەم حیکایەتە گێڕدراوەکانیدا پاژێکی تێدایە وەک لوغزێک بۆ نیشاندانەوە و وێناکردنەوەی ئارکیۆلۆژییانەی شوێن، بەمەش وەک باکگراوندێکی دونیای پشتەوەی حیکایەتەکان، پەیوەندییەک دەردەخات، ئەویش پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و رۆمانە، هەربۆیە ئەم رۆمانە رێبەرێکی گوزارشتکەرە، گوزارشت لە وێناکردنەوەی شوێن و ئەو هزرەی لە پشت دروستکردنی ئامراز و داهێنراوەکانیەتی. لە رۆمانی (نەوەکانی مادایی)، مەبەستیەتی ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە سوود وەرگرتنی مرۆڤ بە میوزیک وئاوازە جۆربەجۆرەکان لە سروشتی مرۆڤەکاندا بە پیتی شوێنکاتی جیاواز بوونی هەبووە. بێگومان بەر لەشارستانەتیەکان میوزیک وئاواز بوونیان هەبووە، بەڵام لە چوارچێوەی شارستانەتیەکان بە شێوازی رێکخراو و پێشکەوتوو کاریگەرتر میوزیک و دانانی ئاوازەکەن دەشێت تاکەکانی ئایین و ئایینزایەک، تاکەکانی کۆمەڵگا و نەتەوە و شارستانیەتێک لە یەکترەوە نزیک بکاتەوە و بەیەکیانەوە گرێبدات، میوزیک و ئاواز بە دەنگ گوزارشت لەزمانی حەز و خولیا و ئەندێشە و هەست و نەستە مرۆییەکان دەکات ، ئەمە جیا لەوەی میوزیک و ئاوازەکان وەک کلتوور و کەلەپوور و کایەی هزری رۆشنبیری لە دواجاردا دەبێتە بەشێک لە پێناسە و شوناسی کۆمەڵگا و نەتەوە و شارستانیەتێک .

لەم سۆنگەیەوە (بەیان سەلمان) وەک رۆماننووسێک پێیوایە میوزیک و ئاواز لە شارستانییەتی (ماد)ـەکاندا گرنگیی خۆی هەبووە وەک پێویستییەک، هەست و نەستەکان، لایەنی کلتووری، دەروونی و کۆمەڵایەتی لەو شارستانیەتەدا بەرجەستە بووە و هەمووشیان گرێداوەتەوە بە شوێن. بێگومان خودی ڕۆماننووسیش ئەمەی بەهۆی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژییانە بەرجەستە کردووە و لە چەندین شوێنی جیاوازی رۆمانەکەدا ئەمەی ئاشکرا کردووە. لە کاتێکدا هەموو تاکەکانی نەوەکانی مادایی بونیادێکی سروشتی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، هەموو خۆیان بە لە دایکبووی یەک دایک و ئامێزی یەک باوک دەبینی، ئەوەش خاکی مادایی بوو (ڕووبارەکانی ئەو مەملەکەتە، بە تایبەتی رووبارە گەورەکەی سەرچاوەی ژیان و هەڵگری مێژووی شادیان بوو. ئاو هێندە بۆیان گرنگ بوو.... میوزیکیان لێ دادەهێنا. ئاو ومیوزیک لەلای ئەوان یەکبوو. ئەو ئاژەڵانەی دەخواردران نواتر و دەف و دەهۆڵیان لە پێستەکەیان دروستدەکرد، پاش مردنی کیسەڵ لە قەڵغانەکەی شمشاڵیان دادەهێنا. میوزیکلە نەوەوە بۆ نەوە هەروەک زمانەکەیان دەگوازرایەوە و پەیڕەوی یاساکانی دەکرا. زەرنەقووتەکانی هەستیان لەگەڵ ئاوازی رووبارەکان رابهێنن، بە نموونەی میوزیک و هۆزان سەما و هەڵپەڕکێ مەشقیان بە خەیاڵیان دەکرد) (سەلمان،٢٠١٢، ٢٠٩). کەواتە ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی ڕۆماننوس پێمان دەڵێت: لە چوارچێوەی وێناکردنەوەی شوێن و شارستانیەتی (ماد)ـەکاندا میوزیک و ئاواز تەنانەت دروستکردنی ئامێری ژەنین راستەوخۆ پەیوەستن بە سروشتەوە و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەلایەکی ترەوە (نەوەکانی مادایی) هەروەک رۆماننووس نیۆیان دێنێت، میوزیک و ئاواز و ئامێرەکانی ژەنینیان بە مەبەستی خاوکردنەوە و ئارامکرنەوە و هەوادانی دەروونیان بەکارهێناوە و بوونەتە مایەی مەشقی شادی و بەختەوەریکردن و

فەرامۆشی توند و تووڕەییان. لەهەمانکاتدا لە شارستانیەتی (ماد)ـەکاندا مەسەلەی میوزیک و ئاواز بۆتە بەشێک لە کلتوور و شارستانیەتییان، بەو پێیەی کە میوزیک و ئاوازە هەمەچەشنەکان گیان و پێکهێنەری چێژ، خۆشی، ئەندێشە و لایەنی سۆزدارییین. سەرەڕای ئەمانە بەیان سەلمان، مەسەلەی میوزیک و ئاوازی پەیوەستکردووە بە وێناکردنەوەی شوێنەوە جا چ نووسین، یان ئاخاوتن بێت، میوزیک و ئاواز، هونەرێکە لەگەڵ شوێن یەکانگیرن و کاریگەرییان بەسەرلایەنی رۆحیی مرۆڤەکان و تەنانەت لایەنی هزرییان لە تێگەیشتن، یادەوەری و داهێناندا هەیە.

## سێیەم/ شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە

شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوەی تێدا ژیاوی مرۆڤی پێشین، دەکەوێتە نێوان پەیوەندییە دیار و نادیارەکان، بەبێ ئەوەی ئارکیۆلۆژیا کورتی بێنێ. ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان ئارکیۆلۆژیا و شێوەی ژیان و بیرکردنەوە، پەیوەندییەکی تیکچڕژاو و ئاڵۆزە، چونکە خودی ئارکیۆلۆژیا ئەوەندە فرە رەهەندە، لەسەرت پێویستە رەهەندە جیاوازەکان کۆ بکەیتەوە و پاشان بە مەسەلەی ژینگەی بیرکردنەوە و ژیان پەیوەست بکرێت. ڕۆماننووس لەڕێی دەقەکەیەوە، کەوا وەک تۆمارێکی ئارکیۆلۆژی وایە، هەوڵیداوە لە ڕێگەی رەهەندە جیاوازەکانی سەردەمێکەوە، ژینگە و شێوە ژیانی کۆمەڵگەیەک یاخود نەتەوەیەک بەیەکەوە پەیوەست بکات. ئەم پەیوەستکردنەش وەستاوەتە سەر دۆخی رۆشنبیری، بیروباوەڕ، دابونەریت و داهێنراوەکان...هتد. بۆ ئەم مەبەستە لەنێو رۆمانەکە لەمەڕ دۆخی داهێنراوەکان و پەیوەست بە ژینگە و ژیانیان، باس لە وردەکاری دۆخی پیشەسازی کراوە، تیایدا ئایدیا و شێوەی بیرکردنەوەیانی سەبارەت بە پیشەسازی خستۆتە ڕوو. لەڕووی پیشەسازی و بە دیاریکراوی پیشەسازی سەرەتاییەوە

دەشێت پیشەسازییە سەرەتاییەکانی ئەمڕۆمان لەچوارچێوەی ئەم شارستانیەتە پێشکەوتووەی دوێنێ بن، لەکاتێکدا ئەوە بۆ هەمووان ڕوونە، کە باس لە پیشەسازی دەکرێت جا لەهەر کونج و گۆشەیەک بێت بێگومان پێویستی بە چەند بنەما و بناغەی سروشتی و مرۆیی هەیە تاوەکو بخەملێت، بۆیە هەر ئەو بنەما و بناغە سروشتی و مرۆییانەش هۆکاری ڕاستەوخۆ و سەرەکیین. لە دووتوێی ڕۆمانی (نەوەکانی مادیی)یدا ئەم ئامێر و کەرستە و پیشەسازییە سادانە چەندینجار وێنە کراوەو بەرجەستە کراوە، ((زێڕینگرەکان لەسەر خواستی کچ و ژنەکان شێوەی قاڵبی گەڵا و گوڵ، باڵندە و گیانەوەری بچووک لە چەشنی پەپوولە، کوللە، هەنگ، خاڵخاڵۆکە، تەنانەت پیتەکانی مادایی و نووسینیشیان بۆیان دروست دەکرد ... دەیانزانی قۆپچە چییە و سەدان دانەیان لە شاخی کەڵەکێوی مامز دروست دەکرد و کونیان دەکرد)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٣٥_٣٦). ئاشکرایە ئەم کەرستە و پیشەسازییە سەرەتاییانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا گەر لەم کەلوپەلانە وردبینەوە دەبینین لەچوارچێوەی شارستانیەتی مەملەکەتی(ماد)دا، کەرستەی خاو بەردەست بووە، سەرچاوەکانی ژینگە و ژیان، گەر سەرەتاییش بووبێت بەکارهێنراون، لەگەڵ ئەوەشدا جموجۆڵ و چالاکی بازرگانی لە ئارادا بووە، سەرمایەگوزاری کەم تا زۆر بەهەر چەشنێک بێت دەستاو دەستی کردووە، هاتوچۆ و هۆکاری گواستنەوە، گەر سادەش بێت بوونیان هەبووە، هەروەها بوونی پانتایی گونجاو و شوێنی جوگرافی و ستراتیژی و ئاو و هەوای لەبار، لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا بە ئاشکرا هەست بە بەرنامەڕێژی دەوڵەت دەکەین، کە ڕۆڵی بێ وێنەی هەبووە لە چەکەرەکردنی و بەرەو پێشبردن، کە مەبەستی لێی مەملەکەتی(ماد)بووە.

ڕۆماننووس بەهۆی ئەندێشەی ئارکیۆلۆژیانەی خودییەوە دەمانگەیەنێتەوە بۆ قۆناغی مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی، بەڵام پەیوەست بە شارستانیەتی (ماد)ـەکانەوە بەتایبەت لەم خاڵەیدا کە (بەیان سەلمان) تیشک دەخاتە سەر پیشەسازی خۆراکیان، پێیوایە (ماد)ـەکان بە لێهاتوویی خۆیان وەرچەرخان لە مەسەلە و پرس و پێداویستی خواردەمەنی و خۆراکیدا یەکن، بە چەشنێک وەرچەرخانەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە (ماد)ــەکان قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراکیان گۆڕییەوە و پەرەیانپێداوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنان و پیشەسازی خۆراک، (دەیان جۆر گوڵ و ڕووەکیان بۆ چا دروستکردن وشک دەکردەوە ... عەمبارەکان و گۆزەی قاورمەکان و هەموو جۆرە گۆزەی دۆشاو و ڕوبە و ڕۆن و مەشکەی پەنیری پێستە و گۆزەی هەنگوینەکانیان تاقیدەکردەوە و ئامادەیان دەکرد . بەردەوامیش تۆو داریان دەچاندەوە و ئاژەڵ و پەلەوەرەکان و گەنم و جۆ و دانەوێڵە بەرهەمی باشیان هەبوو، گەنم و جۆ پاککرابوونەوە، کولێنرابوون و هاڕدرابوون و ساوەر و بروێش و ئاردیان لێ دروست کردبوو)(سەلمان، ٢٠١٢، ٩٤). لە سۆنگەی ئەوەوە (ماد)ـەکان توانیویانە قۆناغی دروستکراو و بەرهەمهێنان و پیشەسازی خواردەمەنی و خۆراک گەر بە سادەییش بێت تاقیبکەنەوە و بیچەسپێنن، لەهەمان کاتدا توانیویانە ڕاستەوانە لەگەڵ گۆڕانکاری لە پێداویستییەکانی مرۆڤ ڕێبکەن. کەواتە بابەت و مەسەلەی ئاسایشی خۆراک هەر لەم سەردەمە هاوچەرخەی خۆماندا گرینگی و بابەتی نەبووە، بەڵکو (ماد)ـەکان لە زووەوە تەواو درکیان بەم بابەتە و مەسەلە هەستیارە کردووە، کاتێک لە دووتوێی رۆمانی (نەوەکانی مادیی)ـیدا باس لە ئاسایشی خۆراک دەکرێت، ئاسایشی خۆراک لەسەر کۆڵەگەی سیاسەتی کشتوکاڵ و هاندانی بەرهەمهێنانی ستراتیژی و چۆنیەتی عەمبارکردنیان لەلایەن (ماد)ـەکانەوە بونیادنراوە، ئەم سیستەمی ئاسایشی خۆراکی

(ماد)ـەکانیش پەیوەستە بە چەندێتی و چۆنیەتی بیرۆکە و بیرکردنەوەی ئەوان لەسەردەمێکی زوودا، بێگومان باشترین ڕێگا بۆئەوەی مرۆڤ جووڵە بکات، یاخود بەرپەرچبداتەوە، پێویستە بیربکاتەوە.

لە پاژێکی دیکەی رۆمانەکەوە، ڕۆماننووس لە کلاورۆژنەی داب و نەریتی (ماد)ـەکان، لە شێوەی ژیانیانی ڕوانیوە. وای بۆ چووە ئەم شارستانیەتە بەهۆی داب و نەریتەوە خودان ئاوەزێکی تەندروست و هێز و بازوون، هەل و دەرفەتێکی لەبار بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت بۆئەوەی لە ململانێکان ڕۆڵی ئەرێنیی خۆیان ببینن. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس ڕوویەکی ئارکیۆلۆژیانەی ئەم شارستانیەتە لەوەدا دەبینێتەوە، داب و نەریت وەک هۆشیاری جەستەیی و چالاکیەکانی وەرزش بوونیان هەبووە، ((زۆرانبازییان وەک یارییەکی پەسندکراو لە ئاهەنگ و بۆنەکانیاندا کردووە، لە دۆڵەکان پێشبڕکێیان بە ئەسپ و عارەبانە ئەنجام داوە، ڕێکەوتووە گوێز بگرنە یەک، مشتە گەنم بە سەروچاوی یەکدا بپرژێنن، لە ئاشدا دەموچاوی کەسێکیان بە ئارد بسوون، پەڕی باڵندە و پەلەوەرەکان ڕەنگ بکەن و پەڕبارانی یەکی پێبکەن)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٦٣). لەم پەڕەگرافەی ڕۆمانی(نەوەکانی مادایی)ـیدا هەست بە ململانێی نێوان بەشێک لە چین و توێژەکانی شارستانیەتی ماد دەکەین، بەڵام ململانێیەک بارگاوییە بە هۆشیاری و زانین، ئەمەش شوناسی پێشکەوتنی شارستانیەتێک نیشاندەدات. سەرەڕای ئەمانە گەر وردتر لە وێنە و دیمەنەکان بڕوانین، زێتر ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەمجۆرە بۆنە، نمایش، ئاهەنگ، کەرنەڤاڵ، ڤیستیڤاڵانەی هاوچەرخ و شارستانیەتە جیاجیاکان، ئاشکرا لە شارستانیەتی کۆن و بە دیاریکراوی لە شارستانیەتی (ماد)ـدا هەبوونە، ئەمەش بەڵگەیەکی ئارکیۆلۆژیانەی ڕوونە لەبارەی (ماد)ـەکانەوە، لە گەلێک بوار چاوکراوە و شارەزا و هۆشیار بوونە، هەر لێرەدا

ئاراستەی تاکەکان وەدیار دەکەون کە ئایە بەرەو پێشکەوتن یان بەپێچەوانەوە بەرەو داکشان و هەڵدێری سەختن. بێگومان لە دووتوێی ئەم ڕۆمانەدا ئاراستەی یەکەم بەرجەستەیە ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی مەملەکەت و شارستانیەتی (ماد)ـەکان لەڕووی سەرچاوەکانی سروشت و تەنانەت سەرچاوەکانی مرۆییش خواپێداو بوون، هۆشیاری توانستی سەرچاوەی مرۆیی (ماد)ەکان وایکردووە دەست و پەنجەکانیان لەگەڵ سەرچاوەی سروشتی نەرم بکەن و بیکەنە هۆکاری بونیادنان و پێکەوەنان و پێشکەوتنی شارستانیەتەکەیان.

لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)ـیدا، دۆخی رۆشنبیری وەرگێڕدراوە بۆ مەسەلەی مەشق و ڕاهێنانی سەربازی و جبەخانە و ئامرازەکانی جەنگ و چاکسازی هاتۆتە ئاراوە لە چوارچێوەی شارستانیەتی (ماد)ـەکاندا، لەوانەیە ئەم مەسەلەیە تا ڕادەیەک نامۆ بێت بە کردەی نووسین و شارستانیەتیبوون و ئارکیۆلۆژیاوە، بەڵام ئەدەب و دەقەکانی ئەدەب ئەو بابەت و پرس و مەسەلانەی لووتیان تێدەژەنێت بێشومار و بێسنوورن. لە دیالۆگی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەی ڕۆمانی(نەوەکانی ماد)ـیدا و ئەندێشەی ئارکیۆلۆژیانەی ڕۆماننووس دەسترەنگینی (ماد)ـەکانمان، لە هونەری جەنگ و چاکسازی و سەربازی و چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی سوپایەکی ڕێکخراو بۆ ڕوون دەبێتەوە، لێرە مادایی ڕوویکردە"دایووکۆ" و گوتی: ئەگەر وایە"دایووکۆ" دەستبەکاربەو ئەوجا ئاگاداریان بکەوە. با مەشقکردنیش هەر بەردەوام بێت، دروستکردنی شیر، پاچ، چەکوش، چەقۆ، تیروکەوان، نەوەستی، ئەسپو هێستر بە چاکی ناڵ بکرێن و زین بکرێن، ژمارەیەک کەرەبانیەی پەتەویدیکە دروست بکرێن، مەشق بە ژمارەیەک ئەسپ بکەن) (سەلمان، ٢٠١٢، ١٠٢). بێگومان پەنابردنی (ماد)ەکان بۆ مەشق و راهێنان و ئامرازەکانی جەنگ و چەکسازی و لەوەوە سەرچاوە گرتووە و پێیانوابووە بونیاد و بناغەی هەموو دەستپێکردن و سەرهەڵدانێک لە

ئاوڕدانەوەیەکی سەرکەوتوو دەبێت، بێگومان(ماد)ەکانیش بە ئاوڕدانەوەیان لە شارستانیەتەکەی خۆیان بڕوایان بە توانای خۆیان و متمانەیان بە بڕیاردانەکانی خۆیان هەبووە، پێیانوابوو مەشق و سوپایەکی بەهێز داکۆکیکردنە لە بوونیان وەک شارستانیەتێک. بێگومان شارستانیەتی زیندوو زێتر بە بەرهەمەکانی هزری دەناسرێنەوە کە هەر ئەم بەرهەمانە ڕۆڵی بێوێنەیان دەبێت بەیەکەوەنان و سازاندنی ئەو بەرهەمانە بەرجەستەن، تەنانەت خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکەش هەست بە بوونیان دەکەن.

لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)ـیدا، بەیان سەلمان بە ئاشکرا جەخت لە بیروباوەڕەکەیان دەکاتەوە، بۆنموونە کە باس لە مەسەلە و پرسی هەڵبژاردن و دیموکراسی دەکرێت ڕاستەوخۆ دەیبەستینەوە بە شارستانیەت. بەیان سەلمان وەک ڕۆماننووسێک ئەمە ناڵێت و پشتڕاستی ناکاتەوە ، چونکە پێیوایە هەڵبژاردن و دیموکراسییەت لە چوارچێوەی شارستانەتی (ماد)ـەکاندا بۆتە بەشێک لە کلتووری سیاسی و حوکومڕانییان. لە لایەکی ترەوە ڕۆماننووس پێمان دەڵێت: کە ئەو مەسەلە و پرس و بابەتانەی کە پەیوەستن بە ئەندێشە و ئارکیۆلۆژیانەوە مەرج نییە خەسڵەت و تایبەتمەندیەتی و سیمای ماددیبوون و بەرجەستەبوونیان سەد لە سەد تێدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو لە ڕۆمانی (نەوەکانی مادایی)ـیدا ئارکیۆلۆژیای ڕامیاری شارستانیەتی(ماد)ـەکان بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس لەڕێی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەوە لەسەر چەندان زاراوە و چەمک و مەبەستی ڕامیاری هەڵوەستە دەکات و ڕوونیان دەکاتەوە کە هەمووشیان پەیوەستن بە شارستانیەتی (ماد)ـەکانەوە، کە خۆیان لەمانە دەبیننەوە: بەڵگە، پلاندانان، توانا، متمانە، دەسەڵات، پێشنیاز، بڵاوکرنەوە، داهێنانی سیاسی، بازنە ڕێککەوتن، هەڵبژاردن، پرۆسەی جەنگدان، ڕاوێژکاری، خڕبوونەوەی خەڵک، جاڕی بانگەواز،

خزمەتگوزاری و لێکدانەوەی سیاسیی قووڵ بۆ ڕووداوەکان، مەرج، یەکسانی، چارەسەری لۆژیکی، قۆناغەکانی دەنگدان، هەڕەمەکی، نوێنەر، مەیدان، کێبڕکێ، پاڵێوران، هانی دەنگدەران، گرتنە دەسەڵات، ئەرکی قورس، باری فەرمی، قۆناغی پاش هەڵبژاردن، لێکۆڵینەوە، چاودێر.... هتد. ئەم زاراوە و چەمک و مەبەستە سیاسییانە و چەندانیتر لە رۆمانی (نەوەکانی مادایی)یدا رەنگیداوەتەوە، "بەیان سەلمان" پانتایی ئارکیۆلۆژیای سیاسی (ماد)ـەکان ئاشکرا دەکات، ((دەبێ لەم دوورۆژەدا چەند کەسێک لە نەوەی پێنجەم خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخان بکەن و بەهەموو مەملەکەت رابگەیەنن تابۆ بازنەکە بێنەوە و دەنگ بۆ کەسێک لە نەوەی حەوتەم بدەین... دەسەڵاتی مەملەکەت بگرێتە دەست و کار و گوزەران بەڕێوەبەرێ... ئێمە پێویستمان بە کەسێکی سەرکردە هەیە و بڕیاری لەسەر بدەین... لە ماوەی دوورۆژدا هاتوچۆ هەڵسەنگاندن پەرەکانی تاوتوێکراون... پاش جاڕی بانگەواز لەبازنەی خڕبوونەوەی خەڵکەکە لە سێیەم رۆژدا هەموو خۆیان بۆ پرۆسەی دەنگدان جێهێشت... لە هەمووشی گرنگتر دەبوو کەسەکە پێشتر کارێکی خزمەتگوزاری کردبێت و لێکدانەوەی سیاسیی قووڵی بۆ ڕووداوەکان هەبێ و کەسەکە بە توانا بێت، بزانێ یەکسانی و رەوا چییە...وای لێکردن بە یەکەم کەس مەملەکەتی مادایی بۆ گرتنی دەسەڵات دەستنیشان بکرێت)) (سەلمان، ٢٠١٢، ٧٥). کەواتە بەهۆی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەی رۆماننووس ئەمەمان بۆ تەواو روون دەبێتەوە شارستانیەتی(ماد)ەکان ویستوویانە و مەبەستیان بووە (گەل، لەڕێی هەڵبژاردنی نوێنەرێکەوە، یان سەرکردەیەکەوە حوکمی خۆی بکات) کە بێگومان ئەمەش پانتایی دیموکراسی دەگرێتەوە. لەهەمان کاتدا رۆماننووس دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت: ئەو ئاشتییە کۆمەڵایەتییەی کە لە شارستانیەتی(ماد) بەرقەراربووە و رێچکەی وەرگرتووە بەهۆی کلتوور و سیستەمێکە سیاسی کە بەخواستی زۆرینە بێت زێتر

دەخەملێت سەرەڕای ئەمانەش ڕۆماننووس بەهۆی بەرجەستەکردنی ئەندێشە و وێنای ئارکیۆلۆژیانەوە، پێمان دەڵێت:کەلە شارستانیەتی(ماد)ەکان، تاکەکان ئازادییەکی کەسێتییان هەبووە، تاکەکە توانیویەتی کاروباری خودییانەی خۆی ڕاییبکات بەبێ ئەوەی زیانی بۆ ئەوانیتر هەبێت.

**ئەنجام**

• لە ڕووی وێنەخواستنی ئارکیۆلۆژییەوە، زنجیرەیەکی بە دوای یەکدا نەهاتووە، بەو مانایەی وێنەخواستن لەم جۆرە ڕۆمانەدا چوونەوەناویەکی سەیر دروست دەکات، ئەمەش زۆربەیجار فلاشباک یاخود یادەوەری، یاخود هێنانەناوەوەی کارەکتەری نوێ بۆ نێو بابەتەکە و تێکەڵکردنیان بە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، وا دەکات وێنەخواستن خۆی دەربخات.

• لە وێناکردنەوەی سروشت، زۆربەیجار تێکستەکان ئەوەندەی وەسف لەخۆدا هەڵدەگرن و ڕوونکردنەوەی تێدایە و گێڕانەوەکان بەرەو پەراوێزی شتەکان دەبەن. بۆیەشە کرۆنۆلۆژی شتەکان زۆر پێویست نییە، بەمەش مەرج نییە بە ریزێکی زنجیرەیی ریزکراو پێشکەش بکرێت.

• لەم شێوازەی ڕۆماندا، ئارکیۆلۆژیا ناوێک بۆ ئیستەتیکی ڕۆمانەکە دیار دەکات، بەو مانایەی گێڕانەوەی ئارکیۆلۆژییانە ناسنامە بۆ تێکستی ڕۆمانەکە دەستەبەر دەکات.

• ئەم شێوازی کارکردنەی ڕۆمان، شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە کەوا لە بونیادی کارەکانیاندا شێوە گێڕانەوەیەکی ئارکیۆلۆژییانە لە وێناکردنەوەی فەراهەم کراوە، شێوازی گێڕانەوە هەمیشە بەشێوەیەکی زنجیرەیی یەک بە دوای یەک دونیای تێدا بینراوی نێو ڕۆمانەکە ناگێڕدرێتەوە.

• لەم رۆمانەدا نیشاندانەوەی وێنەخواستن، وێناکردنەوەی سروشت، شێوەی ژیان و ژینگەی بیرکردنەوە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی نییە، کەوا لەسەر هێڵێکی روون گێڕانەوەکان بە دوای یەکدا هاتبن، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەیە کەوا کاریگەری زیاتر دروست بکات، کەوا دەکات کۆی وێنەی سەردەمی گێڕانەوەکە نیشان بدات، یاخود کاریگەری دروستکردن لەسەر پوختەی گرێچن پاشان زیاتر جەختکردنە لەسەر ئەو هۆ و هۆکارانەی وایانکردووە، رووداوە گەورەکانی ئەو زەمەن و زەمینەی تێدا دروست بێت.

**سەرچاوە/ کتێبە کوردییەکان**

ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٥)، جیهانی ڕۆمان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

ئەحمەدزادە، هاشم (٢٠١٨)، گێڕانەوەناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مانگ، سنە.

پامۆک، ئۆرهان (٢٠١٦)، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، وەرگێڕانی: بەکر شوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

حەسەن، حەمەسەعید (٢٠١٨)، ڕۆمان و ژیاننامە، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

سەلمان، بەیان (٢٠١٢)، نەوەکانی مادایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سۆز، سلێمانی.

ئەلعەزاوی، د.عومەر جەسام (٢٠٢٠)، کورتەیەک لەبارەی شوێنەوارناسی: وەرگێڕانی عەبدوڵلا خورشید قادر، چاپی یەکەم، تاران.

محەمەد، مەسعوود (٢٠١١)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠٢١)، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

نصير، ياسين (١٩٨٠)، الرواية والمكان، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، العراق.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

-Bachelard, Gaston (1994), The poetics of space Translated from the French by: Maria Jolas With a new Foreword by John R. Stilgoe Beacon Press , New York.

-Darvill, timothy (2003), the concise oxford dictionary of archaeology, Rutledge, London and New York.

-Foucault, Michel (2002), Archaeology of knowledge, translate by: A. M. Sheridan Smith, London and New York,.

- العلاقة بين اللفظ والمعنى في مستوى الكلمة المفردة علاقة اتساقية يكونان فيها وحدة لا انفصام لها، وهذه العلاقة تظهر في مستوى التركيب من خلال جانبين متلازمين للتركيب هما: جانب المبنى الذي يتمثل في البنية الصوتية للتركيب، وتتجلى دراستها في ظاهرتين متلازمتين هما: ترتيب الكلمات والتنغيم، وجانب المعنى الذي يتمثل في البنية المعنوية للتركيب وتتضح دراستها في مجالين متلازمين هما: مجال الدراسة المنطقية للتركيب ومجال الدراسة التخاطبية الابلاغية للتركيب، تتجسد العلاقة التلازمية بين الدال والمدلول في أول سورة قصيرة وهي قوله تعالى: [اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ (١)] الى قوله تعالى [كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ (١٩)] (العلق ٩٦ / ١- ١٩). وذلك إننا نستدل بوجود الدال على وجود المدلول مثل التلازم الضروري بين وجود الشمس ووجود النهار فإذا رأيناها طالعة تيقنا من وجود النهار، ووجود الكتابة تدل على وجود الكاتب، وكذلك وجود الخلق يستلزم ضرورة وجود خالقه، شأن دلالة الاثار على مؤثريها، وأدلة القرآن الكريم من هذا النوع التي

يحس فيها القارئ بجهة التلازم الضرورية بين كل دال ومدلوله، ولما كان وجود الخلق يستلزم وجود الخالق كانت أول آية من القرآن الكريم وهي من قصار سوره تلفت نظر الانسان الى هذا الدليل كما هو وارد في سورة العلق وهي أول آية نزلت على النبي محمد (ﷺ) في غار حراء بجبل النور في مكة المكرمة، وبها تم خلاص البشرية من الجهل والشرك الى العلم والتوحيد.

- تعد القرينة الاسنادية من أقوى القرائن المبينة للمعنى، فاتحاد المسند والمسند اليه أقوى من اي رابط، ويجب فهم السياق بوصفه امتدادا خطيا منظما للكلام، ولابد لسلسلة الحلقات التي يحتويها هذا السياق ان تترابط، فالترابط هو شرط المعنى والاتصال بدونه يصبح انفصالا.
- تعد التبعية من القرائن المعنوية الهامة التي تشمل عملية الاتساق المعنوي والدلالي في العملية التخاطبية، وبها يتم تعيين علاقة التابع بالمتبوع على وفق الأغراض التخاطبية لأوجه التوابع.

## ثبت المصادر والمراجع


١)أ. د. هادي نهر، التراكيب اللغوية، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، ط/١، ٢٠٠٤م، عمان، الأردن.

٢)ابن خالويه (٣٧٠هـ)، الحجة في القراءات السبع، تحقيق: د. عبد العال سالم مكرم، ط/٢، دار الشروق، بيروت، لبنان.

٣) أبو اسحق ابراهيم بن السري (٣١١هـ) معاني القرآن و إعرابه للزجاج، شرح وتحقيق: د. عبد الجليل عبده شلبي، دار الحديث، ١٤٢٤هـ- ٢٠٠٤م، القاهرة.

٤) أبو البقاء عبد الله بن حسين بن عبد الله العكبري (٦١٦ هـ)، التبيان في إعراب القرآن، تحقيق: إبراهيم عطوة عوض، البابي الحلبي بمصر، ط/١، ١٩٦١م.

٥) أبو الحسن علي بن عيسى الرماني (٣٨٤هـ)، النكت في إعجاز القرآن ضمن ثلاث رسائل في اعجاز القرآن، تحقيق: محمد خلف الله حمد، و د. محمد زغلول سلام، دار المعارف، ط/٣، ١٩٧٦م، مصر.

٦)أبو الحسن علي بن مؤمن بن محمد بن عصفور الأشبيلي (٦٦٩ هـ) شرح جمل الزجاجي، تحقيق: صاحب أبو جناح، طبع بمطابع مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، ١٩٨٠م.
٧) أبو الحسين أحمد بن فارس بن زكريا (٣٩٥هـ) معجم مقاييس اللغة، تحقيق: عبد السلام محمد هارون، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، ط/ ٢، ١٣٩٢هـ- ١٩٧٢م.
٨) أبو الفتح عثمان بن جني النحوي (٣٩٢هـ)، اللمع في العربية، حققه: د. فائز فارس، دار الأمل للنشر و التوزيع، ط/١، ١٩٧٢م، و ط/ ٢، ١٩٩٠م، الأردن، أربد.
٩) أبو القاسم الحسن بن محمد الراغب الاصفهاني (٥٠٢هـ) مفردات الفاظ القرآن، تحقيق: محمد سيد كيلاني، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت.
١٠) أبو القاسم جارالله محمود بن عمر الزمخشري (ت ٥٣٨ هـ)، أساس البلاغة، ١٩٧٩م، بيروت، دار صادر.
١١) أبو بشر عمرو بن عثمان بن قنبر (١٨٠هـ) الكتاب: سيبويه، تحقيق: عبد السلام محمد هارون عالم الكتب، ط/ ٣، بيروت.
١٢) أبو بكر عبد القاهر بن محمد عبد الرحمن الجرجاني النحوي (٤٧١ هـ)، دلائل الإعجاز، تحقيق: د. محمود محمد شاكر، مكتبة الخانجي، ط/٥، ١٤٢٤هـ - ٢٠٠٤م، بالقاهرة.
١٣) أبو جعفر بن جرير الطبري (ت٣١٠هـ)، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تصحيح علي عاشور، ط/١، دار إحياء التراث العربي، ١٤٢٠هـ - ٢٠٠١م، بيروت، لبنان.
١٤) أبو زكريا يحيى بن زياد الفراء (٢٠٧هـ)، معاني القرآن، تحقيق: محمد علي النجار و إسماعيل شلبي و علي النجدي، ١٩٧٢م، القاهرة.
١٥) الأخفش، سعيد بن صعدة البلخي المجاشحي (ت٢١٥هـ)، معاني القرآن، تحقيق: د. فائز فارس ط٢، ١٤٠١هـ، ١٩٨١م، الكويت.
١٦) الإمام الفخر الرازي (ت٦٠٦هـ)، التفسير الكبير، دار الكتب العلمية، ط/٢، طهران.
١٧) بشير بن محمد بن حبيب، ديوان جرير، تحقيق د. نعمان محمد أمين طه، دار المعارف، القاهرة، ط/٢، مصر.
١٨) بهاء الدين عبد الله بن عقيل العقيلي المصري (٧٦٩هـ)، شرح ابن عقيل على ألفية ابن مالك (٦٧٢هـ)، تحقيق: محمد محيى الدين عبد الحميد، ط/٤، دار الفكر مطبعة السعادة، ١٩٦٤م، مصر، القاهرة.
١٩) جار الله محمود بن عمر الزمخشري (٥٣٨هـ)، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل وعيون الاقاويل في وجوه التأويل، الطبعة الاخيرة، دار الكتاب العربي، ١٩٦٦م، بيروت.

٢٠) جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي (ت ٩١١ هـ)، الإتقان في علوم القرآن، ضبطه و صححه و خرج آياته: محمد سالم هاشم، ط/١، ١٤١٢هـ - ١٩٩٢م.
٢١) الخليل بن أحمد الفراهيدي (١٧٥هـ) العين، تحقيق د. مهدي المخزومي ود. ابراهيم السامرائي، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٥م، بغداد.
٢٢) د. أحمد أحمد بدوي، من بلاغة القرآن، مطبعة النهضة، ط/ ٣، ١٩٥٠م، القاهرة، مصر.
٢٣) د. أحمد مختار عمر، ود. عبد العال سالم مكرم، معجم القراءات القرآنية، مطبوعات جامعة الكويت، ط/ ١ وط/ ٢، ١٩٨١م.
٢٤) د. أحمد مطلوب، أساليب بلاغية (الفصاحة البلاغة المعاني).
٢٥) د. النصر حامد أبو زيد، مفهوم النص دراسة في علوم القرآن، المركز الثقافي العربي، ط/ ٦، ٢٠٠٥م، الدار البيضاء/ المغرب، بيروت/ لبنان.
٢٦) د. تمام حسان، اللغة العربية معناها و مبناها، ١٩٧٣م، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
٢٧) د. سناء حميد البياتي، قواعد النحو العربي في ضوء نظرية النظم، دار وائل للنشر، ط/ ١ ٢٠٠٣م، عمان، الأردن.
٢٨) د. صائل رشيدي شديد، عناصر تحقيق الدلالة في العربية (دراسة لسانية)، ط/ ١، ٢٠٠٤م، الأردن.
٢٩) د. صبحى إبراهيم الفقي، علم اللغة النصي بين النظرية والتطبيق دراسة تطبيقية على السور المكية، دار قباء للطباعة والنشر، ط/ ١، ١٤٣١هـ- ٢٠٠٠م، القاهرة، الفجالة.
٣٠) د. عائشة عبد الرحمن (بنت الشاطيء)، الإعجاز البياني للقرآن و مسائل ابن الأزرق (دراسة لغوية بيانية)، ط/٣، ١٤٠٤هـ - ١٩٨٤م، القاهرة، دار المعارف.
٣١)د. فاضل صالح السامرائي، معاني النحو، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ط/ ٢، ١٤٢٣هـ- ٢٠٠٢م، عمان، الأردن.
٣٢) د. كمال بشر، علم اللغة الاجتماعي (مدخل)، دار غريب، القاهرة.
٣٣) د. منير سلطان، إعجاز القرآن بين المعتزلة والأشاعرة، القاهرة، مصر.
٣٤) د. يحيى عبابنة ود. آمنة الزعبي، علم اللغة المعاصر مقدمات وتطبيقات، دار الكتاب الثقافي، ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٦ م، الأردن/ أربد.
٣٥) شرف الدين الحسيني بن محمد عبد الله الطيبي (ت ٧٤٣ هـ)، التبيان في البيان، تحقيق: د. توفيق الفيل وعبد اللطيف لطف الله، ط/١، ١٩٨٦م، الكويت.

٣٦) ضياء الدين نصرالله ابن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبد الكريم ابن الاثير الجزري المتوفى (٦٣٧هـ)، المثل السائر في أدب الكاتب والشاعر، تحقيق: كامل محمد عويضه، دار الكتب العلمية، ط/ ١، ١٤١٩هـ- ١٩٩٨م، لبنان، بيروت.
٣٧)طاهر بن أحمد بن بابشاذ (٤٦٩هـ)، شرح المقدمة المحسبة، تحقيق: خالد عبد الكريم، ط/ ١، المطبعة العصرية، ١٩٧٦م، الكويت.
٣٨) عبد القادر عبد الرحمن السعدي، أثر الدلالة النحوية واللغوية في استنباط الأحكام من آيات القرآن التشريعية، ط/ ١، ١٤٠٦ هـ - ١٩٨٦م، بغداد، مطبعة الخلود.
٣٩) على بن سليمان الحيدرة اليمني (٥٩٩هـ)، كشف المشكل في النحو، تحقيق: د. هادي عطية، مطبعة الارشاد، ١٤٠٤هـ- ١٩٨٤م، بغداد.
٤٠) كمال الدين أبو البركات عبد الرحمن بن محمد بن أبي سعيد الأنباري النحوي (٥٧٧هـ)، الإنصاف في مسائل الخلاف بين النحويين: البصريين و الكوفيين، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد، ط/١، بيروت، دار الفكر.
٤١) للإمام العلامة ابن منظور (٧١١هـ)، لسان العرب، مؤسسة التأريخ العربي دار أحياء التراث العربي، نسقه وعلق عليه ووضع فهارسه، مكتب تحقيق التراث، ط/ ٣، ١٤١٣هـ- ١٩٩٣م بيروت، لبنان.
٤٢) محمد أبو زهرة، المعجزة الكبرى (القرآن)، دار الفكر العربي.
٤٣) محمد الأمين بن محمد المختار الجكني الشنقطي، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، بيروت، عالم الكتب.
٤٤) محمد الطاهر ابن عاشور، التحرير و التنوير، دار سحنون للنشر و التوزيع، ١٩٩٧م، تونس.
٤٥) محمد بن إسماعيل أبو عبد الله البخاري الجعفي (٢٥٦هـ)، صحيح البخاري، تحقيق د. مصطفى ديب البغى، ط/٣، دار إبن كثير، بيروت.
٤٦) محمد بن يوسف بن حيان الشهير بأبي حيان الأندلسي الغرناطي (ت٧٥٤هـ)، البحر المحيط، مطابع النصر الحديثة، السعودية، الرياض.
٤٧) محمد خطابي، لسانيات النص: مدخل الى انسجام الخطاب، المركز الثقافي العربي، ط/١، ١٩٩١م، الدار البيضاء، المغرب.
٤٨) محمد عبد الخالق عضيمة، دراسات لأسلوب القرآن الكريم، دار الحديث١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م، لقاهرة.
٤٩) محمود بن حمزة بن نصر الكرماني، أسرار التكرار في القرآن، تحقيق: عبد القادر أحمد عطا، دار أبو سلامة للطباعة والنشر، تونس.

## پوختە
## (پەیوەندییە بەهێزەکانی پاشکۆیی لە گوتاری سوورەتە کورتەکانی قورئاندا)

ئەو باسە توێژینەوەیەکی زمانەوانییە، باس لە هەندێ پاشکۆی پەیوەندی دەکات کە دەبنە هۆو ئامرازی توندو تۆڵی و پاڵپشتی کردن لە نێوان پێکهاتەی نێوان وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی، وەکو : ( دڵنیاکردنەوە، گەڕانەوە بۆ پێشەوە، لەبری و لەجیاتی) و کۆمەڵێک دەستەواژەی تر کە هەموویان دەرخستەی ئەو ئیعجازو ڕەوانبێژییە بێ هاوتایەی قورئانی پیرۆز دەردەخەن لە ڕووی دەنگ سازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازیدا. وە لەبەرئەوەی ئەو بابەتە زۆر فراوان و هەمەلایەنە، باسەکە تەنها چەند لایەنێکی کەمی ئەو دەستەواژەو واتایانەی لە سوورەتە کورتەکانی قورئانی پیرۆزدا هەڵبژارد، کە خۆی لە داڕشتنێکی ڕێکوپێک گونجاو لە وشە و واتادا دەبینێ.

وە باسەکە بەکورتی باسی گرینگترین ئەنجامەکانی دەکات لەوانە:

١- دەقی قورئانی پیرۆز لەو سوورەتانەدا لەسەر بنەمای واتاسازییەکی توندوتۆڵ بینا کراوە لە ئاڕاستەکانی گوتاردا.

٢- پەیوەندیی نێوان وشە و واتاکان زۆر گونجاو و بەهێزە، بەشێوازێک هەموویان دەبنە تەواوکەرو پشتیوانی یەکترو بەهیچ شێوەیەک لێک ناترازێن.

٣- لە ڕووی داڕشتنەوە بە بەڵگە و پەیوەندیی هەرە بەهێز داڕێژراوە لە هەموو ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و واتاسازیدا وێنەی ئەو داڕشتنە نابێت کە خۆی لە ئیعجازی قورئاندا دەبینێتەوە لە هەموو ئاستەکاندا.

کلیلە داخراوەکان: بەستنەوەی پەیوەندی، گوتار، دڵنیا کردنەوە، گەڕانەوە بۆ پێشەوە، لەبری و لە جیاتی، پاشکۆی پەیوەندی

# ABSTRACT

## The Powerful Affixational Relations in the Rhetoric of the Short Surahs of the Holy Qur’an’’

The present work is linguistic research that deals with some affixational relations that act as causes and devices for strengthening and support among the components of morphology, syntax and semantics like; emphasizing, revert to the beginning, instead of and a group of other terminologies that clarify the inimitability (miraculousness) and the unique rhetorical language of the Holy Qur’an regarding phonetics, morphology, syntax and semantics.

As the current subject under study is so wide and multidimensional, the research selects only limited parts of the terms and meanings of the short Surahs in the Holy Qur’an that depicts itself in a strict suitable composition of words and meanings.

The paper then sheds light on its results:

1-The text of the Holy Qur’an is built on a strong basis in the rhetoric of addressing.

2-The relations between the words and their meanings are very strong and suitable in a way that they all complete and support each other so that they never disintegrate.

3-Regarding composition, although the all are constructed with solid proofs and relations in all the levels of phonetics, morphology, syntax and semantics, but it never can be like that portrait of the composition indicated in the inimitability of the Holy Qur’an in all the levels.


**Key words :Affiliation consistency, discourse, emphasis, coordination, Affixational relation, Appositive**

# تایبەتمەندییەکانی گەشە وهەژموونی شارنشینی لەپارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)

## (توێژینەوەیەک لە جوگرافیای شار)

**توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرا بەناوی (هاوسەنگی شوێنیی وەزیفەکان لەنێوان نێوەندە شارنشینییەکانی پارێزگای هەولێر).**


**پ.د.نەشوان شوکری عەبدوڵلا**
بەشی جوگرافیا
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی دهۆک
nashwan.shukri@uod.acd

**م.ئەمیر قادر عەزیز**
بەشی جوگرافیا
کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
ameer.azeez@su.edu.krd



**پوختە**

گەشەی شارنشینی یەکێکە لە دیارترین دیاردە جوگرافیەکانی جیهان، بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ لە هەندێک ناوەندی شارستانیدا کۆبوونەتەوە، کە لەدەرئەنجامدا کێشەی ناهاوسەنگیی قەبارەیی شارەکانی لێدەکەوێتەوە و پاشانیش هەژموونی شارنشینی بەدوادا دێت. پارێزگای هەولێریش لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) گۆڕانێکی گەورەی لە گەشەی شارنشینی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر گشت لایەنەکانی سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکە.

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لەماوەی توێژینەوەکەدا بەسەر سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکەدا هاتووە لەگەڵدەرخستنی ڕووەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر.

پلانی توێژینەوەکەش بریتییە لە سێ تەوەر، یەکەمیان تایبەتە بە بەرەوپێشچوونی گەشەی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون لە

پارێزگای هەولێر، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی کراوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە، لەمیانەی چەند چێوەرێکەوە خەسڵەتەکانی هەژموونی شارنشینی پێوانە کراوە. لە کۆتاییشدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، دیارترینیان بریتییە لە ناهاوسەنگی گەشە و زیادبوونی قەبارەیی دانیشتوانی ناوەندە شارستانییەکان، وە بەدرێژایی ماوەکەش شاری هەولێر هەژموونی خۆی سەپاندووە بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی پارێزگاکە.

**وشە سەرەکییەکان:** گەشەی دانیشتووان ـ نمو السكان ـ Population Growth، قەبارەی دانیشتووان ـ حجم السكان ـ Population Size، گەشەی شارنشینی ـ نمو الحضری ـ Urban Growth، هەژموونی شارنشینی ـ الهیمنة الحضرية ـ Urban Primacy، سیستەمی شارنشینی ـ نظام الحضری ـ Urban System.

## ١ـ پێشەکی

گەشەی شارنشینی یەکێکە لە گرینگترین ئەو بابەتانەی کە بووەتە جێگای هەڵوەستەکردن و گرنگی پێدان لەلایەن پسپۆڕیە جیاوازەکانەوە لەنێوانیشیاندا پسپۆڕانی بواری جوگرافیا، وە لە دیارترین دیاردە جوگرافییەکانی جیهانیشە، بەجۆرێک ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لە هەندێک ناوەندی شارستانیدا کۆبوونەتەوە و لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی زۆری شارەکان کەم دانیشتووانن، کە لە دەرئەنجامدا کێشەی بەرەوپێشچوونی ناهاوسەنگیی قەبارەیی شارەکانی لێدەکەوێتەوە و پاشانیش هەژموونی شارنشینی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەشێوەیەک شارێک یان چەند شارێک باڵادەستیی خۆیان بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی ناوچەکەدا دەسەپێنن.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) گۆڕانێکی گەورەی لە تێکڕاکانی گەشە و قەبارەی شارنشینی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە بەسەر فراوانبوونی شار و گردبوونەوەی

دانیشتووان لە شاری سەرەکیدا، ئەمەش لەماوەیەکی دووردا دەبێتە هۆی داڕووخانی ژینگەی شارستانیی پارێزگاکە.

**گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لە:**

١. گۆڕانکاریەکانی بەشاریبوون کاریگەری لەسەر تەواوی سیستەمی شارنشینی لە پارێزگای هەولێردا هەبووە.

٢. هەژمـوونی شارنشـینی هەر لە سـەرەتای مـاوەی تـوێژینەوەکەوە بە پلەیەکی توند بەدەرکەوتووە لەگەڵ زیادبوونی پلەکەی ساڵ لەدوای ساڵ.

**ئامانجی توێژینەوە:**

١. دیـاریکردنی ئەو گۆڕانکاریـانەی لەمـاوەی تـوێژینەوەکەدا بەسـەر سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکەدا هاتووە.

٢. دەرخستنی ڕووەکانی هەژمووونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر.

**کێشـەی تـوێژینەوە**:کێشـەی تـوێژینەوەکە لەمیـانەی چەنـد پرسـیارێکەوە دیاریدەکەین کە بریتین لە:ـ

١. ئایا گۆڕانکاری ڕوون و ئاشکرا لە قەبارەی شارەکاندا ڕوویانداوە؟

٢. هەژمـــوونی شارنشـــینی لە سیســـتەمی شارنشـــینیی پارێزگـــاکەدا گەیشتووەتە چ ئاستێک؟

٣. مـاوەی جیـاوازیی تێکڕاکـانی گەشـە لەنێـوان شـارەکاندا چەنـدە کە بـووەتە هـۆی گردبـوونەوەی دانیشـتووان لە شـارێکی دیـاریکراو و جێگیرکردنی لە پلەبەندی هەرەمی دانیشتووانی پارێزگاکەدا.

**میتۆدی توێژینەوە**:لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی استقرائی وەکـو میتـۆدێکی سـەرەکی لەگەڵ بەکارهێنـانی چەنـدین شـێوازی وەسـفی و شیکاری و ئاماری لە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی داتاکاندا.

**ناوچەی توێژینەوە**: پارێزگای هەولێر یەکێکە لە پارێزگا سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ڕووی جوگرافیەوە لە بەشی ناوەڕاستیەوە هەڵکەوتووە، وە سەنتەرەکەی شاری هەولێرە و پایتەختی کارگێڕیی

هەرێمەکەشە. وە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق لە نێوان بازنەکانی پانی (٣٥،٢٢ و ٣٧،١٩)ی باکوور و نێوان هەردوو هێڵی درێژی (٤٣،٢٠ و ٤٥،٠٥)ی ڕۆژهەڵات. لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی تورکیا و بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتیشی وڵاتی ئێرانە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و بەشی ڕۆژئاواشی سنووری پارێزگای دهۆکە، هەرچی بەشی باشوورەکەشیەتی زێی بچووک سنوورەکەی لە پارێزگای کەرکووک جیادەکاتەوە، وە لە بەشەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ پارێزگای نەینەوا. نەخشەی (١).

**نەخشەی (١) پێگەی ناوچەی توێژینەوە**

**بەگوێرەی عێراق و هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە: ١. هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی سیستمی زانیاری و نەخشەسازی، نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان. ٢. (حداد و محمود، ٢٠٠٩، ١١).

**پلانی توێژینەوە:** بەمەبەستی پێکانی ئامانج توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم تایبەتە بە شیکردنەوەی بەرەوپێشچوونی گەشە و قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون لە پارێزگای هەولێر، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگاکە کراوە، هەرچی تەوەری سێیەمیشە، لە میانەی چەند چێوەرێکەوە خەسڵەتەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگاکەدا پێوانە کراوە.

## ٢ ـ شیکردنەوەی بەرەوپێشچوونی گەشە و قەبارەی دانیشتووان لە پارێزگای هەولێر

### ٢ ـ١ـ بەرەوپێشچوونی گەشەی دانیشتووان لە پارێزگای هەولێر

لێکۆڵینەوە لە گەشەی دانیشتووان بە یەکێک لە هۆکارە پێویستەکان دادەنرێت بۆ پەردەلادان لەسەر بەرەوپێشچوونی دانیشتووان لە هەر ناوچە و هەرێمێکدا. ئەوەی کە دیاریشە پارێزگای هەولێر بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە گۆڕانکاریەکی دیمۆگرافی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە بەردەوامانەی کە لە هەردوو جووڵەی سروشتی و شوێنجێییدا (کۆچ) ڕوویانداوە.

ئاڕاستە و ئاستەکانی گەشەی دانیشتووان لە ڕووی کات و شوێنەوە لە پارێزگای هەولێر جیاوازیی گەورەیان بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک لە هەندێ ماوەدا ئاستی گەشەی شارنشینان زۆر بەرزترە لە ئاستی گەشەی دانیشتووان بەگشتی و لە هەندێ ماوەشدا شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، کە دەکرێت لە میانەی خشتەی (١) و شێوەی(١)دا تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. لە ماوەی ساڵانی(١٩٥٧- ١٩٨٧) ئاستی تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووانی شارنشین زۆر بەرزترە لە ئاستی تێکڕای زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووانی دێنشین و تەواوی دانیشتووانی پارێزگا و هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک لەم ماوەیەدا بە تێکڕای گەشەی

ساڵانەی (٧.١%) قەبارەی دانیشتووانی شارنشین (٢١٥٠٠٧) کەس زیادی کردووە بەڕێژەی (٢٩٤%)، ئەم ڕێژەی زیادبوونەش زیاتر لە دوو بەرامبەری گەشەی دانیشتووانی تەواوی پارێزگاو هەرێمەکەیە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکەیان بریتییە لە (٣.٤٧%) و (٢.٨٥%)، کەچی دانیشتووانی دێنشین لەم ماوەیەدا بەڕێژەی (٢٦.٥%) زیادی کردووە بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی تەنها (١.١٨%)، بەمەش قەبارەکەی گەیشتووەتە (٥٣٠٦٦) کەس، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە رامیاریە ناساقامگیرەی کە ناوچەکە پیایدا تێپەڕیوە کە بەشۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵەکانی (١٩٦١ -١٩٦٣) دەست پێدەکات و پاشانیش بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧١ و تاوەکو دەگاتە ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، ئەمە سەرەڕای کاریگەری دیاریکردنی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٧٤ بە پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیلە کوردستانی عێراق، هەموو ئەم ڕووداوانە بوونەتە هۆی جووڵەی دێنشینان بەرەو ناوەندی شارەکان (عزیز، ٢٠١٣، ص٦٧).

٢. دیاردەی بەشارستانیبوون و گەشەی شارستانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٧) بەردەوام بووە و بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە هەڵکشان بووە، بەجۆرێک دانیشتووانی شارنشین لەم ماوەیەدا بەرزترین ڕێژەی گەشەی بەخۆوە بینیوە بە بەراورد بە گشت ماوەکانی دیکەی توێژینەوەکە، بەشێوەیەک کە تێکڕای زیادبوونی ساڵانەی دانیشتووانی شارنشین لەم ماوەیەدا گەیشتووەتە (٧.٥٤%) کە زیاتر لە دوو بەرامبەرە لە زیادەی ساڵانەی دانیشتووانی تەواوی پارێزگاکە و هەرێم، بەمەش دانیشتووانی شارنشین بەڕێژەی زیاتر لە (١٠٦%) (٣٠٨٠٥٤) کەس زیادی کردووە، لە بەرامبەریشدا لەم ماوەیەدا دێنشینان بەڕێژەی (٣.٦٧%) کەمی کردووە، هۆکاری سەرەکیش لەمە بریتییە لەو ڕووداو و بارودۆخە ڕامیاری و ناسەقامگیرەی کە ناوچەکە پیایدا تێپەڕیوە لەم ماوەیەدا، وەکو ڕووداوەکانی جەنگی (عێراق – ئێران) لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠-

١٩٨٨) هەروەها ململانێکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دژی حکومەتی عێراق، کە دەرئەنجامی هەموو ئەمانە بوونە هۆی وێرانکردنی زۆربەی لادێکانی پارێزگاکە و کۆچ پێکردنی دانیشتووانەکەیان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵگا زۆرەملێکان و ناوەندی شارە سەرەکیەکان.

خشتەی (١)

تێکڕاکانی گەشەی دانیشتووان بەپێی شار و گوند لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان (١٩٥٧ - ٢٠٢٠)

| سالەکان | دێنشین | | | شارنشین | | | پارێزگا | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زیادەی دانیشتووان | | تێکڕای گەشە % | زیادەی دانیشتووان | | تێکڕای گەشە % | تێکڕای گەشە % | تێکڕای گەشە % |
| | ژمارەی زیادبوون | % | | ژمارەی زیادبوون | % | | | |
| ١٩٥٧-١٩٧٧ | ٥٣٠٦٦ | ٢٦.٥ | ١.١٨ | ٢١٥٠٠٧ | ٢٩٤.٣ | ٧.١ | ٣.٤٧ | ٢.٨٥ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | -٧٩٠٧١ | -٣١.٢ | -٣.٦٧ | ٣٠٨٠٥٤ | ١٠٦.٩٤ | ٧.٥٤ | ٣.٦ | ٢.٧٤ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٩ | ٢٢٨٣٧٧ | ١٣١ | ٣.٨٨ | ٧١٦٠٥٩ | ١٢٠.١ | ٣.٦٥ | ٣.٧ | ٢.٧ |
| ٢٠٠٩-٢٠٢٠ | ١٢٧٨٠٦ | ٣١.٧٤ | ٢.٥٤ | ٤١١٧٣٥ | ٣١.٣٨ | ٢.٥ | ٢.٥ | ٢.٣ |
| ١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٣٣٠١٧٨ | ١٦٤.٨ | ١.٥٦ | ١٦٥٠٨٥٥ | ٢٢٥٩.٧ | ٥٥.١ | ٣.٤ | ٢.٧ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية للتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل واربيل ولكافة العراق، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٣، جدول (٤) و(٨).

٢. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة اربيلولكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٨، جدول (٢).

٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة اربيل ولكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨، جدول (١).

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، داتای گەمارۆسازی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر(٢٠٠٩).

٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، ئاماری دانیشتووانی پارێزگای هەولێر(٢٠٢٠).

٣. لـە مـاوەی نێـوان سـالآنی (١٩٨٧- ٢٠٠٩) نزمبوونەوەیـەکی گـەورە دەردەکەوێت لە ڕێژەی گەشـەی دانیشـتووانی شـارنشـین بە بـەراورد بە ماوەکانی پێشووتر، بـەجۆرێک لـەم ماوەیـەدا ڕێژەکە دابـەزیوە بـۆ (٣.٦٥%) لە بەرامبەریشـدا ڕێژەی گەشـەی دێنشـینان بەرزبووەتـەوە بـۆ(٣.٨٨%)، ئەمانـەش هـاوجووتن لەگـەڵ ڕێـژەی گەشـەی تـەواوی دانیشـتووانی پارێزگاکـە کـە بریتییـە لـە (٣.٧%)، بەمەش ڕێـژەی زیادبوونی قەبارەی دانیشتووانی شارنیشین و گوندنشین زۆر لەیەک نزیک بوونەتەوە و جیاوازیەکەیان تەنها بریتییە لە (١٠%)، بەجۆرێک ئەم جیـاوازیە لە مـاوەی یەکەم گەیشـتبووە (٢٦٨%) و مـاوەی دووەمـیش گەیشـتووەتە نـزیکەی (١٠٦%)، هۆکـاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بارودۆخـە ئـارام و سـەقامگیرەی ناوچەکـەی گرتووەتەوە بە بەراورد بە ماوەکانی پێشتر لـەدوای ڕاپـەڕینی ١٩٩١ کە گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانی بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ ناوچـە لادێییەکان.سـەرەڕای دابـەزینی ڕێـژەی گەشـەیان بـەڵام زیادەی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لـەم ماوەیـەدا بەڕێژەی (١٢٠%) (٧١٦٠٥٩) کـەس زیادیـان کـردووە، ئەمـەش زیـاتر لـە دوو بەرامبەرە بە زیادەی دانیشتووان لە ماوەی پێشووتر.

٤. جێگـای ئاماژەیـە کـە لـە مـاوەی نێـوان سـالآنی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) دانیشتووان لەسەر ئاستی گشتی پارێزگا و هەریەکە لە شـار و لادێ لـە یـەک ئاسـتی گەشـەدان کـە بریتییـە لـە نزیکـەی (٢.٥%)، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بـەردەوامیی باشـتربوونی بـارودۆخی ئاسـایش و ڕامیاری و ئابووریی ناوچەکە.

### شێوەی (١)

تێکڕاکانی گەشەی ژینگەیی دانیشتووان لە پارێزگای هەولێر و
هەرێمی کوردستان لەماوەی نێوان (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (١).

لە هەموو ئەمانەی کە باس کران گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لەماوەی توێژینەوەکەدا ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە، بەجۆرێک لە تەواوی ماوەکەدا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتییە لە (٥،١٥%)، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و ئاستی بەرزی بەشارستانیبوون دەنوێنێ، هۆکاری ئەمەش بریتییە لەو بارودۆخەی کە وایکردووە ناوەندە شارستانیەکان ببنە ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتووان بەتایبەتیش شاری هەولێر کە بەدرێژایی مێژوو سەنتەری کارگێڕی ناوچەی کوردستانە و بووەتە جێگای چڕبوونەوەی گشت جۆرە جیاوازەکانی خزمەتگوزاریەکان و دامەزراوە حکومیەکان، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی ئەم شارە بە ڕووی جیهانی ئابووری و شارستانیی دەرەوە. ئەمەش بێگومان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر لایەنی خزمەتگوزاریەکان لەنێوان یەکە کارگێڕیەکاندا.

## ٢ ـ ٢ ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەیی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون

گومانی تیادا نییە کە قەبارەی دانیشتووان لە گشت بوارەکانی زانستە مرۆییەکان بە شادەماری توێژینەوەکان دادەنرێت، وە تەوەرێکی سەرەکیشە کەوا کێشە مرۆییەکان بەدەوریدا دەخولێنەوە، هەروەها پلانەکانی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنیش لەسەر ئەم بونیادنراون. قەبارەی دانیشتووان لە هەر یەکەیەکی شوێنیدا وەکو ئاوێنەیەک وایە کە پێوەرەکانی سەنگی ئابووری و بالانسە مرۆییەکان تیایدا بەدەردەکەون، بەجۆرێک هەر گۆڕانکاریەک لە قەبارەی دانیشتووان جا چ بەرەو زیادە یان کەمبوونەوە بێت بە گرنگیەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر نرخی پێوەرەکانی پێشوو (هروری، ٢٠١٢، ص٨٥) هەر لەبەر ئەمەشە کە قەبارەی دانیشتووان گرنگیەکی گەورەی هەیە سەبارەت بە گشت هۆکارەکانی بەرهەمهێنان، بۆیە پێویستە جۆرێک لە هاوسەنگی بەدی بهێنرێت لەنێوان قەبارەی دانیشتووان و دەرامەتە بەردەستەکان کە بە قەبارەی نموونەیی دانیشتووان ناسراوە (عطوی، ٢٠٠١، ص٧٧).

### ٢ ـ ٢ـ ١ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەیی دانیشتووان و ڕێژەی بەشارستانیبوون لەسەر ئاستی پارێزگا

لە ماوەی نێوان سالانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠) کە ماوەی توێژینەوەکەمانە قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرزبوونەوەدایە، بەتایبەتیش دانیشتووانی شارنشین، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گەورە بەدی دەکرێت لەڕێژەی بەشارستانیبوون لە ماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر کە دەکرێت بە سەرنجدان لە خشتەی (٢) ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بخەینەڕوو:

١. دانیشتووانی شارنشین لە ساڵی (١٩٥٧) تەنها (٢٦.٧٢%) لە کۆی دانیشتووانی پارێزگای هەولێریان پێکهێناوە، وە ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (١٩٧٧) بەرزبووەتەوە بۆ (٥٣.٢%)، پاشان ڕێژەکە بەشێوەیەکی

بــەرچاو هەڵکشــاوە و لــە ســاڵی (١٩٨٧) گەیشــتووەتە (٧٧.٣٧%)، ئەمــەش بــەرزترین ڕێــژەی شارنشــینە کــە ئــەم پارێزگایــە بــەخۆوەی بینیبێت لە تەواوی ماوەی توێژینەوەکەدا، هۆکاری سـەرەکیش لەمـەدا بۆ کاریگەری ئەو کۆچە فراوانە دەگەڕێتەوە کە حکومـەتی عێراقـی لـە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو بـە دانیشـتووانی گوندنشـینی کـردووە بــەرەو ناوەنــدە شارســتانیەکانی پارێزگاکــە (ســلیم و ســعید، ٢٠١٤، ل١٤٨).

٢. بـە درێژایـی مـاوەی سـاڵانی توێژینەوەکـە پەیوەندیـەکی پێچەوانـەی قەبارەیی بەدی دەکرێت لە نێوان دانیشـتووانی شارنشـین و دێنشـیندا، بــەجۆرێک بــە تێپــەڕبوونی کــات ڕێــژەی قــەبارەی شارنشــینان لــە بەرزبوونــەوەدا بــووە، بەشــێوەیەک لــە ســەرەتای ماوەکــەدا لــە (٢٦.٧٢%) بەرزبووەتــەوە بــۆ (٧٦.٤٧%) لــە کــۆی دانیشــتووانی پارێزگاکــە، لـە بەرامبەریشـدا لـە هـەمان مـاوەدا ڕێـژەی قـەبارەی دێنشـینانی پارێزگاکـە لـە (٧٣.٢٨%) دابـەزیوە بـۆ تـەنها (٢٣.٥٣%)، ئەمـــەش ئاماژەیـــەکی ڕوون و ئاشـــکرا و پلەیـــەکی بـــەرزی بەشارسـتانیبوونی دانیشـتووانی پارێزگـای هـەولێر دەردەخـات. ئەمـە سەبارەت بە دانیشتووانی هەرێمی کوردستانیش هەر ڕاستە.

خشتەی (٢)

**قەبارە و ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان بەپێی پێکهاتەی ژینگەیی (١٩٥٧- ٢٠٢٠)**

| ساڵ | قەبارەی دانیشتووانی پارێزگا | | | | | قەبارەی دانیشتووانی هەرێم | | | | | %ی پارێزگا لە هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لادێ | % | شار | % | کۆ | لادێ | % | شار | % | کۆ | لادێ | شار | کۆ |
| ١٩٥٧ | ٢٠٠٣٢٦ | ٧٣.٢٨ | ٧٣٠٥٧ | ٢٦.٧٢ | ٢٧٣٣٨٣ | ١٠٨٦٣٣١ | ٧١ | ٤٤٣٧١٢ | ٢٩ | ١٥٣٠٠٤٣ | ١٨.٤٤ | ١٦.٤٧ | ١٧.٨٧ |
| ١٩٧٧ | ٢٥٣٣٩٢ | ٤٦.٨ | ٢٨٨٠٦٤ | ٥٣.٢ | ٥٤١٤٥٦ | ١٣٨١٦٨٩ | ٥١.٤ | ١٣٠٦٤٢٢ | ٤٨.٦ | ٢٦٨٨١١١ | ١٨.٣٤ | ٢٢ | ٢٠.١٤ |
| ١٩٨٧ | ١٧٤٣٢١ | ٢٢.٦٣ | ٥٩٦١١٨ | ٧٧.٣٧ | ٧٧٠٤٣٩ | ١١٦٣٣٨٧ | ٣٣ | ٢٣٦٢٠٢٨ | ٦٧ | ٣٥٢٥٤١٥ | ١٤.٩٨ | ٢٥.٢٤ | ٢١.٨٥ |
| ٢٠٠٩ | ٤٠٢٦٩٨ | ٢٣.٤٨ | ١٣١٢١٧٧ | ٧٦.٥٢ | ١٧١٤٨٧٥ | ٢٠٩١١٠١ | ٣٣ | ٤٢٤٤٠٨٠ | ٦٧ | ٦٣٣٥١٨١ | ١٩.٢٦ | ٣٠.٩٢ | ٢٧ |
| ٢٠٢٠ | ٥٣٠٥٠٤ | ٢٣.٥٣ | ١٧٢٣٩١٢ | ٧٦.٤٧ | ٢٢٥٤٤١٦ | ٢٦١٩٤٠٣ | ٣٢ | ٥٥٦٦٢٣١ | ٦٨ | ٨١٨٥٦٣٤ | ٢٠.٢٥ | ٣٠.٩٧ | ٢٧.٥ |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (١).

٣. سەرەڕای ئەوەی کە قەبارەی دانیشتووانی شارنشین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەجۆرێک ڕێژەی قەبارەکەیان لە (٢٩%) لە کۆی دانیشتووانی هەرێمەکە بەرزبووەتەوە بۆ (٦٨%) لە کۆتایی ماوەکەدا، بەڵام بە بەراوردکردنی لەگەڵ پارێزگاکە، ئەوا دەردەکەوێت کە جگە لە سەرەتای ماوەکەدا لە ساڵی(١٩٥٧) کە ڕێژەی قەبارەی شارنشینانی هەرێم بەرزترە لە پارێزگا، بەڵام لە تەواوی ماوەکانی دیکەدا دانیشتووانی شارنشینی پارێزگا ڕێژەی قەبارەیان بەرزترە لە هەرێم، بەجۆرێک کە بەرزترین ڕێژەی شارنشین لە پارێزگاکە لە ساڵی (١٩٨٧) تۆمارکراوە و بریتییە لە (٧٧.٣٧%)، کەچی لە هەرێمدا ئەم ڕێژەیە لە هەمان ماوەدا گەیشتووەتە (٦٧%) واتە بە جیاوازی زیاتر (١٠%)، وە ماوەکانی دیکەش بەدوای یەکدا جیاوازیەکەیان بریتییە لە (٤.٦، ٩.٥٢، ٨.٤٨%).

٤. ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگا لە هەرێم لە تەواوی ماوەی توێژینەوەکە لە بەرزبوونەوەدا بووە، ئەمەش گرینگی پارێزگای هەولێر دەردەخات سەبارەت بە چڕبوونەوەی دانیشتووان بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە، بەجۆرێک لە سەرەتای ماوەکەدا پارێزگای هەولێر تەنها (١٧.٨٧%)ی قەبارەی دانیشتووانی هەرێمی پێکهێناوە، کەچی لە کۆتایی ماوەکەدا ئەم ڕێژەیە بەرزبووەتەوە بۆ (٢٧.٥%) بە جیاوازی نزیکەی (١٠%) لەنێوان هەردوو ماوەکەدا، بەم شێوەیەش پارێزگای هەولێر زیاتر لە چواریەکی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی لەخۆ گرتووە.

٥. گرینگی ڕێژەیی دانیشتووانی شارنشینی پارێزگا لە هەرێم بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەشێوەیەک لە ماوەی توێژینەوەکەدا لە (١٦.٤٤%) زیادی کردووە بۆ(٣٠.٩٧%)، بەمەش جیاوازی نێوان سەرەتا و کۆتایی ماوەکە گەیشتووەتە نزیکەی (١٥%)، کەچی ئەم

تایبەتمەندییە لە دانیشتووانی دێنشین بەدی ناکرێت، بەجۆرێک لە تەواوی ماوەی توێژینەوەکە کەمتر لە (٢%) زیادی کردووە.

### ٢ ـ ٢ـ ٢ـ بەرەوپێشچوونی قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی شارستانی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر

ئەوەی تایبەتە بە بەرەوپێشچوونی قەبارەیی و ڕێژەی بەشارستانیبوون لەسەر ئاستی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر، ئەوا لە ماوەی توێژینەوەکەدا جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت هەم لە ڕووی کات وە هەم لە ڕووی شوێنەوە هەروەکو لە خشتەی (٣) دەردەکەوێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. هەڵبەزو دابەزێکی گەورە بەسەر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکاندا هاتووە، بەجۆرێک ژمارەکەیان لە ساڵی (١٩٥٧) لە (١٨) ناوەندەوە زیادی کردووە بۆ (٢٢) ناوەند لە ساڵی (١٩٧٧)، کەچی لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەکەیان داکشاوە بۆ تەنها (١٣) ناوەند، هۆکاری سەرەکیش لەمە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە ڕامیاریەکان کە ئەویش خۆی لە چۆڵکردنی هەندێک ناوەند دەبینێتەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی جەنگی عێراق- ئێران کە ئەم ناوچانە ببوونە گۆڕەپانی جەنگ لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە ئەو سیاسەتەی کە حکومەتی ناوەند دژ بە ناوەندەکان پەیرەوی کرد کە خۆی لە لێسەندنەوەی سیفەی کارگێڕی دەبینێتەوە لە بەشێک لە ناوەندەکان (سلیم و سعید، ٢٠١٤، ١٥٠-١٥١). پاشان جارێکی تر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان بەرز دەبێتەوە بەجۆرێک لە ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەکەیان دەگاتە (٤٦) ناوەند، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تەواوی ئەو ناوەندانەی سیفەی کارگێڕییان هەبووە دوا بەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم سیفەیەیان پێدەدرێتەوە، ئەمە وێڕای پێدانی سیفەی کارگێڕی بە بەشێکی تر لە ئەنجامی پێداویستیی قۆناغەکە (سلیم و سعید، ٢٠١٤، ١٥١).

٢. سەبارەت بە قەبارەی دانیشتووانی سەنتەرە شارستانیەکان، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی سروشتیی دانیشتووان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە لە ئەنجامی کۆچی دانیشتووانەوەیە کە لە ماوە جیاوازەکاندا ڕوویانداوە بەهۆی ناسەقامگیری و بارودۆخە ڕامیاریەکانەوە، بەڵام هەندێک لە شارەکان بارودۆخێکی ناسروشتییان تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٥٧ هەریەکە لە کۆیە و ڕواندز و شەقڵاوە لە دوای شاری هەولێرەوە سێ گەورەترین ناوەندی شارستانین بە قەبارەکانی (٨٤٨٢) و (٨٢٣٧) و (٤١٩٦) کەس، شاری کۆیە تا کۆتا ماوەی توێژینەوەکە سەنگی خۆی لەنێو سیستەمەکەدا پاراستووە، بەڵام دوو شارەکەی تر پاشەکشەیان کردووە بەجۆرێک ڕواندز تا کۆتایی ماوەکە قەبارەکەی کەمتر لە دوو ئەوەندە زیادی کردووە، لە بەرامبەریشدا چەند شارێکی دیکەی قەبارە گەورە هاتوونەتە پێش وەکو ( عەنکاوە، دیانا، سۆران، کەسنەزان، بنەسڵاوە، هەریر).

٣. ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە لە هەریەکە لە ناوەندەکانی شاری هەولێر و شەقڵاوە گەیشتووەتە (١٠٠%) جگە لە ساڵی (١٩٨٧) کە ناوەندی شاری هەولێر ڕێژەکەی گەیشتووەتە (٩١.٨%). هۆکاری ئەمەش تەنها ڕەنگدانەوەی گرینگی ئەم شارانە بۆ ڕاکێشانی دانیشتووان ناگەیەنێت بەهۆی ئەوەی کە ناوەندێکی گرنگی کارگێڕی و خزمەتگوزارین، بەڵکو بۆ نەبوون یاخود کەمیی نشینگە لادێییەکانی سەر بەم ناوەندانە دەگەڕێتەوە.

٤. ڕێژەی شارنشین لەنێوان ناوەندە شارستانیەکاندا بەگوێرەی کات و شوێن جیاوازە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک لە ساڵی١٩٥٧ جگە لە ناوەندەکانی شاری هەولێر و شەقڵاوەکە ڕێژەی شارنشین گەیشتووەتە (١٠٠%)، ناوەندی کۆیە و ڕواندزیش بەدوای یەکدا بەرزترین ڕێژەی شارنشینیان لەخۆگرتووە کە بریتییە لە

(٣٧.٤%) و (٣٠.٧%)، بەجۆرێک قەبارەی دانیشتووانەکانیان لەدوای ناوەندی هەولێرەوە دوو گەورەترین قەبارەی شارنشینین و ژمارەی دانیشـــتووانەکانیان بـــریتییە لە (٨٤٨٢) و (٨٢٣٧) کەس، وە (١١) ناوەنـدیش رێـژەی شارسـتانییان کـەمتر بـووە لـە (٩%)، لـەنێوان ئەمانەشـدا نزمتـرین رێـژە لـە هەریەکـە لـە ناوەنـدەکانی (تەقتـەق و باقرت) تۆمارکراوە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکەیان بریتییە لە (٣.٣٤%) و (٢.٥%) بە ژمـــارە دانیشـــتووانی (٤٥٠) و(٢٥٤) کەس بـــۆ هەریەکێکیـان، دەکرێـت بڵێـین هۆکـاری ئەمـەش بریتییـە لـە زۆری نشـینگە لادێییـەکانی سـەر بـەم ناوەندانـە کـە زۆرتـرین ژمـارەی دانیشـتووانیان تیـادا کـۆ بووەتـەوە بـە بـەراورد بـە ناوەنـدە شارستانیەکانی دیکە.

٥. لە ساڵی ١٩٧٧ گۆڕانکاری بەرچاو بەسەر ڕێژەی بەشارستانیبوون لە ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکەدا هاتووە بە بەراورد بە ماوەی پێشووتر، بەجۆرێک جگە لە هەریەکە لە ناوەندەکانی شاری هەولێر و شەقلاوە کە پێگەی خۆیان پاراستووە و ناوەندی چۆمانیش وەکو ناوەندێکی نوێ ڕێژەی (١٠٠%)ی شارنشینیان تۆمارکردووە، ئەوا هەریەکە لە ناوەندەکانی (کۆیە، ڕواندز، مەخموور) بەرزترین ڕێژەی شارستانیان تۆمارکردووە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکانیان بریتییە لە (٦٣، ٥٦.٢، ٥٠%)، وە نزمترین ڕێژەی شارستانیش لە ناوەندەکانی (قوشتەپە و شۆڕش) تۆمار کراوە بەڕێژەکانی (٤، ٣.٨%) بەدوای یەکدا، ئەمەش بەهۆی زۆری ژمارەی نشینگە لادێییەکانی سەر بەم ناوەندانە لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ناوەندانە لەم ماوەیەدا تازە دروست بوون، وە شەش ناوەندیش زیاتر لە سێ بەرامبەری ڕێژەی شارنشینیان بەرزبووەتەوە.

## خشتەی (٣)

**قەبارەی دانیشتووان و ڕێژەی شارستانی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ژ | ناوەندە شارستانیە کان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | قەبارەی دانیشتووان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتووان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتووان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتووان | ڕێژەی شارستانی % | قەبارەی دانیشتووان | ڕێژەی شارستانی % |
| ١ | ناوەندی هەولێر | ٣٩٩١٣ | ١٠٠ | ١٩٣٥٥٨ | ١٠٠ | ٤٤٥٩٣٧ | ٩١.٨ | ٦٧٨٢٦١ | ١٠٠ | ٨٩٣٠٤٣ | ١٠٠ |
| ٢ | عەنکاوە | ٢٨٥٨ | ٦.٤ | ٥٧٥٥ | ١٩ | ١٩٣٤٠ | ٢٦.٦ | ٢٢٠٢١ | ١٠٠ | ٢٨٩٤١ | ١٠٠ |
| ٣ | شەقڵاوە | ٤١٩٦ | ١٠٠ | ٩٨٢٦ | ١٠٠ | ١٧٥٦٥ | ١٠٠ | ٢١٣٢٢ | ١٠٠ | ٢٨٠٨١ | ١٠٠ |
| ٤ | هەریر | ٩٤٨ | ٥ | ٣٧٥٥ | ٢٣ | ١٦٦٣٣ | ٦٢.١ | ٢٤٨٤١ | ٧٣.٣ | ٣٢٧٥٦ | ٧٣.٥ |
| ٥ | خۆشناو(هیرا) | ٦٨٩ | ٧.٣ | ١٢٢٠ | ١٣ | - | | ١٦٩١ | ٣٦.١ | ٢٢٣٢ | ٣٥.٣٥ |
| ٦ | سەلاحەدین | ٥٨٦ | ٥.١٤ | ٤٤٥١ | ٢٢.٤ | ٧١٢٩ | ٣٤ | ٣٠٩٨٢ | ٧٣ | ٤١٦٣٣ | ٧٣.٨ |
| ٧ | مەخمور | ١٥٣٤ | ٢٣.٣ | ٥٣٠٧ | ٥٠ | ١٢٧٨٥ | ٧٤.٤ | ١٥٣١٨ | ٣٥.٩ | ١٩٩٩٦ | ٣٥.٥ |
| ٨ | گوێڕ | ٧٧٩ | ٥.٢٧ | ٢٠٠٨ | ٨.٨ | ٣١١٧ | ١٨.٢٨ | ٨١٣٧ | ١٣.٣٥ | ١٠٧٥٧ | ١٣.٢ |
| ٩ | کەندێناوە (دیبەگە) | ١٤٩٩ | ٧.٨ | ٢٥٧٨ | ١٨.٣ | - | | ٢٧٩١ | ١٦.٨ | ٣٦٨٧ | ١٦.٨ |
| ١٠ | قەراج (باقرت) | ٢٥٤ | ٢.٥ | - | ٠ | ١٤٦٩ | ١٨.٨ | ٢٩٤٢ | ٨.٩٤ | ٣٨٨٧ | ٩.٣ |
| ١١ | کۆیە | ٨٤٨٢ | ٣٧.٤ | ١٥٣١٩ | ٦٣ | ٣٩٤٨٤ | ٩٧ | ٥٣٠٣١ | ٨٩.٦٧ | ٦٨٦٩٩ | ٨٩.٥٧ |
| ١٢ | تەق تەق | ٤٥٠ | ٣.٣٤ | ١٤٧٧ | ٩.٥ | - | | ١٦٩٣٥ | ٨١.٥ | ٢١٩٠٦ | ٨١.٦٨ |
| ١٣ | ڕواندز | ٨٢٣٧ | ٣٠.٧ | ٨٥٨٣ | ٥٦.٢ | ٨٦١٦ | ٩٠.٢ | ١٠٩٩٢ | ٦٤.٩ | ١٤٥٤٥ | ٦٦.٤ |
| ١٤ | باڵەک(گەلاڵە) | ٩٩٢ | ٨ | ٦٦٦٠ | ٤٢.٢ | - | | ٥١٥ | ٣٠ | ٦٧٦ | ٢٩.٨ |
| ١٥ | برادۆست (سیدەکان) | ٤٥٨ | ٨.١ | ٩٤٩ | ٩.٥ | - | | ٣٢٠٦ | ٢٣.٣٥ | ٤٢٢٢ | ٢٢.٦ |
| ١٦ | زێبار (مێرگەسۆر) | ٤١٣ | ١١ | ٤٥٥٥ | ٤٢.٩ | - | | ١٢٧١ | ١٠٠ | ١٦٥٦ | ١٠٠ |
| ١٧ | بارزان | ٤٥٨ | ١٩.٢ | - | ٠ | - | | ٦٨٤٣ | ٣٩.٨ | ٨٨٦٠ | ٤٠ |
| ١٨ | مزوری باڵا (شێروان مەزن) | ٣١١ | ٤.٤٤ | ١٦٣٥ | ١٥.٢ | - | | ٧٤٣ | ١٩.١ | ٩٧٨ | ١٩.٣ |
| ١٩ | قوشتەپە | | | ١١١٧ | ٤ | - | | ١٣٧٩٨ | ٥٣.٦ | ١٨١٩٦ | ٥٣.٧ |
| ٢٠ | دیانا | | | ٧٠٨٤ | ٢٦.٣ | ١٢٣٢٦ | ٤٥.٤ | ٤٧٦٧٦ | ٨٥.٥ | ٦٢٨١١ | ٨٥.١ |
| ٢١ | خەبات | | | ٣١٩٢ | ١٧.٦ | - | | ٢٨٥٦١ | ٨٦.٥ | ٣٧٦٥٤ | ٧٦.٥ |
| ٢٢ | شۆڕش (دێگەڵە) | | | ٣١٣ | ٣.٨ | - | | ٤٠١ | ٧.١٣ | ٥٠٥ | ٦.٩٨ |
| ٢٣ | خەلیفان | | | ٣٧٠٠ | ٢٩.٣ | ٦٠٥٠ | ٣٩ | ١٨٢٢٧ | ٥٦.٦ | ٢٣٩٩٦ | ٥٦.٢٤ |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | چۆمان | | | ٥٠٢٢ | ١٠٠ | - | | ٨٩٦٠ | ٨٧.٧ | ١١٧٩٠ | ٨٧.٦ |
| ٢٥ | حاجی ئۆمەران | | | - | | - | | ١٤١٧ | ٤١.٩ | ١٨٦١ | ٤١.٧ |
| ٢٦ | صديق (سۆران) | | | | | ٥٦٦٧ | ٤٩.٧ | ٥٣٢٣٠ | ١٠٠ | ٧٠١٢٦ | ١٠٠ |
| ٢٧ | بەحرکە | | | | | | | ٢٨٠٢٧ | ٦٢.١٢ | ٣٦٧٢٦ | ٦٢.١ |
| ٢٨ | شەمامک (پیرداود) | | | | | | | ١٧٧٦ | ٣,٧٥ | ٢٣٣٠ | ٣.٧٢ |
| ٢٩ | بنەسڵاوە | | | | | | | ٤٨٠٩٩ | ٩٩.٣ | ٦٢٨٨٢ | ٩٩.٢٧ |
| ٣٠ | دارەتوو | | | | | | | ٤٤٤٣٣ | ٨٥.٤ | ٥٨٠١٥ | ٨٥.٤ |
| ٣١ | کەسنەزان | | | | | | | ٥٤٢٠٦ | ٩٠.٦٧ | ٧١٢٠٣ | ٩٠.٢ |
| ٣٢ | ئاشتی | | | | | | | ٨١٥ | ١٩.٣٨ | ١٠٥٩ | ١٨.٨ |
| ٣٣ | سێگرتکان | | | | | | | ١١٤٥ | ٣٦.٧ | ١٤٧٢ | ٣٦.٥ |
| ٣٤ | سکتان | | | | | | | ٩٣٧ | ٣٨.٦ | ١٢١١ | ٣٩.٩٦ |
| ٣٥ | باسرمە | | | | | | | ٦١٧٦ | ٣٣.٥ | ٨١٣٦ | ٣٣.٩٣ |
| ٣٦ | باليسان | | | | | | | ١١٥٩ | ٢٦.٢ | ١٥٢٣ | ٢٦.١ |
| ٣٧ | کەورگۆسک | | | | | | | ٨٨٢٨ | ٦٠ | ١١٦٦٢ | ٦٠ |
| ٣٨ | دارەشەکران (قەرەقاجین) | | | | | | | ٣٨٤ | ٤.١ | ٥٠٧ | ٤.١ |
| ٣٩ | ڕزگاری | | | | | | | ٢٨١٣٢ | ٧٧.٣ | ٣٥٣٧١ | ٧٦.٣ |
| ٤٠ | وەرتێ | | | | | | | ١٧٦٩ | ٣٧.٥ | ٢٣٣٧ | ٣٨.٢ |
| ٤١ | سمیلان | | | | | | | ٧١١ | ١٤,٥ | ٩٣٤ | ١٣,٩ |
| ٤٢ | قەسرێ | | | | | | | ٢٩٠٧ | ٥٥.١ | ٣٨١٢ | ٥٠.١ |
| ٤٣ | مەلاقەرە | | | | | | | ٢١٤٨ | ١٠ | ٢٨٣٨ | ١٠ |
| ٤٤ | مەزنێ | | | | | | | ٢٣٥٨ | ٤٠.٩ | ٣٠٩٠ | ٤٠.٩ |
| ٤٥ | پیران | | | | | | | ١٨٣٥ | ٢٥.٧ | ٢٤١٢ | ٢٦.٤ |
| ٤٦ | گۆرەتوو | | | | | | | ٢٢٢٠ | ٢١.٤ | ٢٨٩٨ | ٢٢.٣ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | ١٣١٢١٧٧ | ٧٦.٥١ | ١٧٢٣٩١٢ | ٧٦.٤٦ |

سەرچاوە: هەمان سەرچاوەکانی خشتەی (١).

٦. پارێزگای هەولێر لە ساڵی ١٩٨٧ گەورەترین گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە لە ڕووی ڕێژەی بەشارستانیبوونەوە، بەجۆرێک لە هەندێ ناوەنددا ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە هەروەکو لە هەردوو ناوەندی کۆیە و ڕواندز کە بەدوای یەکدا ڕێژەی (٩٧%) و (٩٠.٢%) لە دانیشتووانی یەکە کارگێڕیەکانیان پێکهێناوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ وێرانکردن و چۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ئەم ناوچانە لەگەڵ چۆڵکردنی بەشێک لەشارەکان و کۆچکردنی دانیشتووانەکەیان

بۆ ئەم ناوەندانە، وە هەریەکە لە ناوەندەکانی مەخموور و هەریر بەدوای یەکدا ڕێژەی (٧٤.٤%) و (٦٢.١%) لە دانیشتووان یەکە کارگێڕیەکانیان لەخۆگرتووە، وە نزمترین ڕێژەش بەر هەریەکە لە ناوەندەکانی باقرت و گوێڕ کەوتووە بەڕێژەکانی (١٨.٨%) و (١٨.٢٨%) بەدوای یەکدا.

7. هەردوو ماوەی ساڵەکانی (٢٠٠٩) و(٢٠٢٠) هەمان تایبەتمەندییان هەیە، چونکە داتاکانی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٢٠ بە پشتبەستن بە جێکەوتەی دانیشتووانی ساڵی ٢٠٠٩ دەرهێنراون، دەکرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە هەریەکە لە ناوەندەکانی( هەولێر، عەنکاوە، شەقڵاوە، مێرگەسۆر، سۆران) ڕێژەی شارنشینیان گەیشتووەتە (١٠٠%)، وە ڕێژەی دانیشتووانی شارنشین لە (٧) ناوەندی دیکە بەرزترە لە (٨٠%)، هەروەها ئەم ڕێژەیە لە (٩) ناوەندی شارستانیی تر لە نێوان(٥٠ – ٨٠%)دایە، وە تەواوی ناوەندەکانی دیکە لە خوار ئەم ڕێژەیەوەن، بەجۆرێک نزمترین ڕێژەی شارنشینی لە ناوەندەکانی دارەشەکران و شەمامک تۆمارکراوە بە ڕێژەکانی (٤.١%) و (٣.٨٥%) بەدوای یەکدا.

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە و ژمارەیان زیادی کردووە، وە هەروەها جگە لەوەی کە قەبارەی دانیشتووانەکانیان گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە چڕبوونەوەی دانیشتووان لەناوەندە شارستانیەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرز زیادی کردووە، بەو واتایەی کە ڕێژەی بەشارستانیبوون بەجیاوازیەکی گەورە لەنێوان سەرەتا و کۆتایی ماوەکەدا ڕوویداوە.

### ٣ ـ تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر

توێژکردن لە سیستەمی شارنشینی لەو بابەتانەیە کە بووەتە جێگای بایەخ پێدان لەلایەن زۆرێک لە توێژەرانی بواری پلاندانانی شارستانی و

هەرێمی، چونکە گرینگیەکی کرداری هەیە لە چارەسەرکردنی زۆرێک لە گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی ڕێکخراوەییەکان لەسەر ئاستی وڵاتێک یاخود هەرێمێکی پێشکەوتوو یان گەشەسەندوو (الجارالله، ١٩٩٦، ٤). شێوازەکانی شیکردنەوەی سیستەمی شارنشینی بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەکرێت بۆ سێ ئاراستەی سەرەکی، قەبارەیی، شوێنی، وەزیفی، ئەوەی تایبەتە بە شیکردنەوەی قەبارەیی ئەوەیە کە لە دابەشبوونی قەبارەیی شارەکان دەکۆڵێتەوە و گرینگی دەدات بە تێگەیشتن و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی قەبارە جیاوازەکانی شار (ابو قرین، ٢٠١٤، ٥)، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاسا و پێوەری جۆراوجۆر بوونیان هەیە. بەمەبەستی توێژکردنی سیستەمی شارستانی پارێزگای هەولێر سێ لە گرینگترین و دیارترین ئەم پێوەرانە بەکاردەهێنین کە بریتین لە، یاسای پلەبەندی و قەبارە، یاسای شاری یەکەم، وە نیشاندەری هاوسەنگیی شارستانی و چەند پێوەرێکی دیکە.

### ٣ ـ ١ـ بەرەوپێشچوونی لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)

سیستەمی شارنشینی لە هەر ناوچە و هەرێمێکدا بارێکی دینامیکی و ناجێگیرە کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵە هۆکارێکی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیە کە بەسەر ناوچەکەدا دێت. لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا چەندین نیشاندەر و پێوەری جۆراوجۆری ژمارەیی گشتی و تایبەت بەکاردەهێنین بە مەبەستی دەرخستنی خەسڵەت و تایبەتمەندی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێردا ڕوویداوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە بە مەبەستی پەردەلادان لەسەر لایەنەکانی کەموکوڕی پەیکەری شارستانی ئەم سیستەمە.

### ٣ ـ ١ـ١ـ هەندێ نیشاندەری گشتی لە گۆڕانکاریەکانی پەیکەری سیستەمی شارستانی

نیشاندەرە گشتییە ژمارەییەکان هەریەکەو دەرخەری بەشێکن لەو ڕاستیانەی کە لە بەرەوپێشچوونی شارەکاندا ڕوودەدات، بەجۆرێک لە کۆتاییدا وێنەیەکمان نیشان دەدا لە سروشت و بەرەوپێشچوونی و پلەی ناهاوسەنگی سیستەمی شارستانیی ناوچەکە. لە توێژینەوەکەماندا تیشک دەخەینە سەر بەشێکیان وەکو سەرەتایەک و دەروازەیەک بۆ پێوانەکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر پەیکەری شارنشینی پارێزگای هەولێردا هاتووە. کە دەکرێت لە میانەی خشتەی (٤) چەند خاڵێک تێبینی بکەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر لەماوەی توێژینەوەکەدا گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونە خێرایەی کە بەسەر گەشەی شارستانیی پارێزگاکەدا هاتووە لەم ماوەیەدا. بەجۆرێک ژمارەی ناوەندەکان لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) سێ بەرانبەر زیادی کردووە، واتە لە ماوەی (٥٢) ساڵدا لە (١٨) ناوەندەوە بووە بە (٤٦) ناوەند، وە دواتریش تاوەکو ئێستا بە جێگیری ماوەتەوە.

٢. لە ئەنجامی گەشەی بەردەوامی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ئەو گۆڕانکاریانەی لە ماوە جیاجیاکانی توێژینەوەکەدا بەسەر ژمارەی ناوەندەکاندا هاتووە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە ناوەندی قەبارەی شارەکان، بەجۆرێک لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) ناوەندی قەبارەی شارەکان نزیکەی (١١) بەرامبەر زیادی کردووە، بەشێوەیەک ناوەندی قەبارەی هەر شارێک لە ساڵی (١٩٥٧) بریتییە لە (٤٠٥٨.٧) کەس بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی (١٩٨٧) بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە بۆ (٤٥٨٥٥.٢) کەس، لە ماوەکانی دواتریش سەرەڕای بەردەوامی گەشەی دانیشتووانی شارەکان بەڵام ناوەندی قەبارەکەیان دابەزیوە

بۆ (٢٨٥٢٥.٦) کەس لە ساڵی (٢٠٠٩)، ئەمەش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی شارەکانە لەم ماوەیەدا، بەڵام جارێکی تر ئەم ژمارەیە هەڵکشاوە بۆ (٣٧٤٧٦.٤) کەس لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، هۆکاری سەرەکیش لەمە دەگەڕێتەوە بۆ جێگیری ژمارەی شارەکان و بەردەوامی گەشەی دانیشتووان لە نێوان هەردوو ماوەی کۆتایی توێژینەوەکەدا.

٣. تێکڕای زیادەی ساڵانەی دانیشتووانی شارەکان لە پارێزگای هەولێردا لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٧٧) گەیشتووەتە (١٠٧٥٠.٤) کەس بۆ هەر ساڵێک، بەڵام لەماوەی دواتردا واتە لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧) ئەم زیادەیەی دانیشتووان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە بەجۆرێک نزیکەی (٣) بەرامبەر زیادی کردووە و گەیشتووەتە (٣٠٨٠٥.٤) کەس، وە لە هەردوو ماوەکانی دواتردا ئەم زیادەیەی ساڵانەی دانیشتووان بە جیاوازی (١٧٤٢.٨) کەس بۆ ساڵی ٢٠٠٩ وە (٤٨٨٢.٣) کەس بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ ماوەکانی پێش خۆیان زیادیان کردووە.

خشتەی (٤)

**نیشاندەرە گشتیەکانی گۆڕانکاری لە پەیکەری سیستەمی شارستانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| نیشاندەرەکان | ساڵەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
| ژمارەی شارەکان | ١٨ | ٢٢ | ١٣ | ٤٦ | ٤٦ |
| ناوەندی قەبارەی شارەکان | ٤٠٥٨.٧ | ١٣٠٩٣.٨ | ٤٥٨٥٥.٢ | ٢٨٥٢٥.٦ | ٣٧٤٧٦.٤ |
| تێکڕای زیادەی ساڵانەی دانیشتووانی شارەکان | - | ١٠٧٥٠.٤ | ٣٠٨٠٥.٤ | ٣٢٥٤٨.٢ | ٣٧٤٣٠.٥ |
| ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شاری یەکەم لە کۆی دانیشتووانی شارەکان% | ٥٤.٦ | ٦٧.٢ | ٧٤.٨ | ٥١.٦٩ | ٥١.٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شاری یەكەم لە كۆی دانیشتووانی پارێزگا% | ١٤.٦ | ٣٥.٧ | ٥٧.٩ | ٣٩.٥٥ | ٣٩.٦ |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

٤. شاری یەكەم كە شاری هەولێرە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەكە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی شارەكانی پارێزگاكەی پێكهێناوە، بەجۆرێك لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٨٧) ڕێژەی قەبارەی شاری یەكەم لە كۆی قەبارەی شارەكانی دیكە لەنێوان (٥٤.٦-٧٤.٨%) بووە، بەڵام دواتر ڕێژەكە دابەزیوە بۆ(٥١.٦٩%) و (٥١.٨%) بۆ هەردوو ماوەی (٢٠٠٩) و (٢٠٢٠) بەدوای یەكدا، ئەمەش هەژموونی شاری هەولێر دەردەخات بەسەر شارەكانی دیكەی پارێزگاكەدا.

٥. سەبارەت بە ڕێژەی قەبارەی شاری یەكەم لە كۆی دانیشتووانی پارێزگاكە هەڵكشان و داكشانی بەرچاوی پێوە دیارە، بەجۆرێك نزمترین ڕێژەی قەبارەی ئەم شارە لە كۆی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر لە سەرەتای ماوەی توێژینەوەكە بووە و گەیشتووەتە (١٤.٦%) وە بەرزترین ڕێژەش لە ساڵی (١٩٨٧) تۆماركراوە و بریتییە لە (٥٧.٩%)، ئەمەش ناهاوسەنگیەگی گەورە لە سیستەمی شارنشینی پارێزگاكە دەردەخات، بەشێوەیەك تاكە شارێك بە تەنها زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی پارێزگایەكی لەخۆ گرتووە، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرە ڕامیاری و ئابووریەی بە سەر ناوچەكە بەگشتی و پارێزگاكە بەتایبەتیدا هاتووە، كە بووەتە هۆی كۆچی بە لێشاوی لادێنشینان و بەشێك لە ناوەندە شارستانیەكان بۆ ناوەندی شاری هەولێر، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ڕێژە بەرزەیە كە قەبارەی شاری هەولێر لە كۆی دانیشتووانی شارەكانی دیكەی پارێزگاكە تۆماری كردووە و گەیشتووەتە (٧٤.٨%). وە پاشان جارێكی دیكە ڕێژەی قەبارەی شاری یەكەم لە

دانیشتووانی پارێزگاکە دابەزیوە بۆ (٣٩.٥٥ و ٣٩.٦%) لە هەردوو کۆتا ماوەی توێژینەوەکە بەدوای یەکدا.

### ٣ ـ ١ـ ٢ ـ بەرەوپێشچوونی ژمارە و قەبارەی شارەکان بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان

توێژکردن و شیکردنەوەی گردبوونەوەکانی دانیشتووان لە ناوەندە شارستانیەکانی ناوچەیەکی دیاریکراودا بەگوێرەی چەند چینێکی قەبارەیی (دەستەی قەبارەیی) و لە میانەی چەند قۆناغێکی جیاوازی بەدوای یەکدا، وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ لە سروشت و شێوازی دابەشبوونی ئەم ناوەندانە لە لایەک و ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە قەبارەکەیان ڕوودەدات لە لایەکی دیکەوە، ئەمەش هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتنی زۆرێک لە لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی لەوانەش دیاردەی هەژموونی شارستانی.

### ٣ ـ١ـ ٢ ـ١ـ بەرەوپێشچوونی ژمارەیی شارەکان

شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە هەڵبەزو دابەز و گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژمارەیاندا هاتووە. بە سەیرکردنی خشتەی (٥) کە تایبەتە بە پۆلینکردنی ژمارەیی ناوەندە شارستانیەکان بەگوێرەی قەبارەکانیان، دەکرێت ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بخەینەڕوو:

١. زیادبوونی ژمارەی ئەو دەستە قەبارەییانەی کە شارەکانیان بەسەردا دابەش بووە لە چوار دەستەوە لە ساڵی (١٩٥٧) بۆ پێنج دەستە ساڵی (١٩٧٧)، بەجۆرێک گەورەترین دەستە لە ماوەی (١٩٥٧)دا دەستەی قەبارە (٢٠٠٠١-٥٠٠٠٠) کەسە و تەنها یەک شاری لەخۆگرتووە ئەویش شاری هەولێرە. جێگای ئاماژەیە کە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە شاری هەولێر بە تەنها لە گەورەترین و کۆتا دەستەدا خۆی جێگیر کردووە. پاشان لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەی دەستەکان بوون بە شەش دەستە و لە ماوەکانی دواتریشدا (٢٩٩٠-٢٠٢٠) ژمارەی دەستەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٧) دەستە.

٢. لەگەڵ ئەوەی کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا شاری هەولێر بە تەنها دەبینرێت لە بەرزترین دەستەدا، بەڵام گرینگیە ڕێژەییەکەی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک لە ماوەی (١٩٥٧)دا تەنها (٥٥.٦%)ی ژمارەی شارەکانی پارێزگاکەی پێکهێناوە و دواتر لە ساڵی (١٩٧٧) ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٤.٥٥%)، ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی ناوەندە شارستانیەکان لەم ماوەیەدا، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) گرنگیە ڕێژەییەکەی ئەم شارە بەرزبووەتەوە بۆ (٧.٧%)، ئەمە لەکاتێکدایە کە ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە بۆ تەنها (١٣) ناوەند لەم ساڵدا، پاشان جارێکی تر و لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) شاری هەولێر گرینگیە ڕێژەییەکەی لەدەست دەدات و دادەبەزێت بۆ تەنها (٢.٢%)، هۆکاری ئەمەش زیادبوونی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکەیە بۆ (٤٦) ناوەند.

٣. بچووکترین دەستەی قەبارەیی لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٥٧، ٢٠٠٩، ٢٠٢٠) زۆرترین ژمارەی شارەکانی پارێزگاکەیان لەخۆگرتووە کە بەدوای یەکدا ڕێژەکانیان بریتییە لە (٧٢.٢، ٣٩.١، ٣٢.٦%) لە کۆی گشتی ژمارەی شارەکان، بەڵام ساڵی (١٩٧٧) هەردوو دەستەی یەکەم و سێیەم هەریەکەیان بە(٧) شار و بەیەکەوە (٦٣.٦%) ی شارەکانیان گرتووەتە خۆ، وە زۆرترین ژمارەی شارەکان لە ساڵی (١٩٨٧)دا لە هەردوو دەستەی سێیەم و چوارەمدا دەبینرێن کە بە دەستە مام ناوەندەکان هەژمار دەکرێن بە لەخۆگرتنی (٦٩.٢%)ی کۆی گشتی شارەکان لەسەر حسابی شارە قەبارە بچووکەکان.

٤. دەستەی قەبارەیی (٥٠٠٠١-١٠٠٠٠٠) لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) هیچ شارێکیان تیادا بەدی ناکرێت، بەڵام دواتر لە ساڵی (٢٠٠٩) تەنها (٣) شار بەڕێژەی (٦.٥%) و ساڵی (٢٠٢٠) (٦) شار بەڕێژەی (١٣%) لە کۆی شارەکان دەکەونە نێو ئەم دەستەیەوە.

٥. لەگەڵ ئەوەی کە دەستەی قەبارەیی (٢٠٠١-٥٠٠٠٠) لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧) تەنها دوو شاری لەخۆ گرتووە، یەکێکیان لە سەرەتای ماوەکەدا بە ڕێژەی (٥.٦%) و ئەویتریشیان لە کۆتایی ماوەکەدا بە ڕێژەی (٧.٧%) لە کۆی گشتی ژمارەی شارەکان. بەڵام لە ماوەکانی دواتردا واتە لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠)دا دووەم گەورەترین دەستەیە بە لەخۆگرتنی ژمارەی شارەکانی پارێزگاکە، بەجۆرێک ژمارەی شارەکانی نێو ئەم دەستەیە لە ساڵی (٢٠٠٩) بریتییە لە (١٠) شار و لەساڵی (٢٠٢٠) بریتییە لە (٩) شار بە ڕێژەکانی (٢١.٧ و ١٩.٦%) بەدوای یەکدا.

٦. لە ماوەی ساڵی (١٩٨٧) ناتەواویەکی ڕوون و ئاشکرا بەدەردەکەوێت لە گرنگی سیستەمی شارنشینی پارێزگاکە، بەشێوەیەک دابەشبوونێکی ناواقعی بەدی دەکرێت لە سەنتەری شارەکان لەنێو دەستە قەبارەییەکاندا، هەروەکو ئەوەی کە لە ژمارەی شارەکانی نێو دەستە قەبارەییە بچووکەکاندا (کەمتر لە ٥٠٠٠ کەس) دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە ئەمنی و ناسروشتیەی کە ناوچەکە پێیدا تێپەڕیوە لەم ماوەیەدا.

خشتەی (٥)

بەرەوپێشچوونی ژمارەی شارەکان و ڕێژەکانیان بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دەستە قەبارەییەکان | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمتر لە ٢٥٠٠ | ١٣ | ٧٢.٢ | ٧ | ٣١.٨ | ١ | ٧.٧ | ١٨ | ٣٩.١ | ١٥ | ٣٢.٦ |
| ٢٥٠٠-٥٠٠٠ | ٢ | ١١.١ | ٦ | ٢٧.٣ | ١ | ٧.٧ | ٤ | ٨.٧ | ٧ | ١٥.٢ |
| ٥٠٠١-١٠٠٠٠ | ٢ | ١١.١ | ٧ | ٣١.٨ | ٤ | ٣٠.٨ | ٥ | ١٠.٩ | ٢ | ٤.٤ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٠٠١– ٢٠٠٠٠ | – | – | ١ | ٤.٥٥ | ٥ | ٣٨.٤ | ٥ | ١٠.٩ | ٦ | ١٣ |
| ٢٠٠٠١– ٥٠٠٠٠ | ١ | ٥.٦ | – | – | ١ | ٧.٧ | ١٠ | ٢١.٧ | ٩ | ١٩.٦ |
| ٥٠٠٠١– ١٠٠٠٠٠ | – | – | – | – | – | – | ٣ | ٦.٥ | ٦ | ١٣ |
| زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ | – | – | ١ | ٤.٥٥ | ١ | ٧.٧ | ١ | ٢.٢ | ١ | ٢.٢ |
| **کۆی گشتی** | ١٨ | ١٠٠ | ٢٢ | ١٠٠ | ١٣ | ١٠٠ | ٤٦ | ١٠٠ | ٤٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

٧. جیاوازیەکی گەورە لە نێوان شاری یەکەم و شارەکانی دیکە لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٨٧)دا هەیە، بەجۆرێک جیاوازیەکە لە ماوەکانی (١٩٥٧، ١٩٨٧) بریتییە لە یەک دەستەی قەبارەیی و لە ماوەی (١٩٧٧)دا گەیشتووەتە دوو دەستە، بەڵام لە ماوەی ساڵەکانی (٢٠٠٩، ٢٠٢٠) ئەم جیاوازیە کەم بووەتەوە.

٨. بەشێوەیەکی گشتی لە ماوەی توێژینەوەکەدا دەستە قەبارەییە مامناوەندیەکان بە ژمارەیەکی تا ڕاددەیەک گونجاوی شارەکان بەشدارن لە سیستەمە شارنشینیەکەدا.

نەخشەی (1)

دابەشبوونی ژمارەیی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دستە قەبارەییەکانیان -1957




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل6). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (2)

دابەشبوونی ژمارەیی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دستە قەبارەییەکانیان -1977




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل7). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (3)

دابەشبوونی ژمارەیی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دستە قەبارەییەکانیان -1987




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل8). 2. خشتەی.(6)

نەخشەی (5)
دابەشبوونی ژمارەی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکانیان- 2020




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل6). 2. خشتەی (6).

نەخشەی (4)
دابەشبوونی ژمارەی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکانیان- 2009




سەرچاوە: 1. (حەداد و مەحمود، 2011، ل11). 2. خشتەی (6).

### ٢ -١- ٢ -٢- بەرەوپێشچوونی قەبارەیی شارەکان

هەروەکو چۆن لە ماوەی توێژینەوەکەدا تێبینی چەندین گۆڕانکاریمان کرد کە بەسەر ژمارەی ناوەندە شارستانیەکاندا هاتبوو، بەهەمان شێوە گۆڕانکاری گەورە بەسەر قەبارەکانیشیاندا هاتووە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە لەم ماوەیەدا تەواوی ناوچەکەی گرتووەتەوە. لە سەیرکردنی خشتەی (٦) دەکرێت تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی قەبارەی ئەو شارانەی کە لە دەستە بچووکەکاندان و ژمارەی دانیشتووانەکانیان کەمترە لە (١٠٠٠٠٠) کەس، بەجۆرێک لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە واتە لە (١٩٥٧-٢٠٢٠) ڕێژەکە لە (٥٤.٤% بۆ تەنها ٣.٦٧%) لە کۆی گشتی دانیشتووانی پارێزگاکە دابەزیوە.

٢. شاری هەولێر وەکو ناوەندێکی شارستانی گەورە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە جگە لەوەی کە تاکە شارە لە گەورەترین و کۆتا دەستەی قەبارەیی شارەکاندا جێگیر بووە، لەهەمان کاتیشدا بە بەردەوامی زیاتر لەنیوە و لە هەندێ کاتیشدا سێ لەچواری ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بە چڕبوونەوەی دانیشتووان لەم شارەدا لەسەر حسابی شارەکانی دیکەی پارێزگاکە.

٣. ئەو دەستە قەبارەییەی کە لە دوای شاری یەکەمەوە بەرزترین ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکە لەخۆ دەگرێت جیاوازە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەجۆرێک لەماوەی سالانی (١٩٥٧-١٩٧٧) دەستەی قەبارەیی (٥٠٠١-١٠٠٠٠) کە دەستەی سێیەمە گەورەترین قەبارەی دانیشتووانی لەخۆ گرتووە لە دوای شاری یەکەمەوە بە ڕێژەی (٢٢.٩% و ١٦.٨%) بەدوای یەکدا، بەلام ساڵی (١٩٨٧) دەستەی قەبارەیی چوارەم و ساڵی (٢٠٠٩) دەستەی پێنجەم و ساڵی (٢٠٢٠) دەستەی شەشەم بە ڕێژەکانی (١٣.٢% و ٢٤.٧% و ٢٢.٨%) بە دوای یەکدا بەرزترین ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای هەولێریان لەخۆ گرتووە لە دوای شاری یەکەمەوە.

٤. ئەو دەستە قەبارەییەکی کە نزمترین ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی تیادا دەبینرێت دیسانەوە جیاوازە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەشێوەیەک لە ساڵی (١٩٥٧) دەستەکە بریتییە لە دەستەی قەبارەیی (٢٥٠٠-٥٠٠٠) بە ڕێژەی (٩.٧%)، بەلام لە ماوەی سالانی (١٩٧٧-١٩٨٧) دەستەی یەکەم واتە بچووکترین دەستە (کەمتر لە ٢٥٠٠) کەس نزمترین ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکەی لەخۆ گرتووە، هەرچی ساڵی (٢٠٠٩) یە دەستەی دووەم و ساڵی (٢٠٢٠) دەستەی سێیەم بە ڕێژەکانی (٠.٩% و ١%) بەدوای یەکدا نزمترین ڕێژەی دانیشتووانیان گرتووەتە خۆ، ئەمە لە کاتێکدا

٥. ئـەو ناوەنـدە شارسـتانیانەی کـە لـە سـاڵی (٢٠٠٩) قـەبارەکانیان لـە (٢٠٠٠٠) کــەس کــەمترە نزیکــەی تــەنها (١١%)ی کــۆی گشــتی دانیشـتووانی پارێزگاکـەیان پێکهێنـاوە، ئەمـە لـە کاتێکدا کـە نزیکـەی (٧٠%) ی کۆی گشـتی ناوەنـدە شارسـتانیەکانیان لـەخۆ گرتووە کـە ژمارەیان (٣٢) ناوەنـدە لـە کـۆی (٤٦) ناوەنـدی پارێزگاکـە، سـەبارەت بە ساڵی (٢٠٢٠)یش ئەمە هەر ڕاستە.

خشتەی (٦)

**بەرەوپێشچوونی قەبارەی شارەکان بەگوێرەی دەستە قەبارەییەکان لە پارێزگای هەولێر(١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ<br>دەستە<br>قەبارەییەکان | ١٩٥٧ | | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٩ | | ٢٠٢٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەبارەی دانیشتووان | % | قەبارەی دانیشتووان | % | قەبارەی دانیشتووان | % | قەبارەی دانیشتووان | % | قەبارەی دانیشتووان | % |
| کەمتر لە ٢٥٠٠ | ٩٣٧١ | ١٢.٨ | ٧٨١٩ | ٢.٧ | ١٤٦٩ | ٠.٢٥ | ٢٣٢٩٥ | ١.٧٧ | ٢١٦٩٣ | ١.٢٦ |
| ٢٥٠٠-٥٠٠٠ | ٧٠٥٤ | ٩.٧ | ٢٢٢٣١ | ٧.٨ | ٣١١٧ | ٠.٥٢ | ١١٨٤٦ | ٠.٩ | ٢٤٤٣٤ | ١.٤١ |
| ٥٠٠١-١٠٠٠٠ | ١٦٧١٩ | ٢٢.٩ | ٤٨٢٣٧ | ١٦.٨ | ٢٧٤٦٢ | ٤.٦١ | ٣٨٩٤٤ | ٢.٩٧ | ١٦٩٩٦ | ١ |
| ١٠٠٠١-٢٠٠٠٠ | - | - | ١٥٣١٩ | ٥.٣ | ٧٨٦٤٩ | ١٣.٢ | ٧٥٢٧٠ | ٥.٧٤ | ٨٦٩٤٦ | ٥ |
| ٢٠٠٠١-٥٠٠٠٠ | ٣٩٩١٣ | ٥٤.٦ | - | - | ٣٩٤٨٤ | ٦.٦٢ | ٣٢٤٠٩٤ | ٢٤.٧ | ٢٨٧٠٦٤ | ١٦.٧ |
| ٥٠٠٠١-١٠٠٠٠٠ | - | - | - | - | - | - | ١٦٠٤٦٧ | ١٢.٢٣ | ٣٩٣٧٣٦ | ٢٢.٨٣ |
| زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ | - | - | ١٩٣٥٥٨ | ٦٧.٤ | ٤٤٥٩٣٧ | ٧٤.٨ | ٦٧٨٢٦١ | ٥١.٦٩ | ٨٩٣٠٤٣ | ٥١.٨ |
| | ٧٣٠٥٧ | ١٠٠ | ٢٨٧١٦٤ | ١٠٠ | ٥٩٦١١٨ | ١٠٠ | ١٣١٢١٧٧ | ١٠٠ | ١٧٢٣٩١٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

### ٣ -١- ٢ -٣- گۆڕانکاری پلەبەندیی شارەکان

قـەبارە لـە ئامـاژە گرنگـەکان هـەژمار دەکرێت لـە تـوێژکردنی پلەبـەندی قووچـەکیی شـارەکاندا، کـە دەرئـەنجامی کۆتـایی کۆمـەڵێک هۆکـار و هێـز و ئاڕاستەیە، وە بـە پێوەرێکی گشـتی سـادە دادەنرێت بۆ پێوانـەکردنی سـەنگی شـار، ئەمـەش بـە بـەراوردکردنی لەگـەڵ شـارەکانی دیکـەی ئـەو سیسـتەمە

شارنشینیەی کە بەیەکەوە تیایدا گەشە دەکەن (محمد و رضا، ٢٠١٦، ٩٥). سەبارەت بە پارێزگای هەولێر، ئەو نارێکیەی لە قەبارەی ناوەندە شارستانیەکانیدا هەیە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لە پلەبەندییە قەبارەییەکانیان. لە خشتەی (٧) کە پلە بەندی قەبارەیی (١٠) شاری یەکەمی تیادا ڕێکخراوە دەکرێت تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە (١٩٥٧-٢٠٢٠) شاری هەولێر کە ناوەندی پارێزگاکەیە پلەی یەکەمی بێ ڕکابەری بەدەست هێناوە.
٢. سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە پلەبەندی قەبارەیی ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگاکەدا لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە بەڵام شاری کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٨٧) پلەی دووەمی گرتووە لە ڕیزبەندیەکەدا، بەڵام لە ماوەکانی دواتردا کەسنەزان وەکو شارێکی نوێ کە هاتووەتە نێو سیستەمی شارنشینیی پارێزگاکە جێگای شاری کۆیەی گرتووەتەوە و شاری کۆیەش دەچێتە ڕیزبەندی چوارەم.
٣. دەرکەوتنی چەند شارێکی نوێی وەکو ( کەسنەزان، بنەسڵاوە، دارەتوو، بەحرکە) لە ماوەی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) خۆیان خزاندووەتە نێو ڕیزبەندی (١٠) شاری یەکەمی ئەم سیستەمە و هەریەکەیان بەدوای یەکدا پلەکانی (دووەم، پێنجەم، حەوتەم و دەیەم) یان وەرگرتووە، جگە لەوەی کە بەحرکە لە ساڵی ٢٠٠٩ لەم ڕیزبەندیە دەرچووە و ڕزگاری جێگاکەی گرتووەتەوە.
٤. لە نێو ئەو گۆڕانکاریە زۆر و ئاڵۆزانەی کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا ڕوویانداوە لە ڕیزبەندی قەبارەیی شارەکانی ئەم سیستەمە شاری ڕواندز لە ساڵی (١٩٥٧) ڕیزبەندی سێیەمی گرتووە، بەڵام لە ماوەکانی دواتردا وردە وردە پاشەکشەی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٧٧) دابەزیوە بۆ پلەی چوارەم ساڵی (١٩٨٧) بۆ پلەی هەشتەم تا وای لێهاتووە لە ماوەکانی دواتردا ئەم شارە لەنێو ڕیزبەندی قەبارەیی (١٠) شاری یەکەمدا بەدی ناکرێت.

٥. هــەرچی ناوەنــدەکانی (شــەقڵاوە و عــەنکاوە)ن کــە لــەماوەی ١٩٥٧ ڕیزبەنـدی چـوارەم و پێنجـەمیان هەیـە لـە سیسـتەمەکەدا بـەڵام لـە ماوەکانی دواتـردا پلەبەندیەکـەیان دەگۆڕێت، بـەجۆرێک شـەقڵاوە لـە ساڵی (١٩٧٧) پلەبەندیەکەی هەڵدەکشێ و دێتە پلەی سێیەم، پاشان جـارێکی دیکـە دێتـەوە هـەمان ڕیزبەنـدی پێشـووتری، سـەبارەت بـە عەنکاوەش لە پلەی پێنجەمەوە دادەبەزێ بۆ پلەی حەوتـەم لـە سـاڵی (١٩٧٧) بـەڵام دواتـر لـە سـاڵی (١٩٨٧) دێتـەوە پلـەی سـێیەم، لـە ماوەکـانی دواتریشـدا ئـەم دوو شـارە لـە ڕیزبەنـدی (١٠) شـاری یەکەمدا نابینرێن.

٦. هەر لەمیانەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوویانداوە، ناوەندی مەخموور لە سەرەتای ماوەی توێژینەوەکەدا لە پلەی شەشەمدایە بەڵام دواتر دادەکشێ بۆ پلەی هەشتەم و جارێکی تر لە ساڵی (١٩٨٧) دەچێتەوە پلەی شەشەم و دواتر لەم ڕیزبەندیەدا بەدی ناکرێت. سەبارەت بە ناوەندەکانی (دیبەگە و گوێڕ) کە بەدوای یەکدا ڕیزبەندی حەوتەم و دەیەمیان وەرگرتووە تـەنها لـە سـەرەتای مـاوەی توێژینـەوەکـەدا دەبینرێن، ناوەندی سەلاحەدینیش کە لە ماوەکانی یەکەم و دووەمدا بوونی نییە لە ڕیزبەندیەکەدا بەڵام لە ساڵی ١٩٨٧ لە پلەی نۆیەمدا دەردەکەوێت و هەردوو ماوەی دواتریش دێتە پلەی هەشتەم.

خشتەی (٧)

**گۆڕانکارییەکانی پلەبەندی لە شارەکانی پارێزگای هەولێر (١٩٥٧ - ٢٠٢٠)**

| ت | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر | ناوەندی هەولێر |
| ٢ | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کەسنەزان | کەسنەزان |
| ٣ | ڕواندز | شەقلاوە | عەنکاوە | سۆران | سۆران |
| ٤ | شەقلاوە | ڕواندز | شەقلاوە | کۆیە | کۆیە |
| ٥ | عەنکاوە | دیانا | هەریر | بنەسلاوە | بنەسلاوە |
| ٦ | مەخمور | باڵەک(گەلاڵە) | مەخمور | دیانا | دیانا |
| ٧ | دیبەگە | عەنکاوە | دیانا | دارەتوو | دارەتوو |
| ٨ | باڵەک(گەلاڵە) | مەخمور | ڕواندز | سەلاحەدین | سەلاحەدین |
| ٩ | هەریر | چۆمان | سەلاحەدین | خەبات | خەبات |
| ١٠ | گوێڕ | زێبار(مێرگەسۆر) | خەلیفان | ڕزگاری | بەحرکە |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

٧. هەر لەم ماوەیەدا چەند گۆڕانکارییەکی دیکە بەرچاو دەکەون لەوانەش گەلاڵە لە ماوەی یەکەمدا لە پلەی هەشتەمدا جێگای خۆی کردووەتەوە و لە ماوەی دووەمیشدا هەڵکشاوە بۆ پلەی شەشەم بەڵام لە ماوەکانی دواتردا لەم ڕیزبەندیەدا دەردەچێت، هەروەها هەریریش لە قۆناغی یەکەمدا لە پلەی نۆیەم و لە قۆناغی سێیەمیشدا لە پلەی پێنجەمدا دەبینرێت بەڵام لە قۆناغەکانی دیکەدا نابینرێت، چۆمانیش تەنها لە قۆناغی دووەم و لە پلەی نۆیەمدا بوونی هەیە.

٨. هەرچی شارۆچکەی دیانایە لە قۆناغی دووەمدا لە پلەی پێنجەمدا بەدەردەکەوێت و دواتر دادەبەزێت بۆ پلەی حەوتەم وە لەماوەکانی (٢٠٠٩-٢٠٢٠) لە پلەی شەشەمدا خۆی لەنێو سیستەمەکەدا جێگیر کردووە، شاری سۆرانیش تەنها لە دوو قۆناغی کۆتاییدا دێتە نێو

ڕیزبەنـدی (١٠) شـاری یەکەم لە پـلەی سـێیەمدا جێگـای خـۆی کردووەتەوە.

لە کۆتاییدا دەردەکەویت کە گۆڕانکاری گەورە و ئاڵۆز لە پلەبەندی شارەکانی پارێزگای هەولێر ڕوویانداوە، بەجۆرێک بەشێکی کەم لە شارەکان شـوێن و سـەنگی خۆیـان پاراسـتووە، بە پێچەوانەشـەوە زۆربەی شـارەکان هەڵبەز و دابەزێکی زۆریـان کـردووە، ئەمە لە کاتێکدا بەشێک لە شـارەکان هەر لە سەرەتاوە لە ڕیزبەندی (١٠) شاری یەکەم دیارنـامێنن و شـاری دیکە جێگایـان دەگـرنەوە، وە بە تێپەڕبـوونی کـاتیش چەنـدین شـاری نـوێ بە تایبەتیش لە قۆناغەکانی کۆتاییدا لەنێو ڕیزبەندیەکەدا بەدەردەکەون.

### ٣ ـ ٢ ـ تایبەتمەندی و لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی بـەگوێرەی یاساکانی قەبارە

### ٣ ـ ٢ ـ١ـ تایبەتمەندی و لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی بەگوێرەی یاسای شاری یەکەم

یاسای شاری سەرەکی (شاری یەکـەم) (Primate City Law) لەلایـەن تـوێژەر (Mark Jefferson) لـە سـاڵی ١٩٣٩ هێنراوەتـە ئاراوە. بیرۆکـەی ئـەم یاسـایە بریتییـە لـە بـوونی شـارێکی سـەرەکی کـە پلـەی یەکـەم دەگرێـت لـە سیسـتەمی شارسـتانی هـەرێمێک یـاخود ناوچەیەکـدا، زۆربـەی جاریش ئـەم شارە پایتەختی هەرێمەکەیە، کە هەژموونی دەبێت بەسەر تـەواوی شـارەکانی دیکـە، ئەمـەش بـەهۆی هەڵکەوتـە جوگرافیەکـەی و فەراهـەمبوونی بـواری گەشـەپێدان و هـاتنی بەلێشـاوی کـۆچ بـۆ ئـەم شـارە (اسـماعیل، ١٩٨٢، ١٨٩-١٩٣) بـــەجۆرێک دەســـەڵات و خزمـــەتگوزاری و چالاکیـــە بازرگـــانی و پیشەسازیەکان و دانیشتووان تیایدا چڕدەبنەوە و دەبێتە هـۆی گـەورەبوونی قەبارەکەی لەسەر حسابی شارەکانی دیکە (محمدو یوسف، ٢٠١١، ١٣٣). وە جیفرسۆن جەخت لـەوە دەکاتـەوە کە هـەژموون و باڵادەسـتیی شـاری یەکـەم زیـاد دەبێـت بـە بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی شارسـتانی (المطـری، ١٩٨٩، ٥٧٥-٥٧٧).

پوختـەی یاسـاکە بریتییـە لـەوەی ئەگـەر قـەبارەی شـاری یەکـەم (١٠٠%) بێـت، ئـەوا شـاری دووەم قەبارەکـەی سـێیەکی (٣٣.٣%) قـەبارەی شاری یەکەم دەبێت و قەبارەی شاری سێیەمیش پێنجیەکی (٢٠%) قەبارەی شـاری یەکـەم دەبێـت (وزان، ٢٠١٦، ص٧٥). بـە جێبـەجێکردنی ئـەم یاسـایە بەسـەر ناوەنـدە شارسـتانیەکانی پارێزگـای هـەولێر و بـەراوردکردنی دەرئەنجامەکەی کە لە خشتەی (٨)دایە لەگەڵ ئەو پلەبەندیەی کە جیفرسۆن بانگەشەی بۆ دەکات دەکرێت تێبینی ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە بکەین:

١. سروشـتی سیسـتەمی شارسـتانی پارێزگاکـە لەگـەڵ یاسـاکەی جیفرسـۆن دەگـونجێ بـەوەی کـە دەڵـێ شـاری یەکـەم تایبەتمەنـدی پایتـەختی هەیە، ئەمـەش لەگەڵ شـاری هەولێر یەکدەگرێتـەوە کە بە درێژایی مـاوەی توێژینەوەکە شـاری یەکەمە و سـەنتەری کارگێڕی پارێزگـای هـەولێرە، ئەمــە جگــە لــەوەی کــە پایتــەختی هــەرێمی کوردستانیشە.

٢. یاسـای شـاری یەکـەمی جیفرسـۆن بـە درێژایـی مـاوەی توێژینەوەکـە جێبەجێ نابێت بەسەر شارەکانی پارێزگای هەولێردا، بەجۆرێک هیچ گونجانێک نییە لەنێوان ڕێژەی سەدی سێ شاری یەکەمی پارێزگاکە لەگەڵ ئـەو ڕێژەیـەی کـە جیفرسـۆن دیـاری کـردووە جگـە لـە یـەک حاڵـەت نـەبێ کـە شـاری سـێیەمە (ڕوانـدز) لـە سـاڵی ١٩٥٧ کـە هاوجووتە لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی کە جیفرسۆن بانگەشەی بۆ کردووە.

٣. پلەی هەژموونی شاری یەکەم بە بەرزبوونـەوەی ڕێژەی شارستانی لـە پارێزگاکـەدا زیـاتر دەبێـت، ئەمـەش دەگونجێت لەگـەڵ یاسـاکەی جیفرسۆن بەوەی کە دەڵێت باڵادەستیی شاری یەکەم زیاد دەبێت بە بەرزبوونــەوەی ڕێــژەی شارســتانیبوون، بەڵگــەش لەســەر ئەمــە نزمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی شاری دووەم و سێیەمە لە شـاری یەکەم بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە.

٤. لەیــەک نزیکــی ڕێــژەی شــاری دووەم و ســێیەم لــە ســاڵی ١٩٥٧ بەجۆرێک جیاوازیەکەیان تەنها (٠.٧)، ئەمـەش یـەک ناگرێتـەوە لەگەڵ

یاساکەی جیفرسۆن کە دەبوایە جیاوازیی نێوان ئەم دوو شارە (١٣.٣) بێت. بەڵام لەماوەکانی (١٩٧٧) و (١٩٨٧)دا بۆشایی نێوان شاری دووەم و سێیەم زیاد دەکات بەجۆرێک جیاوازیەکە لە سالی ١٩٧٧ گەیشتووەتە (٢) بە جیاوازیی(١١،٣) لەگەڵ ڕێژەی جیفرسۆن، وە لە ساڵی ١٩٨٧ ئەم جیاوازیە بەرز دەبێتەوە بۆ (٤.٥٥) بە جیاوازی (٨.٧٥) لەگەڵ ڕێژەی جیفرسۆندا، بەلام لە ماوەی سالانی (٢٠٠٩) و (٢٠٢٠) جارێکی دیکە بۆشایی نێوان شاری دووەم و سێیەم کەم دەبێتەوە بەجۆرێک ساڵی ٢٠٠٩ جیاوازیەکە تەنها (٠.١٥) وە (٠.١٢) بۆ ساڵی ٢٠٢٠.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین سەرەڕای گونجانی بەشێک لە سیماکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر لەگەڵ یاساکەی جیفرسۆن، بەلام گۆڕانکاری و جیاوازیەکی گەورە بەدی دەکرێت لە بەشە زۆرەکەی تری ئەم سیستەمە کە خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی یەک ناگرێتەوە لەگەڵ ئەوەی جیفرسۆن بانگەشەی بۆ کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەوشە ڕامیاری و ئابووریەی ناوچەکە پیایدا گوزەری کردووە لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازی لە دابەشبوونی بنەما خزمەتگوزاری و ئابووریەکان بەسەر شارەکانی ناوچەی توێژینەوەکە.

خشتەی (٨)

**ڕێژەی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم بەگوێرەی یاسای شاری سەرەکی لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

<table>
<tr><th>ساڵەکان<br>شار</th><th colspan="2">١٩٥٧</th><th colspan="2">١٩٧٧</th><th colspan="2">١٩٨٧</th><th colspan="2">٢٠٠٩</th><th colspan="2">٢٠٢٠</th></tr>
<tr><td>شاری یەکەم</td><td colspan="2">١٠٠<br>هەولێر</td><td colspan="2">١٠٠<br>هەولێر</td><td colspan="2">١٠٠<br>هەولێر</td><td colspan="2">١٠٠<br>هەولێر</td><td colspan="2">١٠٠<br>هەولێر</td></tr>
<tr><td>شاری دووەم</td><td colspan="2">٢١.٣<br>کۆیە</td><td colspan="2">٧.٩<br>کۆیە</td><td colspan="2">٨.٨٥<br>کۆیە</td><td colspan="2">٨<br>کەسنەزان</td><td colspan="2">٧.٩٧<br>کەسنەزان</td></tr>
<tr><td>شاری سێیەم</td><td colspan="2">٢٠.٦<br>ڕواندز</td><td colspan="2">٥.٩<br>شەقڵاوە</td><td colspan="2">٤.٣<br>عەنکاوە</td><td colspan="2">٧.٨٥<br>سۆران</td><td colspan="2">٧.٨٥<br>سۆران</td></tr>
<tr><td>شاری چوارەم</td><td colspan="2">١٠.٥<br>شەقڵاوە</td><td colspan="2">٤.٤<br>ڕواندز</td><td colspan="2">٣.٩<br>شەقڵاوە</td><td colspan="2">٧.٨<br>کۆیە</td><td colspan="2">٧.٧<br>کۆیە</td></tr>
<tr><td>شاری پێنجەم</td><td colspan="2">٧.١٦<br>عەنکاوە</td><td colspan="2">٣.٦٦<br>دیانا</td><td colspan="2">٣.٧<br>هەریر</td><td colspan="2">٧.٠٩<br>بنەسڵاوە</td><td colspan="2">٧.٠٤<br>بنەسڵاوە</td></tr>
<tr><td>شاری شەشەم</td><td colspan="2">٣.٨٤<br>مخمور</td><td colspan="2">٣.٤٤<br>باڵەک(گەلاڵە)</td><td colspan="2">٢.٨٦<br>مخمور</td><td colspan="2">٧.٠٣<br>دیانا</td><td colspan="2">٧.٠٣<br>دیانا</td></tr>
<tr><td>شاری حەوتەم</td><td colspan="2">٣.٧٦<br>کەندێناوە(دیبەگە)</td><td colspan="2">٢.٩٧<br>عەنکاوە</td><td colspan="2">٢.٧٧<br>دیانا</td><td colspan="2">٦.٥٥<br>دارەتوو</td><td colspan="2">٦.٥<br>دارەتوو</td></tr>
<tr><td>شاری هەشتەم</td><td colspan="2">٢.٥<br>باڵەک(گەلاڵە)</td><td colspan="2">٢.٧٤<br>مەخمور</td><td colspan="2">١.٩<br>ڕواندز</td><td colspan="2">٤.٦<br>سەلاحەدین</td><td colspan="2">٤.٧<br>سەلاحەدین</td></tr>
<tr><td>شاری نۆیەم</td><td colspan="2">٢.٣٨<br>هەریر</td><td colspan="2">٢.٥٩<br>چۆمان</td><td colspan="2">١.٥٩<br>سەلاحەدین</td><td colspan="2">٤.٢١<br>خەبات</td><td colspan="2">٤.٢<br>خەبات</td></tr>
<tr><td>شاری دەیەم</td><td colspan="2">١.٩٥<br>گوێر</td><td colspan="2">٢.٣٥<br>زێبار(مێرگەسۆر)</td><td colspan="2">١.٣٥<br>خەلیفان</td><td colspan="2">٤.١٥<br>ڕزگاری</td><td colspan="2">٤.١<br>بەحرکە</td></tr>
<tr><td>یاسای پلەبەندی-قەبارەی زیف</td><td>١٠٠</td><td>٥٠</td><td>٣٣.٣</td><td>٢٥</td><td>٢٠</td><td>١٦.٧</td><td>١٤.٣</td><td>١٢.٥</td><td>١١.١</td><td>١٠</td></tr>
</table>

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| یاسای شاری یەکەمی جیفرسۆن | ١٠٠ | ٣٣.٣ | ٢٠ | ١٤.٣ | ١١.١ | ٩.١ | ٧.٧ | ٦.٧ | ٥.٩ | ٥.٣ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

**٣ ـ ٢ ـ ٢ـ تایبەتمەندی و لایەنەکانی سیستەمی شارنشینی بەگوێرەی یاسای پلەبەندی– قەبارە**

یاسای پلەبەندی– قەبارە (Rank – Size Rule) لەلایەن توێژەری بەناوبانگ (G.K. Zipf) داهێنراوە، ئەمەش لەمیانەی توێژکردنی کۆمەڵێک لە شارەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (١٩٤٩). زیف پێی وایە کە پەیوەندییەکی ئاماریی ڕێکوپێک هەیە لە نێوان قەبارەی دانیشتووانی شارەکان و پلەبەندیەکەیان لە چوارچێوەی ولاتێک یاخود ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو. واتە ئەگەر شارەکانی ولاتەکە سەربەرەوخوار بەگوێرەی قەبارەی دانیشتووانەکەیان ڕیزبەندی بکرێن، ئەوا قەبارەی شاری یەکەم یەکسان دەبێت بە یەک و شاری دووەم یەکسان دەبێت بە نیوەی قەبارەی شاری یەکەم و ئیتر بەم شێوەیە قەبارەی شاری پێنجەم یەکسان دەبێت بە(١/٥) ی شاری یەکەم، وەک لەم زنجیرەیەدا هاتووە (١، 2/1 ، ٣/١، 4/1، ٥/١) ( سليمو سعيد، ٢٠١٤، ١٦١).

پاڵپشت بەو یاسایە بە زانینی قەبارەی شاری یەکەم دەکرێت قەبارەی نموونەیی هەر یەکێک لە شارەکانی دیکە بزانرێت، ئەمەش بە دابەشکردنی قەبارەی شارە گەورەکە (شاری یەکەم) بەسەر پلەی شارێکی دیاریکراودا، بەگوێرەی ئەم یاسایە (ابو صبيحة، ٢٠٠٧، ١٥٥):

قەبارەی نموونەیی شارێکی دیاریکراو= قەبارەی شاری یەکەم/ پلەی شارە دیاریکراوەکە

ئەم یاسایە یەکێکە لەو یاسا گرینگانەی کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارستانی هەر ناوچەیەک

دیاریبکرێت، ئەمەش لەمیانەی نواندنێکی سادەوە لەنێوان قەبارە و پلەبەندی شارەکان و بەراوردکردنیان بە قەبارە نموونەییەکەیان بەگوێرەی یاسای زیف، هەروەها دەکرێت لەڕێگای ئەم یاسایەوە ئەو گۆڕانکاریانە دەستنیشان بکرێت کە بە تێپەڕبوونی کات بەسەر سیستەمی شارستانی هەر ناوچەیەکدا دێت.

بەشێوەیەکی گشتی، سیستەمی شارستانی بە ناپێگەیشتوو هەژمار دەکرێت ئەگەر هێڵی قەبارەی ڕاستەقینەی شارەکان دوور بکەوێتەوە لە هێڵی یاسای پلەبەندی قەبارە، ئەمەش یان بەهۆی ئەوەی کە قەبارەی شاری یەکەم بچووکتربێت لەوەی پێشبینی دەکرا، یاخود بەهۆی بوونی هەژموونی شاری یەکەمەوە، ئەمەش بەزۆری لە ئەنجامی نەبوونی پەیوەندییەکی تەواوکار لەنێوان ڕەگەزەکانی سیستەمی شارستانیەوە ڕوودەدات، بەشێوەیەکی دیاریکراویش لە ئەنجامی لاوازیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان شارەکاندا، لەپاڵ چەندین هۆکاری تردا (محمد و یوسف، ٢٠١١، ١٢٨).

بەجێبەجێکردنی یاسای پلەبەندی- قەبارە بەسەر ناوچەی توێژینەوەکەدا کە دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (٨) و شێوەکانی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦) دەردەکەوێت، دەکرێت تێبینی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١. سیستەمی شارنشینی و ڕێژەی قەبارەی شارەکانی پارێزگای هەولێر ناگونجێت لەگەڵ سیستەمی پلەبەندی- قەبارەی زیف، جگە لەوە نەبێت کە شاری هەولێر شاری یەکەمە و بە درێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە هەژموونی تەواوی هەیە بەسەر شارەکانی دیکەی نێو سیستەمە شارنشینیەکە.

٢. سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر بە سیستەمێکی پێنەگەیشتوو هەژمار دەکرێت، بەڵگەش بۆ ئەمە دوورکەوتنەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی دانیشتووانە لە قەبارە نموونەییەکەی، ئەمەش لە ئەنجامی هەژموونی شاری یەکەم بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەدا.

٣. بە درێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە داکشانێکی گەورە لە ستوونی (جیاوازی نێوان قەبارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووان) کە لە

شێوەکاندا دەردەکەوێت بۆ خوار هێڵی سفر بەدی دەکرێت، ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی بۆشاییەکی فراوان لەنێوان قەبارەی راستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەکاندا.

**شێوەی (٢) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-١٩٥٧**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

**شێوەی (٣) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-١٩٧٧**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

**شێوەی (٤) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-١٩٨٧**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

**شێوەی (٥) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-٢٠٠٩**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی(٣).

٤. پەیوەندیی نێوان قەبارەی شارەکان و پلەبەندیەکەیان لەنێو سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێردا شێوەیەکی ڕێکوپێکی وەرنەگرتووە، بەڵگەش لەسەر ئەمە دوورکەوتنەوەی قەبارەی نموونەیی دانیشتووانە لە قەبارە ڕاستەقینەییەکەیان لە تەواوی ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ

کۆبوونـەوەی ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتووان لـە چەنـد ناوەنـدێکی کەمدا.

**شێوەی (٦) ژمارەی ڕاستەقینە و نموونەیی دانیشتووانی شارەکانی پارێزگای هەولێر بەگوێرەی یاسای (زیف)-٢٠٢٠**




سەرچاوە: بەپشتبەستن بە خشتەی (٣).

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کەموکورییـەکی گـەورە و ناپێگەیشـتوو لـە سیسـتەمی شارنشـینی پارێزگـای هـەولێردا هەیـە بـەگوێرەی یاسـای پلەبەند-قـەبارە، هۆکـاری سـەرەکیش لەمـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەژموونێکی بـەهێزی شـاری هـەولێر بەسـەر تـەواوی شـارەکانی دیکـەی نێـو سیسـتەمەکە، ئەمـەش خەسڵەتێکی نەرێنییە بۆ ئەم سیستەمە، چونکە هـەر داڕمانێـک بەسـەر شـاری یەکەمدا بێت تەواوی سیستەمەکە دەگرێتەوە.

## ٤ – دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی هەژموونی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر

لێـرەدا بـە مەبەسـتی دیـاریکردن و خسـتنەڕووی تایبەتمەندییـەکانی سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر و دەستنیشانکردنی شاری باڵادەست بەسەر شارەکانی دیکەی نێو ئـەم سیسـتەمە چەند پێوەرێکی ئاماریی گرنگ بەکار دەهێنین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**١- پێوەری نزیکبوونی قەبارەیی**

ئەمە یەکێکە لەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی بڕی ئەو کەلێنە قەبارەییەی دەکەوێتە نێوان شاری یەکەم لە لایەک و تەواوی شارەکانی دیکە لە لایەکی ترەوە، بەجۆرێک تاوەکو شارەکان لە قەبارەدا لە یەکەوە نزیک بن ئەوا لاوازیی هەژموونی شاری یەکەم نیشان دەدات وە پێچەوانەکەشی ڕاستە (عبدالعال، ١٩٩٨، ٣)، بەواتایەکی تر تاوەکو بەهای ئەم پێوەرە بەرزتر بێت ئاماژەیە بە بوونی بۆشاییەکی گەورە لەنێوان شاری یەکەم و شارەکانی دیکە، وە بە پێچەوانەشەوە ڕاستە (عبداللە، ٢٠٠٨، ١٦). ئەنجامەکانی ئەم پێوەرەمان لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم یاسایەوە دەست دەکەوێت (وزان، ٢٠١٦، ٧٦).

$$AP = 100 - \sqrt{\frac{\sum PC}{n} 100}$$

AP = پێوەری نزیکبوونی قەبارەیی لە نێوان شاری یەکەم و شارەکانی دیکە.

Pc= کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم.

n = ژمارەی شارەکانی تر دوای شاری یەکەم.

بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە سەر ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر کە دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (٩) دایە دەردەکەوێت کە دەرئەنجامەکانی پێوەرەکە زۆر بەرزە و بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە لە نێوان (٧٧.٩ تاوەکو ٨٥.٨٦)دایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لە یەک دووری قەبارەی شارەکانی پارێزگاکە لە یەکترەوە، بەواتایەکی دیکە شارەکانی پارێزگاکە لە رووی قەبارەی دانیشتووانەوە لە یەکتر نزیک نین. جێگای ئاماژەیە کە بە درێژایی ماوەکە شاری هەولێر هەژموونی هەیە بەسەر ناوەندە شارستانیەکانی دیکەدا، بەجۆرێک بەرزترین پلەی هەژموونی ئەم شارە لە ساڵی (٢٠٠٩) تۆمارکراوە بە دەرئەنجامی (٨٥.٨٦)، ئەمەش بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانەوەیە کە لەو ساڵەدا گەیشتووەتە (٤٥) ناوەند جگە لە شاری یەکەم، وە نزمترین پلەی هەژموونیش کە شاری هەولێر تۆماری کردبێت لە ساڵی (١٩٥٧) بووە بە دەرئەنجامی (٧٧.٩)،

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان لە لایەک، وە لە لایەکی دیکەشەوە هەرسێ شاری دوای شاری یەکەم لەم ساڵەدا قەبارەیان گەورەیە و بەیەکەوە سێیەکی قەبارەی هەر چوار شارەکە پێکدەهێنن بە ڕێژەی (٣٤.٣٨%)، ئەوانیش بریتین لە شارەکانی (کۆیە، شەقڵاوە، ڕواندز).

**خشتەی (٩)**

**بەهای پێوەری نزیکبوونی قەبارەیی شارەکانی**

**پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| نزیکبوونی قەبارەیی شارەکانی تر لەگەڵ شاری یەکەم | ٧٧.٩ | ٨٤.٦٥ | ٨٣.٢٩ | ٨٥.٨٦ | ٨٥.٥٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

**٢ ـ بەڵگەی پێشەنگیی شاری یەکەم**

یەکێک لە دیارترین سیماکانی هەژموون و چڕبوونەوەی شارستانی لە نێوان شارەکاندا بریتییە لە ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتووان و خزمەتگوزاریەکان لە نێوانیاندا، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازی تێکڕاکانی گەشەی دانیشتووان لە نێوان شارەکاندا، بەجۆرێک بەشێک لە شارەکان بەتایبەتیش شارە گەورەکان بەشێوەیەکی خێراتر لە تەواوی شارەکانی دیکە گەشە دەکەن. بە مەبەستی زانینی بڕی هاوسەنگی لە گەشەی شارەکان و پلەی هاوسەنگی قەبارەیی لەنێوان شاری یەکەم کە پێشەوەی ڕیزبەندی قەبارەیی شارەکانی گرتووە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کە لەدواوەی دێن، دەبێت ڕێژەی دانیشتووانی شاری یەکەم سەبارەت بە شارەکانی دیکە دەربهێنرێت، ئەمەش بە بەڵگەی پێشەکییەتی شاری یەکەم ناسراوە (عبدالله، ٢٠٠٨، ٢٠)، ئەمەش بە سادەترین پێوەرەکانی چڕبوونەوە دادەنرێت بەجۆریک ژمارەی دانیشتووانی شاری یەکەم دەگەڕێنێتەوە بۆ کۆی ژمارەی دانیشتووانی ئەو سێ شارەی کە لەدوای شاری یەکەمەوە دێن، کە لەڕێگەی ئەم یاسایەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت (الشواورە، ٢٠١٢، ٣٨٧):

$$I = \frac{P_1}{P_2 + P_3 + P_4}$$

I= بەڵگەی پێشەکییەتی شاری یەکەم.

=$P_1$ ژمارەی دانیشتووانی شاری یەکەم. =$P_2$ ژمارەی دانیشتووانی شاری دووەم.

=$P_3$ ژمارەی دانیشتووانی شاری سێیەم. =$P_4$ ژمارەی دانیشتووانی شاری چوارەم.

نرخی ئەم پێوەرە وێنەیەکی ڕوونمان دەداتێ لەسەر بڕی هاوسەنگی قەبارەیی لەنێوان شارەکان و پلەی هەژموونی شارستانی شاری یەکەم بەسەر شارەکانی دیکەدا، بەجۆرێک ئەگەر دەرئەنجامەکە بگاتە یەکی تەواو ئەوا ئاماژەیە بە یەکسانبوونی قەبارەی دانیشتووانی شاری یەکەم بە قەبارەی دانیشتووانی شارەکانی دیکە(ابو صبیحة، ٢٠٠٧، ص١٥٣)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەژموونی شاری یەکەم بەسەر شارەکانی دیکەدا ، وە هەرچەندە ژمارەکە زیاتر بێت لە یەکی تەواو ئەوا توانای زیاتری هەژموونی شاری یەکەم دەردەخات.

بە تێبینی کردنی خشتەی (١٠) دەردەکەوێت کە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە ئەو شارەی کە هەژموونی هەیە بەسەر ئەو سێ شارەی لە دوای شاری یەکەمەوە دێن شاری هەولێرە، بەجۆرێک دەرئەنجامی پێوەرەکە لە ساڵی (١٩٥٧) بریتییە لە (١.٩)، ئەمە سەرەڕای بەرزیی ژمارەکە بەڵام نزمترین ئاستی هەژموونی شاری هەولێرە بەسەر سێ شارەکەی تردا لە ماوەی توێژینەوەکەدا کە تۆمار کرابێت، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەکە هەڵکشاوە بۆ (٥.٨٦) کە بەرزترین ئاستی هەژموونی شاری هەولێر دەنوێنێ لەم ماوەیەدا.

هەرچەندە هەڵکشان و داکشان هەیە لە بەهای پێوەری پێشەنگیەتی هەژموونی شاری هەولێر، بەجۆرێک لە ماوەکانی (١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٨٧) بەدوای یەکدا بەهاکە بەم شێوەیە بەرز بووەتەوە (١.٩ بۆ ٥.٤٩ بۆ ٥.٨٦)، وە

بەهای پێوەرەکە لە ساڵی (٢٠٠٩) دابەزیوە بۆ (٤.٢٢)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دەرکەوتنی شاری گەورە لە پارێزگاکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شاری هەولێر هەژموونێکی گەورەی هەیە لە نێو سیستەمی شارستانیی پارێزگاکە.

**خشتەی (١٠)**

**بەهای پێوەری پێشەکییەتی شاری یەکەم لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵگەی پێشەنگیەتی شاری یەکەم | ١.٩ | ٥.٤٩ | ٥.٨٦ | ٤,٢٢ | ٤.٢٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

### ٣- ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم

ئەمە یەکێکە لەو پێوەرە گرینگانەی کە پلەی هەژموونی شارە گەورەکان بە سەر شارەکانی دیکە لە چوارچێوەیەکی شوێنیدا دیاریدەکات، وە دەکرێت بەهای ئەم پێوەرەمان دەست بکەوێت لە ڕێگای دابەشکردنی (کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکانی دیکەی دوای شاری یەکەم) بەسەر کۆی ژمارەی شارەکانی دوای شاری یەکەم، وە هەرچەندە بەهای پێوەرەکە گەورەتر بێت ئەوا لاوازیی هەژموونی شاری یەکەمدەردەخات، وە پێچەوانەکەشی ڕاستە، نرخی پێوەرەکەش دەکەوێتە نێوان (سفر ـ ١٠٠) (الخزاعي، ٢٠١٨، ١٣٨). ئەمەش دەوەستێتە سەر ژمارەی شارەکانی پارێزگاکە، چونکە تاوەکو ژمارەی دانیشتووانی شارستانیی پارێزگاکە بەسەر ژمارەیەکی گەورەتری شارەکاندا دابەش بێت ئەوا دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی بەشی شارەکان لە دانیشتوانەکەی، ئەمەشمان دەست دەکەوێت لە ئەنجامی دابەشکردنی کۆی ڕێژەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم بەسەر ژمارەی شارەکاندا (عبدالعال، ١٩٩٨، ١٥)، هەروەکو لەم یاسایەی خوارەوەدا دیارە.

$$MP = \frac{\sum PC}{n}$$

MP=پێوەری ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم.

PC=کۆی ڕێژەی سەدی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم.

n =ژمارەی شارەکانی دیکەی دوای شاری یەکەم.

بە تێبینی کردنی خشتەی (١١) دەردەکەوێت کە نرخی پێوەرەکە بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەکە زۆر نزمە، بەجۆریک بەرزترینیان گەیشتووەتە (٤.٨٩) وە نزمترینیشیان بریتییە لە (٢)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاری هەولێر بە درێژایی ئەو ماوەیە هەژموونێکی توندی هەیە بەسەر شارەکانی دیکەی پارێزگاکەدا.

گەورەترین گۆڕانکاری لە قەبارەی هەژموونی شاری هەولێر کە ڕوویدابێ لە قۆناغی (١٩٥٧- ١٩٧٧) بووە، بەجۆرێک کە ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە بە ڕێژەی (٥١.٧) کەمی کردووە، بەو واتایەی هەژموونی شاری یەکەم دوو ئەوەندە زیادی کردووە بەسەر شارەکانی دیکەدا. وە بڕی جیاوازی ناوەندی قەبارەی شارەکان لە نێوان سەرەتا و کۆتایی ماوەی توێژینەوەکەدا بریتییە لە (٥٧.٤٦%)، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر بەرزە و بەرەوپێشچوونێکی خێرا و بەرزی هەژموونی شارە گەورەکە دەردەخات.

**خشتەی (١١)**

**ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم**

**لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەبارەی شارەکانی دیکە لەشاری یەکەم | ٤.٨٩ | ٢.٣٦ | ٢.٧٩ | ٢ | ٢.٠٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

## ٤- پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم

ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی ڕاددەی هەژموونی شاری یەکەم دەردەخات بە بەراورد بەو شارانەی کە لە دواوەی دێن. دەکرێت بەهای ئەم پێوەرەمان دەست بکەوێت لە ڕێگای لێدەرکردنی (نرخی ڕەگی دووجای کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکان لەشاری یەکەم کە لەدوای شاری یەکەم دێن) لە

١٠٠ (عبـدالعال، ١٩٩٨، ١٦)، وەک لـەم هاوکێشـەیەی خـوارەوەدا هـاتووە (عبدالله، ٢٠٠٨، ١٨):

$$DP = 100 - \sqrt{\sum PC}$$

DP = پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم
PC = کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی شارەکانی دیکە لە شاری یەکەم

جێگای ئاماژەیە تاوەکو بەهای ئەم پێوەرە بەرزتر بێت، ئەوا ئاماژەیە بە هەژموونی زیاتری شاری یەکەم لە سیستەمی شارنشینیدا وە پێچەوانەکەشی ڕاستە (سلیم، سعید، ٢٠١٤، ١٦٦)

بە جێبەجێکردنی یاسای پلەی هەژموونی شاری یەکەم بەسەر ناوەندە شارستانیەکانی پارێزگای هەولێر، کە دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (١٢)دایە، ئەوا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت کە شاری هەولێر بەدرێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەکە هەژموونێکی بەرزی سەپاندووە بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی پارێزگاکەدا، بەجۆرێک پلەی هەژموونی ئەم شارە لەم ماوەیەدا لەنێوان (٩٠.٣١ و ٩٤.٢١)دایە، ئەمەش گرینگی ڕێژەیی قەبارەی شارەکە دەردەخات بەبەراورد بە قەبارەی شارەکانی دیکە، ئەمەش بە بەڵگەی بەرزی دەرئەنجامەکانی پێوەرەکە، بەجۆرێک لە ساڵی (١٩٨٧)دا ئەم نیشاندەرە بەرزترین بەهای تۆمارکردووە و بریتییە لە (٩٤.٢١)، ئەمەش بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکان بۆ تەنها (١٣) شار لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە هەژمارکردنی دانیشتووانی چەند ناوەندێکی شارستانی لەگەڵ ناوەندی شاری هەولێر، بەجۆرێک ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی دیکە تەنها (٢٥.١٩%)ی دانیشتووانی پارێزگاکەی لەخۆ گرتووە.

بەڵام نزمترین بەهای ئەم پێوەرە لە ساڵی (٢٠٢٠)دا تۆمارکراوە، ئەویش بریتییە لە (٩٠.٣١) بە جیاوازی (٣.٩) لەگەڵ ساڵی (١٩٨٧)، دیارە کە ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی ناوەندە شارستانیەکانی ئەم پارێزگایەیە،

بەجۆرێک لەم ساڵەدا نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتووانی پارێزگاکە لەخۆ دەگرن بە ڕێژەی (٤٨.٢%) و بەجیاوازی (٢٣.٠١%) لەگەڵ ساڵی (١٩٨٧).

**خشتەی (١٢)**

**بەهای پێوەری پلەی هەژموونی شاری یەکەم لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| پلەی هەژموونی شاری یەکەم | ٩٠.٨٩ | ٩٢.٩٦ | ٩٤.٢١ | ٩٠.٥ | ٩٠.٣١ |
| کۆی ڕێژەی سەدی دانیشتووانی شارەکانی دیکە لە پارێزگا | ٤٥.٤ | ٣٢.٨ | ٢٥.١٩ | ٤٨.٣ | ٤٨.٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

### ٥- پێوەری توندیی هەژموونی شاری یەکەم

ئەم پێوەرە ڕەنگدانەوەی ڕاددەی هەژموونی شاری یەکەمدەردەخات بە بەراورد بەو سێ شارەی کە لەدواوەی دێن، دەکرێت بەهای ئەم پێوەرەمان دەست بکەوێت لە ڕێگای لێدەرکردنی (نرخی ڕەگی دووجای کۆی ڕێژەی سەدی قەبارەی ئەو سێ شارەی لەدوای شاری یەکەم) لە ١٠٠ (عبدالعال، ١٩٩٨، ١٦)، وە هەرچەندە ڕێژەی سەدی کۆی دانیشتووانی ئەم سێ شارە لە چوار شاری یەکەم کەمتر بێت ئەوا ئاماژەیە بۆ بەهێزیی هەژموونی شاری یەکەم وە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

$$HP = 100 - \sqrt{\sum PTC}$$

HP= پێوەری پلەی توندی هەژموونی شاری یەحەم

PTC= کۆی ڕێژەی سەدی دانیشتووانی سێ شاری دوای شاری یەکەم لە چوار شاری یەکەم

بە جێبەجێکردنی پێوەری توندی هەژموونی شاری یەکەم بەسەر قەبارەی دانیشتووانی هەرچوار شارەکە و تێبینی کردنی دەرئەنجامەکەی لە خشتەی (١٣)، دەردەکەوێ کە سەرەڕای جیاوازیی هەژموونی لە نێوان ساڵەکاندا بەڵام شاری هەولێر بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە هەژموونێکی بەهێزی بەسەر سێ شاری دوای خۆیدا هەیە، ئەمەش بە بەڵگەی بەرزیی

دەرئەنجامەکەی کە لە خشتەکەدا دەردەکەوێ. بەڵام بەرزترین پلەی هەژموونی ئەم شارە بەسەر شارەکانی دیکەدا لەساڵی (١٩٨٧)ە بە تۆمارکردنی ڕێژەی (٩٥.٨٧) وە بەبەڵگەی ئەوەی کە کۆی ڕێژەی دانیشتووانی هەر سێ شارەکەی دوای خۆی نزمترین ئاستیان تۆمارکردووە لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکە ئەویش بریتییە لە (١٤.٦٢)، وە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٥٧) نزمترین ئاستی هەژموونی هەبووە بەسەر سێ شارەکەی تردا، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو سێ شارە بەرزترین ڕێژەی دانیشتووانیان لەخۆ گرتووە لەم ماوەیەدا کە بریتییە لە (٣٤.٣٨) وە دەرئەنجامی توندیی پێوەرەکەش بریتییە لە (٩٢.٧٦) ئەمەش نزمترین ئاستی هەژموونی ماوەی توێژینەوەکەیە بە پێچەوانەی ڕێژەی دانیشتووانی سێ شارەکە کە بەرزترینیان تۆمار کردووە.

**خشتەی (١٣)**

**بەهای پێوەری پلەی توندی هەژموونی شاری یەکەم**

**لە پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵەکان | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|
| پلەی توندی هەژموونی شاری یەکەم | ٩٢.٧٦ | ٩٥.٧٤ | ٩٥.٨٧ | ٩٥.١٤ | ٩٥.١٥ |
| کۆی ڕێژەی سەدی دانیشتووانی سێ شارەکە لە چوار شاری یەکەم | ٣٤.٣٨ | ١٤.٨٤ | ١٤.٦٢ | ١٩.١٣ | ١٩ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی (٣).

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین لە ئەنجامی جیبەجێکردنی گشت ئەو پێوەرانەی کە تایبەتن بە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی و دیاریکردنی شاری باڵادەست لەنێو سیستەمەکەدا، گشت ئەنجامەکان دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە ناهاوسەنگیەکی ئاڵۆز هەیە لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێر، وە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە و بەئاستێکی بەرزیش شاری هەولێر تاکە شارە کە هەژموونێکی تەواوی هەیە بە سەر شارەکانی دیکەی پارێزگای هەولێردا، ئەمەش گرنگیی ئەم شارە دەنوێنێ لەنێو سیستەمەکەدا.

**دەرئەنجام:** لە كۆتایی توێژینەوەكە گرنگترین دەرئەنجامەكان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١. ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی ناوەندە شارستانیەكان لەماوەی توێژینەوەكەدا ئاستێكی بەرزی تۆماركردووە، بەجۆرێك لە تەواوی ماوەكەدا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بریتییە لە (٥،١٥%)، وە بەرزترین ڕێژەش لە ماوەی (١٩٧٧-١٩٨٧) تۆماركراوە گەیشتووەتە (7.54%) نزمترینیش بریتییە لە (٢.٥%) كە لە كۆتا ماوە تۆماركراوە.

٢. بە درێژایی ماوەی ساڵانی توێژینەوەكە و بە تێپەڕبوونی كات ڕێژەی قەبارەی دانیشتووانی شارنشین لە كۆی دانیشتووانی پارێزگاكە لە بەرزبوونەوەدا بووە، بەشێوەیەك لە سەرەتای ماوەكەدا ڕێژەكە لە (٢٦.٧٢%) بەرز بووەتەوە بۆ (٧٦.٤٧%)لە كۆتا ماوەدا، ئەمەش ئاماژەیەكی ڕوون و ئاشكرا و پلەیەكی بەرزی بەشارستانیبوونی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر دەردەخات.

٣. هۆكاری سەرەكی لە گەشەی دانیشتووانی شارنشین و زیادبوونی قەبارەكەیان بریتی بووە لە كۆچی دانیشتووان بەرەو ناوەندە شارستانیەكان نەوەك گەشەی سروشتی.

٤. هەڵكشان و داكشانێكی گەورە بەسەر ژمارەی ناوەندە شارستانیەكاندا هاتووە، بەجۆرێك ژمارەكەیان لە ساڵی (١٩٥٧) لە (١٨) ناوەندەوە زیادی كرووە بۆ (٢٢) ناوەند لە ساڵی (١٩٧٧)، كەچی لە ساڵی (١٩٨٧) ژمارەكەیان داكشاوە بۆ تەنها (١٣) ناوەند، پاشان جارێكی تر ژمارەی ناوەندە شارستانیەكان بەرز دەبێتەوە بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەكەیان دەگاتە (٤٦) ناوەند.

٥. شارە بچووكەكان بەدرێژایی ماوەی توێژینەوەكە ڕێژەیەكی بەرزی شارەكانی پارێزگاكەیان پێكهێناوە، بەجۆرێك لە كۆتا ماوەدا ڕێژەی (٣٢.٦%)ی شارەكانیان پێكهێناوە كەچی تەنها (١.٢٦%) ی قەبارەی دانیشتووانی شارنشینیان تیادا كۆ بووەتەوە.

٦. شاری یەكەم كە شاری هەولێرە بە درێژایی ماوەی توێژینەوەكە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی شارەكانی پارێزگاكەی پێكهێناوە، بەجۆرێك لە

تەواوی ماوەکەدا (١٩٥٧-٢٠٢٠) ڕێژەی قەبارەی شاری یەکەم لە کۆی قەبارەی شارەکانی دیکە لەنێوان (٥١.٦٩-٧٤.٨%)دایە.

٧. بەگوێرەی گشت ئەو پێوەرانەی کە تایبەتن بە دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی سیستەمی شارنشینی دەرکەوتووە کەموکوریەکی گەورە و نا پێگەیشتوو لە سیستەمی شارنشینی پارێزگای هەولێردا هەیە، هۆکاری سەرەکیش لەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ هەژموونێکی بەهێزی شاری هەولێر بەسەر تەواوی شارەکانی دیکەی نێو سیستەمەکە، ئەمەش خەسڵەتێکی نەرێنییە بۆ ئەم سیستەمە، چونکە هەر دارمانێک بەسەر شاری یەکەمدا بێت تەواوی سیستەمەکە دەگرێتەوە.

٦ - **پێشنیاز:** لەژێر رۆشنایی دەرئەنجامەکان دەکرێت ئەم پێشنیازانە بخەینە ڕوو:

١. دانانی کۆت و بەندی بەهێز بۆ ڕێگریکردن لە کۆچی دانیشتووان بەرەو ناوەندە شارستانیە گەورەکان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو ئەو ناوەندانەی بچووک و کەم دانیشتووانن.
٢. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان نێوەندە شارستانیە گەورە و بچووک و مامناوەندەکان لە لایەک و ناوەندە شارستانیەکان و ناوچە لادێییەکان لە لایەکی دیکەوە، ئەمەش لە ئەنجامی دامەزراندن و دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتییەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتووان.
٣. دووبارە ڕێکخستنەوە و دابەشکردنەوەی ناوەندە کارگێڕیەکان لەسەر بنەمای زانستی و پێویست بوون.
٤. هاندان و ئاڕاستەکردنی کەرتی گشتی و تایبەت بە مەبەستی وەبەرهێنان لە شارە بچووک و مامناوەندەکان بەئامانجی گەشەپێدانی هاوسەنگ لە تەواوی پارێزگاکەدا.

## ٧- سەرچاوە

### ٧-١- پەرتووک:


١. اسماعيل، احمد على (١٩٨٢)، دراسات فى جغرافية المدن، مكتبة سعيد رافت، ط٢، القاهرة.

٢. المطرى (١٩٨٩)، السيد خالد، دراسات فى مدن العالم الاسلامى، معهد البحوث والدراسات العربية، دار النهضة العربية: بيروت.

٣. ابوصبيحة، كايد عثمان (٢٠٠٧)، جغرافية المدن، ط٢، دار وائل للنشر.

٤. الشواورة، على سالم (٢٠١٢)، جغرافية المدن، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.

٥. هرورى، نشوان شكرى (٢٠١٢)، سكان محافظة دهوك (١٩٤٧-٢٠٠٦)- اتجاهات النمو وطبيعة التوزيع (دراسة جغرافية-كارتوجرافية وفق المناهج البحثية المعاصرة ونظم المعلومات الجغرافية)، مطبعة الحاج هاشم، اربيل.

٦. عطوى، عبدالله (٢٠٠١) جغرافية السكان، دار النهضة العربية، بيروت.


### ٧-٢- تێزی زانستی:


١. عزيز، روستم سلام (٢٠١٣) المدن الصغيرة والمتوسطة فى محافظة اربيل (دراسة فى التوازن الحضرى والاقليمى)، اطروحة دكتوراه، (غير منشورة)، مقدمة الى مجلس فاكلتى التربية، جامعة كوية، قسم الجغرافيا.

٢. الخزاعى، نور كريم سكران ( ٢٠١٨) الهيمنة الحضرية لمدينة السماوة على مدن محافظة المثنى، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة المثنى، قسم الجغرافيا.


### ٧-٣ - گۆڤار و دەرکراوە خولیەکان:


١. الجاراللـه، احمد (١٩٩٦) تحليل النظام الحضرى السعودى بتطبيق الصيغة التقليدية والمعدلة لقاعدة المرتبة والحجم، مجلة العربية للعلوم الانسانية، العدد (٥٥)، السنة الرابعة عشر.

٢. ابو قرين، عنتر عبدالعال (٢٠١٤) تحليل النظام الحضرى فى وادى النيل بمصر، مجلة العلوم الهندسية، جامعة اسيوط، قسم الهندسة، العدد (١).

٣. سلیم و سعید، هیوا صادق، کامران تاهیر(٢٠١٤) ئاراستەکانی بەشارستانیبوون و گردبوونەوەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، گۆڤاری زانستە ئەکادیمیەکان، زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٤).

٤. محمد و يوسف، فؤاد عبدالله، رفلة يعرب (٢٠١١) مؤشرات الهيمنة الحضرية لمدينة النجف، مجلة البحوث الجغرافية الحضرية لمدينة النجف، العدد (٢١).
٥. محمد و رضا، فؤاد عبدالله، رشا جبار محمد (٢٠١٦) التراتب الحجمي لمدن النظام الحضري في محافظة بابل للمدة ١٩٩٧-٢٠١٥، مجلة كلية التربية للبنات للعلوم الانسانية، جامعة الكوفة، العدد (١٨)، السنة العاشرة.
٦. عبدالعال، احمد محمد (١٩٩٨) مقاييس كمية مقترحة لبعض الظاهرات الجغرافية، المجلة العلمية لكلية الاداب، جامعة المنيا، القاهرة، المجلد (٢٩)، العدد (٤١).
٧. وزان، كنده (٢٠١١) الخصائص الجغرافية للنظام الحضري في محافظة اللاذقية (سورية)، مجلة جامعة تشرين للبحوث والدراسات العلمية- سلسلة الاداب والعلوم الانسانية، المجلد (٣٨)، العدد (٢).
٨. عبدالله ، نشوان شكري، ٢٠٠٨، تطور مظاهر الهيمنة والتركيز الحضري في محافظة دهوك (١٩٤٦-٢٠١٧)، مجلة جامعة دهوك، المجلد (١١)، العدد (٢).

**٧-٤- چاپەمەنی و نووسراوە حکومیەکان**

١. الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية للتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي الموصل واربيل ولكافة العراق، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٣.
٢. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، محافظة اربيل و لكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٨.
٣. الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة اربيل و لكافة العراق، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، داتای گەمارۆسازی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر (٢٠٠٩).
٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ژووری ئامار، ئاماری دانیشتووانی پارێزگای هەولێر (٢٠٢٠).
٦. هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی سیستمی زانیاری و نەخشەسازی، نەخشەی عێراق و هەرێمی کوردستان (٢٠٢٠).

**٧-٥- ئەتڵەس:**

١. حداد و مەحمود، هاشم یاسین حمدامین، کامران ولی (٢٠١١) ئەتڵەسی پارێزگای هەولێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، چاپی دووەم.
٢. حداد و مەحمود، هاشم یاسین حمدامین، کامران ولی (٢٠٠٩) ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق، چاپخانەی تێنووس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر.

## الملخص


### خصائص النمو والهيمنة الحضرية في محافظة اربيل ـ (١٩٥٧ ـ ٢٠٢٠)

يعتبر النمو الحضري من ابرز الظواهر الجغرافية في العالم، بحيث يتمركز عدد كبير من السكان بشكل غيرمتساوي في بعض المراكز الحضرية، بالتالي تؤدي إلى ظهور مشكلة عدم توازن الحجمي للمراكز الحضرية بالاضافة الى الهيمنة الحضرية. و في محافظة اربيل في فترة مابين (١٩٥٧-٢٠٢٠) حدثت تغييرات كبيرة في النمو الحضري التي انعكست على جميع جوانب النظام الحضري في المحافظة .

تهدف الدراسة إلى تحديد التغييرات التي طرأت على النظام الحضري في محافظة اربيل خلال فترة الدراسة مع ابراز جوانب الهيمنة الحضرية في المحافظة.

تنقسم خطة الدراسة الى ثلاث مباحث، الأولى تبحث في تطور نمو السكان ونسبة التحضر في المحافظة. أما المبحث الثاني فقد ناقش خصائص النظام الحضري، وفي المبحث الأخير من خلال عدد من المعاير تم قياس خصائص الهيمنة الحضرية. و في الختام توصلت الدراسة الى مجموعة من النتائج، ابرزها عدم توازن النمو و زيادة حجم سكان المراكز الحضرية، وقد فرضت مدينة اربيل هيمنتها على جميع المراكز الحضرية في المحافظة خلال فترة الدراسة.

# Abstract

## Characteristics of growth and Urban Primacy in Erbil governorate (1957-2020)

Urban growth is one of the most prominent geographical phenomena in the world, as a large number of people are unevenly concentrated in some urban centers, and thus lead to the emergence of the problem of volume imbalance in urban centers in addition to Urban Primacy. And in Erbil Governorate, in the period between (1957-2020) there were significant changes in urban growth that were reflected in all aspects of the urban system in the governorate.

The study aims to determine the changes that occurred in the urban system in Erbil governorate during the study period, while highlighting the aspects of urban Primacy in the governorate.

The study plan is divided into three sections. The first studies the development of population growth and the rate of greening in the governorate. As for the second topic, it discussed the characteristics of the urban system, and in the last topic, through a number of criteria, the characteristics of urban Primacy were measured. In conclusion, the study reached a set of results, most notably the imbalance of growth and the increase in the population of urban centers, and the city of Erbil imposed its Primacy over all urban centers in the governorate during the study period.

# مەلا مەحموودی بایەزیدی و هەردوو دەستخەتی (تەصریف)ی عەلیی تەرەماخی و (در المجالس)ی مەلا موسای هەکاری

د. زرار صدیق تۆفیق
بەشی مێژوو _کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان_زانکۆی دهۆک
Zrar.stawfiq@uod.ac

**پوختە**

وەک روونە دەستکاریکردنو هەڵبەستنی دەستنووس، دیاردەیەکی یەکجار کۆنە لە مێژوو و کەلتووری گەلاندا بە کوردەوەش و دەیان دەستخەت بە زمانی کوردی هەن لە کتێب و نامیلکە و دیوانی شاعیران و کەشکۆڵ کە تایبەتن بە دیرۆک و ئەدەب و زمانی کوردی و چەندینی عەرەبییش هەن سەبارەت بە لایەن یان بوارێکی مێژوو و کەلتووری کوردی و زۆربەیان لەمێژە ساخ و بڵاوکراونەتەوە و شوێنی خۆیان لە کتێبخانەی مەعریفیی کوردی گرتووە، وەلێ دەمێک لە هەندێکیان دەڕوانی و بە وردی دەیانخوێنیتەوە، گومان لە رەسەنیی دەقەکانی دەکەیت و هەست دەکەیت لە دەستکاری و لێ تێنەگەهیشتن بەدەرنین و بە مەبەست و ئامانجی جۆربەجۆر دەستکاریی مێژووەکەی یان وشەگەلێکی کراوە یان هەر لە بنەڕەتدا نەبووە و دواتر هەڵبەستراوە، واتا کەسانێک دانراوێکی خۆیان دەدەنە پاڵ شاعیر یان دانەرێکی ناودار، دەستنووسی واش هەیە بەشێکی یان زۆربەیی هەڵبەستراوە و لە بنەڕەتدا ئەوەندە نەبووە، لەپاڵ ئەمانەشدا، جاری وا هەیە ساخکەرەوەی دەستنووسێک لە تێگەهیشتن و راستنووسینی چەند

پەیڤ و واژەی دەستخەتێک و ناسینەوەی خاوەندەکەی راستیی نەپێکاوە.

لەم سالانەی دواییدا، خەریکی ساخکردنەوەی بابەتگەلێکی دیرۆک و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی بووم و کارەکەم وای دەخواست بۆ جارێکی دی بەرهەمی مێژوونووسان و زانایانی کورد و دیوانی گشت شاعیرانی کلاسیکی بەوردی و بە چاوێکی رەخنەگرانە بخوێنمەوە و سەرئەنجام چەردەیەک سەرنج و رەخنەم لەکن پەیدا بوون لەبارەی مژارگەلێکی پەیوەست بە ئەدەب و زمان و مێژووی کورد و میتۆدی کارکردن لە دەستخەتە کوردییەکان.

ئەم ڤەکۆلینە، لە یەکێک لەم مژارانە دەکۆڵێتەوە ئەویش پەیوەندیی مەلا مەحموودی بایەزیدییە بە هەردوو دەستخەتی (در المجالس) و (تەصریفی عەلی تەرەماخی)یەوە، کە پێشتر ڤەکۆلەران سەرنجیان نەداوەتێ و باسیان نەکردووە و گەهیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بایەزیدی بەخۆی تەصریفەکەی داناوە و گەڕاندوویەتیەوە بۆ تەرەماخی و هەر خۆیشی(در المجالس)ی بەناوی مەلا موسای هەکاری وەرگێڕاوە.

وشە سەرەکییەکان: دەستخەتی کوردی، بایەزیدی، عەلیی تەرەماخی، هەڵبەستن

## ١- مەلا مەحموودی بایەزیدی(١٧٩٧-١٨٦٧ز):

سەبارەت بە ژیاننامەی بایەزیدی زانیاریی ورد دەست ناکەوێت، هەندە نەبێت کە لە کۆتا ساڵەکانی سەدەی هەژدەهەم لە شوێنێکی سەر بە بایەزید لەدایک بووە و لگۆر ئەو شارەزایی و پێزانینە تەواوەی هەیبووە لەسەر وردەکاریی ژیان و سەربوردەی ڤاکی رەوەندی و شوانکارەی کوردەواری، دەکرێت بڵێین بەخۆی هەر رۆڵەی گۆشکراو و پەروەردەکراوی ئەو ڤاکە بووە و بەخت یاری بووە و هەلی خوێندن




و فێربوونی بۆ هەڵکەوتووە و بۆتە خوێندەوارێکی زرنگ و رۆشنبیرێکی بەهرەداری رۆژگاری خۆی و هاوشێوەی خوێندەوارانی کورد، سەرباری زمانی زکماکی دایک وەک پێویستییەک، فێری زمانەکانی عەرەبی و فارسی و دواتریش تورکی بووە و ئاشنایی و شارەزایی لە ئەدەبیاتی میللەتانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی پەیدا کردووە، وا دیارە لە رووداو و پێشهاتەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمی کوردستانی باکوریش ئامادەیی هەبووە و رۆڵی دیبلۆماسی گێڕاوە تا دواجار بەدەنگ بانگهێشتی ئەلیکسەندەر ژابا(١٨٠١-١٨٩٤)ی کونسوڵی رووسیاوە چووە و پەیوەندیی پێوە کردووە و لە شاری ئەرزەڕوم گیرساوەتەوە و بوونەتە دۆست و ناسیاوی یەکدی و لێبڕاوانە کەوتۆتەخۆ و هاریکاریی"میر ژابا بێگ" و" دۆستێ... قونسوڵێ فەخیمە رووسیە"ی کردووە و چیی خواستوە، چ بە دانان و چ بە وەرگێڕان و نەسخکردن و کورتکردنەوە بۆی ئەنجام داوە[1]، بەمەش خزمەتێکی هەرەمەزنی بە نەتەوەکەی گەیاندووە و بەشێک لە گەنجینەی کەلتووری بێناز و پەڕاگەندەی کوردی لە فەوتان و لەناوچوون دەرباز کردووە و خۆزگە مەلا و خوێندەوارانی دی، چارەکی ئەم بەتەنگ پاراستن و یاداشتکردنی مێژوو و چاندی کوردییەوە بهاتنایە و چمکێکی دیی مێژوومانیان بپارستایە.

لای هەموو ئەو توێژەرانەی سەبارەت بە کارە هاوبەشەکانی بایەزیدی و ئەلیکسەندەر ژابا دواون و تۆژینەوەیان کردووە، ئەوە

روون و ساخ بۆتەوە کە بایەزیدی لە بەرهەم و نەسخکردن و وەرگێڕانەکانیدا، بەمەبەست لەمەڕ ناسنامەی خۆی نادوێت و چ ئاگاهییەک نادات بەدەستەوە، بەڵکو لە زۆربەیاندا، بە ئەنقەصد یان ناوی خۆی ناهێنێت یان ناسناوی جۆربەجۆر بەکار دەهێنێت: خواجە مەحموود، فەقیر مەحموود ئەفەندی، مەلا ئەفەندی، حاجی مەحموود ئەفەندی(خزندار، ١٩٧٨، ٢٩ Ozturk، ٢٠١٧، ١٩)، دیارە پاساوی ئەم رەفتارەشی خۆلادان بووە لە تووڕەبوون و ورووژاندنی دینداران و پیاوانی ئایینی کۆمەڵگای کوردەواری و خۆپاراستن لە توانج و رەخنەیان کە پێیان رەوا نەبووە مەلایەکی موسڵمان لەسەر خواست و راسپاردەی ناموسڵمانێک ئەم کارانە ئەنجام بدات (رودینکو، ٢٠٢٠، ٧).

**٢- عەلیی تەرەماخی و صەرفی کوردی:**

عەلیی تەرەماخی کە بە دانەری تەصریف- صەرفی لیسانی کوردی دانراوە، کەسێکی نەناسراوە و نە ناوی باب و باپیری و ماڵبات و هۆزەکەی و نە دەمی لەدایکبوون و ژیان و مردنی و نە ساڵی دانانی تەصریفەکەی دەزانرێت و وەک بێژیت کەسێکی چێکراو بێت و لە چ سەرچاوە و بەڵگەنامەیەکی عوسمانی و دەستخەتێکی بەر لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ناوی نەبراوە و ئەو ڤەکۆڵەرانەی دوڤچوونیان ئەنجام داوە و سۆراخی زیندەگی و بەسەرهاتیان کردووە، شتێکی وایان لەبارەوە دەست نەکەوتووە و وەک م. ب. رۆدێنکۆ(١٩٢٦-١٩٧٦) دەڵێت لەگەڵ باسکردنیدا، تووشی کێشەی مێژووی ژیان و بەرهەمی دەبین(رۆدێنکۆ،٢٠٢٠، ٥١)، بەڵکو لەگەڵ دەستبەکاربوونی بایەزیدی بە هاوکاریکردنی ئەلیکسەندەر ژابا، کوتوپڕ سەرهەڵدەدات و پاش لێبوونەوەیان لە پێکەوەنانی نامیلکەکە، سەرنگوون دەبێت تا پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، هیچ دەنگوڕەنگ و شوێنەوارێکی


دەستووری
زمانی عەرەبی بە کوردی
عەلی تەرەماخی
سەدەی حەقدەمی زایین

دەستنووسی ژمارە ( C 1958 ) ی ئامۆژگای
ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤیەت
لە لینینگراد
لە ساڵی ١٢٧٤هـ / ١٨٥٧ – ١٨٥٨ ڕوونووس کراوە

لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و ئامادەکردنی
بۆ چاپ
دوکتۆر مارف خەزنەدار
قوتابی و کارگەری زانستیی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی
ئەکادیمیەی زانستیی سۆڤیەت لە لینینگراد ( ١٩٦٠ – ١٩٦٨ )

بەغدا ١٩٧١

نامێنێت، واتا تەنها لای بایەزیدی بوونی هەیە و زانا و زمانەوانێکی ناسراوە، بگرە ئەو بەخۆیشی زانیاریی وردی دەرهەق نەبووە و دڵنیا نەبووە لە چ سەدە و سەردەمێک ژیاوە و وەک چۆن لەخۆیەوە شاعیرانی کرمانجی ناساندووە و چۆن بۆ هاتنی ئەحمەدی خانی بۆ بایەزید و دانانی شەرەفنامەی بەدلیسی، ساڵی(حزار- هەزار)ی داناوە[٢]، لێرەش هەر وای کردووە و سەرپێیانە تەرەماخیی ناساندووە کە پێدەچێت هەر خۆی پێکەوەی نابێت، پێناسەیەک دەشێت بەسەر هەر مەلایەکی پایەدار و زانایەکی ئایینی وڵاتی پانوپۆڕی هەکاری بچەسپێت:

"د تاریخا حزاری بشوڤە- پاش ساڵی هەزاری کۆچی- ژ قضاید حکاریان د قضا مکثیدا گوندک هیە ترەماخ دبێژن، ژ وی گوندی ناڤی علی مرۆڤکە خوی ذهن و ادراک و صاحب هش و فطانت پیدا بویی، طلبا علم و فنونید بدیعە کری، مدەیکی مدیدە لبغدا و موصل و بهدینان و صوران گڕیایی و مایی و خوندی و کسب کمال و فنون علوم کری، د فننی علمی صرفیدا زێدە مهارت و رسوخ پێدا کری، د زمانی خودانی قوی زیدە مشهور و معروف بویە. و بلکو حتی نها ژی ناف و نیشانید وی د کوردستانیدا هین اوی علی تەرەماخی بخو بدستی خو د نیڤا گوندی مزگفت و مدرسە بنا کرینە و مدەیکی بخو ژ درس گوتی نە... ژ بو هیسیا مبتدیان بزمانی کورمانجان عبارەتکی تصریفی تصنیف کریە"(تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٥-٢٦).

کەچی ئەوەی راستی و واقیعە، نە چ بەڵگە و ژێدەرێک ئەم پیاهەڵدانەی پشتڕاست کردۆتەوە و نە لە کوردستانیش هەندە ناودار و بەناوبانگ بووە، دەنا لە دەستخەت و سەرچاوەکاندا ناوی خۆی و بەرهەمەکانی دەبرا و نە تەصریفەکەشی بەردەست و بڵاو بووە، ئەگینا فەقێ و مامۆستایان بۆ خۆیان دانەیان لەبەر دەگرتەوە و راڤە و لێدوان و لێکدانەوەیان بۆ دەکرد و هەرچۆنێک بایە چەند دانەیەکی لێ دەمایەوە، وەک چۆن دەیەها دەستخەتی جۆربەجۆری دیوانی مەلای جزیری(م: ١٦٤١ز) و (مەم وزین) و (نوبهاری بچووکان) و (عەقیدەیا ئیمانێ)ی ئەحمەدی خانی(م: ١٧٠٧ز) و مەولودەکەی مەلای باتەیی(سەدەی هەژدەهەم) و (نهج الأنام) ی مەلا خەلیلێ سێرتی(م: ١٨٤٣ز) ماون و پارێزراون[٣].

ئەم تەصریفە کوردییە بابەتێکی مەنهەجیی بنەڕەتی بوو و لە ماوەی سەدان ساڵدا لە قۆناغە بەراییەکانی خوێندنی قوتابخانە و حوجرەی مزگەفتەکانی کوردستانی باکور دەخوێندرا تا زارۆک و قوتابیانی کرمانجی نەشارەزا لە عەرەبی کەڵکیان لێ بدیتایە و فێری زمانی عەرەبی ببوونایە و پێویستبووش مامۆستا و فەقێیانی کرمانج بایەخیان پێبدایە و هەر یەکەو یان زۆربەیان دانەیەکی هەبووایە، بە ئاخافتنێکی دی دەبوو دانەگەلی لە گوند و دێهاتەکاندا بەردەست بوایە و بە ساناهی دەست بکەوتایە، کەچی تەواو بە پێچەوانەوە ئەم کتێبە بنەڕەتی و گرنگە کە بەگوتەی بایەزیدی" د نیڤا طەلەبەید ئەکرادان قەوی- گەلێک- مەقبول و ئەهم و لازمە"(خەزنەدار، ١٩٧١، ٢٦)، کەس پێی نەزانیوە و لای کەس دەست نەکەوتووە و بگرە لەکن نەوەکانیشی لە گوندی تەرەماخ نەپارێزراوە و ناویشی لە هیچ سەرچاوە و دەستخەتێک نەهاتووە و نەزانراوە چ دانەیەکی لە دەستنووسخانە گشتی و حوکومی و کەسییەکاندا هەبێتو گوایا دانایەکی تاقانەی لەکن پیرەمێردێکی هەکاری هەبووە و ئەویش بزر و بێسەروشوێنە(خزندار،

١٩٧٨، ٤٣)، ئەمە لە دەمێکدا، ناملیکە فێرکارییەکانی مەلا یونسی ئەرەقەتینی- حەلقەتینی(م: ١٧٨٥؟): (تەصریف و تەرکیب و ظروف) کە ئەوانیش مەنهەجی بوون، لەپاڵ ئەو دانەیەی دەست ژاپا کەوتووە کە ساڵی١١٩٠ک/١٧٧٦-١٧٧٧ز نووسراوەتەوە، چەندینی تری هەن لە دەستخەتخانەی عێراقی(دار المخطوطات العراقية) و کتێبخانەی دەوڵەتی لە بەرلین و کوردستانی باکور و لە کاتی لێکجیا و بە خەتی لێکجیا نووسراونەتەوە و راڤە و لێکدانەوەیان بۆ کراوە[٤] و ئەمینی نارۆزی ساڵی١٩٩٦ دەستخەتێکی لەگەڵ گۆڕینی بۆ تیپی لاتینی لە دەزگای سارا لە ستۆکۆڵم چاپ و بڵاو کردەوە و رۆژی ٢-٨-٢٠١٨ سەردانی کتێبخانەی کوردییم کرد لە ستۆکۆڵم و دانەیەکیان بە دیاری پێدام.

ضياء الدين يوسف پاشای خالدی(١٨٤٣-١٩٠٦)کە ساڵانێک قائیممەقامی شارۆچکەی مۆتکیی سەر بە بەدلیس بوو، گومانێکی وا ناهێڵێتەوە کە تەصریفی بەناو تەرەماخی لە قوتابخانەکانی کوردستان نەبووە و نەخوێنراوە و لە پاشکۆی فەرهەنگەکەی(الهدية الحميدية فی اللغة الكردية)یدەڵێت خوێندکارانی کورد راڤەی تەصریفی عزی(شرح العزي)[٥]ی مەلا حەسەنی شیڤکی[٦] و کتێبی (الظروف) و (عوامل الجرجاني)ی مەلا یونسی ئەرقەتینی دەخوێنن و لەبەریان کردوون، وێڕای (رسالة فی الطب)ی مەلا محەمەدی قوطبی ئەرواسی و نۆبهاری خانی و مەولودەکەی مەلای باتەیی و (نهج الأنام)ی مەلا خەلیلی سێرتی(الخالدی، ٢٠١٨، ٣٢٥).

هەرچی گوندی تەرەماخە، ئەوا ماوە و ئاوەدانە و دەکەوێتە دەڤەرێکی شاخاویی سەخت و دژواری سەر بە باژێڕی مۆکس و دەسەڵاتدارانی تورک ناوی(یایلاکۆناک)ی بۆ داتاشیوە و بە نزیکەی بیست کیلۆمەترێک[٧] دەکەوێتە باشووری رۆژئاوای مۆکسەوە لەسەر رێگای بەرەو هیزان(نیروزە، ٢٠١٦، ١٢٨)، ئەم گوندەوارە لەمێژە مەڵبەندێکی دێرینی کوردەواری و مەکۆییەکی چاند و فەرهەنگی کوردی

بووە و ئەوەندە بەسە بێژین کە شاعیری میللی فەقێی طەیران و حەکیم و نوژدار قوطبی ئەرواسی لە رۆڵەکانی ئەم هەوارەن.

مەردان نەوایی سەردانی گوندەکەی کردووە و دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەڤیچرکەکانی تەرەماخی ساز داوە، بە گریمانەی ئەوەی ئەمانە بە ڕاستی نەوەی ئەون، کەچی هیچ زانیارییەکیان لەمەڕ باپیرە گەورەیان نەبووە ئەوە نەبێت گوایا زەوییەکی بەناوەوە دەناسرێت و لەکن خەڵکی گوند پیرۆزە و بۆ چارەسەر زیارەتی دەکەن و نەشیان زانیوە چۆن و بە چەند پشت پێی دەگەنەوە، نەواییش ناچار هەر قسەکانی بایەزیدیی گوتۆتەوە، ناکۆکی سەبارەت بە شوێنی مردن و گۆڕەکەشی هەیە و بایەزیدی دەڵێت لە زێدی خۆی نێژراوە، بەناو نەوەکانیشی کە چ شوێنەوارێکی گۆڕەکەیان لە گوند نەبینیوە و نەبیستووە، بۆیە گوتوویانە لە گۆڕستانی مۆکس نێژراوە( Newayi, 2018, r50-52).

**٣ – مەلا مصطفا و شەهنەزەر و مەلا موسای هەکاری:**

لە کۆبەندی ئەو دەستخەتانەی وا دەست ئەلیکسەندەر ژابا کەوتوون و کڕیونی یان بەڕادانی داون بۆی بنووسرێنەوە، دەردەکەوێت کە هاوشانی بایەزیدی، شەهـ نەزەر یان شاە نەزەر و مەلا مصطەفا دوو روونووسکاری چالاک و نەناسراوی دیکەن و هاوکاریی ژابایان کردووە و چەند کتێب و نامیلکەیان بۆ نووسیوەتەوە (رودینکو،٢٠٢٠، ١٥-١٦، ٢١-٢٥، ٣٦، ٤١-٤٥، ٦٧، ١١٠، ١٢٢)، بێئەوەی کەمترین زانیاریی لەبارەیانەوە گوتبێت و بێژێت کێن و کوێندەرین و چ کارەن.

من پێموایە ئەگەر ئەم دووانە حەقیقەتێکیان هەبووایە، ژابا هەر چ نەبایە کورتە پێناسەیەکی دەکردن و بە سووکە ئاماژەیەک ناسنامەیانی خۆیا دەکرد، هەروەها لە دەستخەت و ژێدەرەکانیش بە چەشنی عەلیی




تەرەماخی نەناسراون و هیچیان لەمەڕ نازانرێت، و بەدووری نازانم- ئەگەر نەڵێم دڵنیام- کە هەردووکیان هەر خودی مەلا مەحموودی بایەزیدی بن و رەنگە بۆ رێبزری و خۆپارێزی لە گێچەڵی جڤاکی کوردیی دیندار، بەم دوو ناوە خوازراوەوەش درێژەی بە راپەڕاندنی داواکاری و راسپاردنەکانی ژابا دابێت، ئەوەتا شەە نەزەریش هاوشێوەی ئەو نایهەوێت ناوی لەسەر نووسینەوەکانی ببرێت و ئاشکرا ببێت، نەبادا ناوی بزڕێت و پیاوانی ئایینی پێی بزانن و سەرکۆنەی بکەن بەوەی چۆن کارەکانی لەبۆ خزمەتی کافران دادەنێت، لە دەستخەتەکی(١٠٤) لاپەڕەییش دەربارەی تەصریفی کار لە کوردیدا، نووسەرەوەکەی بە مەلا مەحموودی بایەزیدی و مەلا مصطەفا هاتووە(رودینکو، ٢٠٢٠، ١١٠، ١٢٢). لەمەیش باڵکێشتر بنیاد و شێوازی زمانی فەرهەنگۆکی(بحثا هنک فرق و جدایی کو دنیڤ لغاتید أکرادان هنە) هاوار دەکات کە بە خامەی بایەزیدی نووسراوە، کەچی بە ناوی شەهـ نەزەرەوە تۆمارکراوە (خەزنەدار، ١٩٨٤، ٣٨٣).

مەلای بایەزیدی لە درێژەی کۆشش و کارەکانیدا، بەمەندەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەر لەسەر خواست و راسپاردەی ژابا، رابووە بە ناوی مەلا موسای هەکارییەوە کتێبی (در المجالس)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئەو دانەیەی وا لە بەردەستە یەکانەیە و چ دانەیەکی دیی نییە و بەر لە سێ ساڵ، هەر بە ناوی مەلا موسای هەکارییەوە بڵاو کرایەوە، کە وەک ئەوانەی گۆرین نەناسراوە و لە بایەزیدی بترازێت کەس نازانێت کێیە و ساخکەرەوەی کتێبەکە

هێمن عومەر خۆشناو دەڵێت: تا ئێستاش چ لەناو زانایانی کورددا و چ لەناو ئەو دەستخەتانەدا، هیچ ئاماژەیەک بە ژیانی نەدراوە[٨]. دەستنووسەکەشی هەر بە دەستی بایەزیدی لە مانگی سێی ساڵی ١٢٧٤ک/١٨٥٧ز نووسراوەتەوە و خەتەکەی هەمان خەتی کتێبی(تحفة الخلان)ی بایەزیدییە (رودینکو، ٢٠٢٠، ١٨-٢١، پیربال، ٢٠٠٠، ١٩)، هاوکات بیست و یەک حیکایەتی ئەم کتێبە نووسراوەتەوە و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ژابا کراوە بە فەڕەنسی و لێرە نووسەرەوەی ئەم بەشە بووە بە شەهـ نەزەر (رودینکو، ٢١) و فەرهاد پیربال و ساخکەرەوەی کتێبەکە، ناویان بە شێخ نزار خوێندۆتەوە (پیربال، ٢٠٠٠، ١٩، خۆشناو، ٢٠١٩، ١٦)، ئەمە سەرباری لێکچوونی نێوان ئەم کتێبە و بەرهەمەکانی بایەزیدی لەڕووی زمان و شێوازی نووسینەوە کە دواتر دێینەوە سەری.

**٤- صەرفی لیسانی کوردی لە نێوان تەرەماخی و بایەزیدی:**

لە ریزی ئەو دەستخەتانەی وا کونسوڵی رووسیا لە ئەرزەڕوم ئەلێکسەندەر ژابا بە کڕین و دیاری و لەبەرنووسینەوە پەیدای کردوون، دەستخەتی(عیبارەی عەلی تەرەماخی) یان (صەرفی لیسانی کوردی)یە و ساڵی ١٢٧٤ک/١٨٥٧-١٨٥٨ز بە خامەی بایەزیدی نووسراوەو گەڕێندراوەتەوە بۆ عەلیی تەرەماخی[٩] و ژابا لە نامەیەکدا کە رۆژی١٧ی حوزەیرانی١٨٥٨[١٠] لە ئەرزەڕومەوە بۆ رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی جۆهانس ئەلبرێخت بێرنهارد دۆرن(١٨٠٥-١٨٨١ز)ی ناردووە، موژدەی هەبوونی رێزمانێکی زمانی کوردیی پێداوە و خاوەندەکەی کە پیرەمێردێکی هەکاری بووە، هەرچەند ئامادە نەبووە بیبەخشێت، بەڵام گفتی ئەوەی پێداوە دانەیەکی لەبەر بنووسێتەوە و گوایا ئەو دەمە کەسانێک وا خەریکن دەینووسنەوە و لەگەڵ نامەکەدا پێشەکیەکەی تەرەماخیی هاوپێچ کردووە، پاش هەشت مانگ و نیوێک و لە رۆژی ٢-




٣-١٨٥٩دا و لە بەرسڤی نامەیەکی دۆرن دا، ژابا ئەوەی روون کردۆتەوە کە رێزمانەکەی تەرەماخیی ئامادەیە، بەڵام بێکەڵکە و پێویست ناکات وەربگێڕدرێتە سەر زمانی فەرەنسی و ئومێدەوارە ئەوەی کن پیرەمێردەکەی هەکاری پەیدا بکات و وەری بگێڕێت (خزندار، ١٩٧٨، ٣٩-٤١، پیربال، ٢٠٠٠، ١٥، لێگزنبێرگ، (بێ ساڵ)، ١)، دواتر لە کتێبێکی کە بە فەرەنسی ساڵی ١٨٦٠ دەرچووە، لەم رێزمان- صەرفە دواوە و گەڕاندوویەتیەوە بۆ تەرەماخی، بێئەوەی بڵاوی بکاتەوە و تەنها پێشەکیەکەی و دوو گوتاری دیی بایەزیدیی بڵاو کردۆتەوە(تەرەماخی، ١٩٧١، ٩-١٠، پیربال، ٢٠٠٠، ٩٠-١٦٢)، شایەنی باسە فەرهاد پیربال ئەم دوو گوتارەی بە بەرهەمی پیوتەر لێرخ داناوە، بەڵام بە زمانەکەیا ئاشکران کە هەر بایەزیدی ئامادەی کردوون. لەم دوو نامەیە، چەند راستییێک خویا دەبن:

- بایەزیدی و ژابا سەرەتا وا تێگەهیشتوون کە تەصریفەکە لەبارەی رێزمانی کوردییەوەیە نەک عەرەبی و ناویان ناوە صەرف یان گرامەری لیسانی کوردی.

- بایەزیدی بەرلەوەی دەستخەتی صەرفەکە ببینێت و دانەیەکی لێ پێکەوەبنێت، پێشەکیی بۆ ئامادە کردووە و داویەتی بە ژابا و تیایدا لەخۆیەوە تەرەماخیی ناساندووە.

- ژابا وەک بڵێی زانیویەتی ئەوەی بایەزیدی پێکەوەی ناوە سەبارەت بە رێزمانی کوردی نییە و ناچێتە چوارچێوەی کوردناسییەوە و خزمەت بە سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەتی رووسیا ناکات بۆ زیاتر

ناسینی کورد و ئاشنابوون بە زمانەکەی و گومانیشی نەشاردۆتەوە کە رەنگە ئەوەکەی لای پیرەمێردەکە نەبێت کە وا چاوەڕوان دەکرێت - ئەگەر هەبووبێت- دەربارەی رێزمانی کوردی بێت و ئەویش هەر دەنگۆی وای لەبارەوە بیستووە، بۆیە قەناعەتی بەوەی بایەزیدی نەهێناوە و چاوەڕێ و ئاواتەخواز بووە خاوەندی تەصریفەکە رۆژێک لە رۆژان لە هەکارییەوە بهێت بۆ ئەرزەڕووم تا دووبارە تکای لێ بکاتەوە، بەڵکو دڵی نەرم ببێت و دەستخەتەکەی پێشکەش بکات(تەرەماخی، ١٩٧١، ٨-٩؛ خزندار، ١٩٧٨، ٣٨-٤٤)، شایەنی باسە سەرچاوەمان لەسەر ئەم نامانە تەنها وەرگێڕانەکەی د. مارف خەزنەدارە.

- وادیارە ژابا ئاواتەکەی نەهاتۆتەدی و دەستخەتە راستەقینەکەی- ئەگەر هەبووبێت- دەست نەکەوتووە، بۆیە ئەوەکەی بایەزیدیی ناڕاستەوخۆ بە قەڵب لەقەڵەم داوە و بە بێنرخی داناوە و ئەندامانی ئەکادیمیای رووسییش پشتگوێیان خستووە و بڕیاری بڵاوکردنەوەیان نەداوە، چونکە وشە کوردییەکانی لە فەرهەنگە کوردی- فەڕەنسیەکەی ژابا تۆمار کراون.

هەر لە رێگای کتێبەکەی ژاباوە، ف. ف. مینۆرسکی(١٨٧٧-١٩٦٦) لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامی-ساڵی ١٩٢٧[11] و بلەج شێرکۆ- ئەحمەد ثورەیا بەدرخان- بە هەبوونی تەرەماخی و تەصریفەکەیان زانی و لێی دواون و دووهەمیان تەرەماخیی بە تەرموکی وەرگێڕاوە ( بلەج شیرکو، ١٩٨٦، ٣٣)، ئەمجا لوسی پول مارگریت و ک. أ. ب– کامیران ئەمین عالی بەدرخان (١٨٩٥- ١٩٧٨) –کردیان بە شاعیری نەتەوەیی و لە ژێر رۆشنایی ئاخافتنەکەی ژابا، چەند پارچە شیعرێکی نیشتمانی و شانازی و ئەڤینداریبیان بۆ چێکرد و بڵاویان کردەوە و سەردەمیشیان لە سەدەی دەهەمی کۆچی، بە دەهەمی زایینی لێکدایەوە(لوسی پول مارگریت، ١٩٣٩، ١٤-٢٧)[12]، دواتریش محەمەد ئەمین زەکی(١٨٨٠-

١٩٤٨)(خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، ١٩٣٩، ٣٥٣)[١٣] و توێژەران و مێژوونووسانی دیی کورد زیاتر ناویان هێنایە ناوەوە و ئەم هەڵە و نەتێگەهیشتنەیان گوتەوە و بڕوایان بە رەسەنی و رەوانیی شیعرەکانی هێنا و کردیان بە رێبەری نەتەوەیی ئەدەبی کوردی[١٤]و رۆدینکۆیش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەم هەڵەشەییە، وەلێ دواتر گومانی لە رەسەنیی شیعرەکان دەربڕیوە (رودينكو، ٢٠٢٠، ١٠١، رۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٥١-٥٢). ئەوەبوو تا هات تەرەماخی گەورە و پڕبەرهەم کرا و بە وەرگێڕ و شرۆڤەکاروموفەسیر دانرا و گوایا بە کوردی شەرحی (تصريف العزي) ی زنجانی کردووە (نیروزە، ٢٠١٦، ص١٣٧)و ئاشکرایە ئەم شەرحەی بە ناوییەوە هەڵ بەستراوە، دەقەکەی زۆر نوێیە وساڵی ١٩٥٩ نووسراوە، جگە لەمە گوایا تەفسیرێکی قورئانیشی هەیە(.Newayi, 61 -_ 62).

ساڵی ١٩٧١ دکتۆر مارف خەزنەداربێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێست و سەرنجی ژابا دەربارەی صەرفە پێکەوەنراوەکەی بایەزیدی کە بەخۆی یەکەم کوردە دیتوویەتی و وەری گێڕاوە و بێ رەچاوی -خۆی گوتەنی- ئەوەی کە " گەلێ پرس لە زمان و ئەدەب و مێژووی کورددا هەن دەبێ لێیان بکۆڵرێتەوە، چەوتی و هەڵە و رووداوی دروستکراو گەلێ زۆرن، دەبێ راست بکرێنەوە و روون بکرێنەوە"، ئەم صەرفەی گەڕاندەوە بۆ عەلیی تەرەماخی و بە لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و بە ناوونیشانی (دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی) بڵاوی کردەوە، هەرچەند لێرە و پێشتریش لە نامەیەکیدا بۆ د. عزالدين مصطەفا رەسول(رسول، ٢٠١٠، ٥٣-٥٤) ناوی دروستی تەرەماخی و ناوەڕۆکی کتێبەکەی ئاشکرا کرد و سەرلەبەری ئەم دەنگوباسە نادروستانە لە"قسەی زل و قەڵەوی بێ مانا"ی رەتکردەوە (تەرەماخی، ١٩٧١، ١١، ١٦).

ئەمەش دەنگێکی باشی لەنێو توێژی ئەدیبان و رۆشنبیرانی کورد دایەوە و گرنگی و پویتەی زۆری پێدرا و تەرەماخی بە یەکەمین رێزماننووس و پەخشاننووسی کورد ناسێنرا[١٥] و زین العابدین زنار ساڵی ١٩٩٧ لە ستۆکۆڵم کردی بە کرمانجی و پیتی لاتینی و کوردناسی هۆڵەندی مکاییل لیزنبێرگ، لیکۆڵینەوەیەکی پڕ زانیاری و تیروتەسەلی لەبارەوە نووسی و پلە و پێگای بڵندی تەرەماخی و رۆڵی لە خزمەتکردنی پرۆسەی خوێندن بە کوردی وبردنی لە شێوە زمانێکی ناڕەسمییەوە بەرەو بوون بە زمانی خوێندن و نەشونماکردنی هەستی نەتەوایەتی خستەڕوو (لێزنبێرگ، بێ ساڵ، ٧-٩) و لەم ساڵانەی دواییشدا توێژەرانی کوردستانی باکور و نەخاسمە لە بەشی کوردیی زانکۆی ماردین، پتر بایەخیان پێدا و نامە و ڤەکۆڵینی ئەکادیمییان لەبارەوە ئامادە کرد، لەوانەش مەردان نەواییو نیرۆزە مەحموود و چەندانی دی(Newayi, 20_22.) ، هەرچەند ئەمان پتر ناواخنی تەصریفەکەیان شیکردۆتەوە، بەڵام لە گشت ئەم کار و نووسینانەی سەرەوە کەوا لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەی دوایی(١٩٧١-٢٠٢١) ئەنجام دراون، کەس ئیشی لەسەر لایەنەکانی زمانەوانیی خودی نامیلکەکە نەکردووە و گومانی لە خاوەندارێتیی دەرنەبڕیوە تا لە رێگایەوە سەردەم و شوێنی دانان و ناسنامەی دانەرەکەی بدۆزێتەوە، ئەو کارەی وا ئێمە لێرە هەوڵ دەدەین بیکەین.

**٥- دەرکەوتنی پەخشانی کوردی:**

بایەزیدی وەک گوتمان لەخۆیەوە مێژووی دانانی صەرفەکەیی بۆ پاش ساڵی ١٠٠٠ک/١٥٩٢ز خەملاندووە، ئیدی ئەمە چەسپا و هەمووان پەسندیان کرد و بە دەستپێکی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی جێگیر کرا، تەنها مکاییل لیزنبێرگ ئەم خەملاندنەی لا پەسند نییە و بە مەزندە پاشی دەخات بۆ کۆتاهی سەدەی حەڤدەهەم و سەدەی هەژدەهەم (لیزنبێرگ، بێ ساڵ، ١).

بێ گومان کرمانجیی سەروو لە دەستپێکی سەردەمی عوسمانییەوە برەوی سەند و لە سەرزارییەوە گوازرایەوە سەر کاغەز و کرا بە زمانی نووسین، میر یەعقوب بەگی کوڕی محەمەد بەگی زەرقی(م: ١٥٧٨ز) خاوەندی قەڵای دێرزینی شاعیر بوو و دیوانێکی شیعری کوردیی هەبوو (البدليسي، ٤١٥)،ئەم زارە تا دەهات گەشەی دەکرد و رادە و سنووری بەکارهێنانی فراوانتر دەبوو، بەڵام پتر لە سەدەی هەژدەهەم پەرەی سەند و هاوتەریبی گۆرانی- هەورامی و کرمانجیی خواروو، ژمارەیەک لە داستانە ئەڤینداریە بەناوودەنگەکانی کەلتووری ئیسلامی و مەولودنامە و عەقیدەنامە و نامیلکەی فێرکاری و ئامۆژگاریی پەندئامێزیان پێ نووسرا، وەک: (مەهدینامە)ی ابن الحاج و (مەولودنامە) ی مەلای باتەیی و(نادر نامە) و (گوربە و موش)ی ئەڵماس خانی کەندولەیی و (تذكرة العوام)ی مەلا حەسەنی سێوەجی و (لەیلا و مەجنوون)ی حارسی بەدلیسی و (یوسف و زولێخا)ی سەلیمی هیزانی و (رۆڵە بزانی) و (دەوڵەتنامە)ی مەلا خدری روودواری و(شرین و فەرهاد) و (لەیلا و مەجنوون)ی خانای قوبادی و فەرهەنگۆکانی (گوڵزار)ی ئیسماعیلی بایەزیدی و (ئەحمەدیە)ی شێخ مەعروفی نۆدێ...هتد، ئەمانەش هەرچەند بە پەخشان زیاتر سوودبەخش دەبوون و باشتر ئامانجی خۆیان دەپێکا، بەڵام هەر بە هۆنراوە(نظم) دانران و مەلا و زانایانی کورد هێشتا ئەو هەنگاوەیان نەنابوو کوردی بکەنە زمانی پەخشانیش کە هەر بە فارسی مابووەوە و ئەمە حەقیقەتێکە پێتڤی بە بەڵگە هێنانەوە ناکات( گارزونی، ٢٠١٥، ١٥؛ ٣٣، بایەزیدی، ٢٠١٢، ٧١) وەرچەرخان لەم راهاتنە تەکانێکی گرنگ بوو بۆ سەدەی پاشتر دواکەوت، نەک هەر ئەمەندە بەڵکو گشت جۆرە پەراوێز و لێدوانێکی سەر شیعر و دیوانی شاعیرانی کورد تا سەرەتای سەدەی رابردوو هەر بە فارسی یاداشت کراون و ئەگەر بڕوانینە گەنجینەی ئەدەبی کوردی، دەبینین چ ناساندن و وەصفی شیعر و

بۆنەی گوتنی و کۆلۆفۆنی دیوانی شاعیران و کەشکۆڵەکان هەن، زیاتر بە فارسی و کەمتر بە عەرەبییە، ئەگەر ئاگاداری ئەوەش بین کە سێ زانای کورد: (صالحی کوڕی جوبرائیل، جەرجیسی ئەربیلی، یەحیای مزوری)، شیعری کوردیی مەلای جزیرییان بۆ میرانی کوردی ئامێدی بە فارسی راڤە کردووە[١٦]، ئەوجا لە واقیعەکە تێدەگەین و دڵنیا دەبین لەوەی کە ئەهلی خامەی کورد هێشتا ئەوەیان بەبیر نەهاتووە زمانی زگماکی خۆیان بکەنە زمانی پەخشان، دیارە ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە سروشتی جڤاکی کوردی و هەلومەرجی ناوخۆی کوردستانەوە، بەڵکو گرێش دراوە بە گۆڕانکارییە دەرەکییەکان، لەمبارەیەوە شارەزایان پێیانوایە کە "ئیدیۆلۆژەیە تازە زمانییەکان کە زمانە زارەکییە خۆجێیەکانیان بەرز کردەوە لە ئاست زمانە نووسراوە دنیاگرەوەکان بریتین لە یەکێک لە تازەکارییەکانی سەدەی هەژدەهەم" (لیزنبێرگ، ٨-٩)، موکری لە پێشەکی(الهدیة الحمیدیة)، ٢٠١٨، ٢٠)، بە ئاخافتنێکی دی نووسینی ژانرێکی ئەدەبی بە زمانی کوردی بە دەر لە شیعر و هۆنراوە، ئەستەمە بەر لە سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵدابێت، چ جای نووسینێکی زمانەوانی. راستە مەلا یونسی حەلقەتینی لە سەدەی هەژدەهەم ژیاوە، وەلێ لە نامیلکە کوردییەکانی کە دەربارەی نەحو و صەرفی عەرەبین، بە ئەستەم هەست دەکەیت بە کوردین و ناهەقیشی نەبووە.

من وای بۆ دەچم ئەو صەرف- تەصریفەی لای پیرەمێردەکەی هەکاری بووە و وا زانراوە دەربارەی رێزمانی کوردییە و دراوەتە پاڵ عەلیی تەرەماخی، هەر تەصریفەکەی مەلا عەلیی کوڕی شێخ حامیدی شێخانی شنۆیی(م: ١١٥٢ک/١٧٤٠ز)بووە کە گەلێک بەربڵاو و بەکاربراو بەڵکو ناودارترین کتێبی مەنهەجی بوو لە قوتابخانە و حوجرەکانی کوردستان و دەیان دانەی لێ ماونەتەوە[١٧] و چەندین شرۆڤە و لێکدانەوەی لەسەر ئەنجام دراوە[١٨].

ئەم تەصریفە بە تەصریفی کوردییش دەناسرا و لەپاڵ دوو سێ کتێبی مەنهەجیی دیدا، هەرچەند بە عەرەبی نەک بە کوردی نووسرابوون، وەلێ بە پاساوی ئەوەی هەم دانەرەکانیان کوردبوون و هەم لە مزگەفت و قوتابخانەکانی کوردستان دەخوێنران و دەستاودەستیان پێدەکرا و هەم مەلایانی زانا و زمانەوانی کوردیش راڤە و پەراوێز و لێدوانیان لەسەر نووسیبوو، بە ناوی کوردەوە لکابوون، لەو کتێبانە، (شرح المغنی فی النحو)ی بدرالدین محەمەدی کوڕی عبدالرحیمی کوردی میلانی(م: ٨١١ک /١٤٠٨ز) کە بە(مغني الأكراد) و تەفسیری(منقول التفاسیر)ی یوسفی ئەصەمی کەلاسی سەردەشتی سوهرانی- سۆرانی(یوسف الأصم: م١٠٠٢ک /١٥٩٤ز) بە (منقول الأكراد) دەناسران، هەروەها تەرکیبەکەی مەلا یونسی حەلقەتینی بە تەرکیبی کوردی ناودەبرا[١٩] و زۆر رێی تێدەچێت بایەزیدی بۆ راییکردنی خواستەکەی ژابا نووسیبێتی و گەڕاندبێتیەوە بۆ مەلا عەلیی تەرەماخی و ناوەڕۆکی تەصریفەکەش ئەم گریمانەیە پتر پشتڕاست دەکەنەوە.

لە لایەکی دییەوە، لە سەرلەبەری تەصریفەکەدا، بچووکترین ئاماژە و سەرەداو نییە دەربارەی کات و شوێنی دانانی و ناسنامەی خاوەندەکەی، ئەمەش بەپێچەوانەی نەریتی باوی دانەران و ناسخانەوە کە هەرگاڤ کۆلۆفۆن و زانیاریی پێویستیان لەمبارەوە لە دوا لاپەڕەدا یاداشت دەکرد، لەبریی ئەمە بە بەیتێکی تورکی کۆتایی بە دەستخەتەکە هێنراوە و گوزارشت لەوە دەکات کە زانستی صەرفی عەرەبی بەلای زمانەوانانی تورکەوە قورس و ئاڵۆزە و خوێندن و گوتنەوەی، هۆشیاری و سەرێکی ئاسنینی دەوێت:

صرفنك اعلالى چوقدر بر دميردن باش كرك
اقويان در اک كرک يا اقـودان قـرداش كرک

(تەرەماخی، ١٩٧١، ٥٤).

پرسیار لێرە ئەوەیە، ئەرێ مەلایەکی کرمانجی سەدەی حەڤدەهەم، واتا تەرەماخیی پەروەردەی ناوچەرگەی کوردستان و شارەزا لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی- بە گریمانەی هەبوونی-، کە رەنگە کۆڵکە تورکییێکیشی نەزانیبێت، چۆن بەو رادەیە شارەزایی لە تورکی و ئاگای لە زمانەوانانی تورک هەبووە و لەوبارەوە بەیتێکی تورکییشی لەبەر بێت، ئەوەی ئاشکرا و زانراوە، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم و پاش لەناوبردنی دەسەڵاتی خۆجێیی میرانی کورد و سەپاندنی دەسەڵاتی راستەوخۆی عوسمانی، ئەوجا تورکی وەک زمانی فەرمیی دەوڵەت لە کوردستان تەشەنەی کرد و لەپاش عەرەبی و فارسی و کوردی، بەرەبەرە بووە زمانی چوارەمی نووسین، لەوەدا تەواو هاوڕا و پشتگیری لێزنبێرگم کە دەڵێت فەقێ و خوێندکارانی کوردی قەڵەمڕەوی عوسمانی، هەمیشە لە موصڵ و بەغدا و دیمەشق و مەککە و مەدینە، واتا ناوەندە زانستییە عەرەبییەکان، نەک ناوەندە تورکیزمانەکان، درێژەیان بە خوێندن و فێربوون دەدا (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٦؛ لیزنبێرگ، ٩). ئەوە بایەزیدییە کە خۆیشی دەیزانی " دنێڤ ئەکراداندا مەکتوب و کاغزێد وان(فارسی العبارة) دبن و خواندنا تورکی و زمانێ تورکی کێم دزانن و کتێبێد زمانێ تورکی لنک وان موعتەبەر نینن" (بایەزیدی، ٢٠١٢، ٧١)، و هەر خۆیەتی لە تورکی بەڵەد بوو و بە رەوانی دەیزانی و لە (تحفة الخلان) دا، چەندین رستە و بڕگەی تورکیی هێناوەتەوە و کورتە فەرهەنگێکی کوردی-تورکی داناوە، روونە هەر ئەویشە گوێبیستی ئەم بەیتە بووە و هێناویەتیەوە.

### ٦- مژاری زمان لە تەصریفی تەرەماخی و (در المجالس) ی مەلا موسای هەکاری:

ڤەکۆلەر ئەگەر بە وردی و قووڵی کاری دیڤچوون و پشکنین لەسەر دەقێک بکات و پابەندی مەرجەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ببێت و قۆڵی ڕاستبێژی و بێلایەنیی لێ هەڵبکات، دەشێت ڕۆژگاری دانان و خاوەندی ڕاستەقینەی شیعرێک، پەخشانێک، کتێبێک بناسێتەوە بەو پێیەی هەر یەکەو خاوەند شێواز و ستایل و کەرەستەی زمانەوانی و گەنجینەی پەیڤ و وشەدانی تایبەت بە خۆیەتی و لە چ کایەییێک بنووسێت و چەند بکۆشێت، ناشێت یەکجارەکی خۆی دەرباز بکات لە باندۆری ئەو شەقڵ و فۆرمەی کە لەسەری ڕاهاتووە و دەقی پێوە گرتووە و ئاستەمە نووسەرێک بکارێت بەزیاد لە شێوازێک داهێنان بکات، بەم ڕێگا زانستی و پراکتیکیە، پرسگەلێکی ئاڵۆز لە مێژووی چاند و ئەدەبیاتدا، ڕۆشنا و ساخ کراونەتەوە، لێرە دوو نموونە دەهێنمەوە:

- شاعیرێکی صۆفی لە سەردەمی ئەیوبی، چامەیەکی هۆنییەوە و لە خەڵوەتگاکەی جێی هێشت، دواتر یەکێکی دی لە خەڵوەتگاکە گیرسایەوە و چامەکەیی دیتەوە و بردی و خۆی کردە خودانی، پاشان شاعیری یەکەم گەڕایەوە و بە دزییەکەی کابرای زانی و کێشە و دەمەقاڵە کەوتە نێوانیانەوە و دادیان بردە لای شاعیر و صۆفیی ناودار (ابن الفارض: م٦٣٢ک/١٢٣٤ز)، ئەویش پێی گوتن بڕۆن هەریەکەو لەسەر هەمان کێش و بەحر چامەیەکی دی بهۆننەوە، ئەوانیش وەهایان کرد و گەڕانەوە کنی، ئەویش پاش خوێندنەوەی هەردووکی، دەمودەست ڕاستیی پرسەکەی یەکلا کردەوە (المشوخي، ٢٠٠١، ١٧٢).

- لەمێژە مشتومڕێکی توند و درێژخایەن لەئارادایە و تا هەنووکەش بەردەوامە لەبارەی ئەوەی ئەرێ قەصیدەی بەرز و بەناوودەنگی(لامیة العرب)، بە ڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر و صەعلوکی جاهیلی(الشنفری: م٥٢٥ز) یان هەواڵزانی سەردەمی عەباسی

(خلف الأحمر: م١٨٠ک/٧٩٦ز) بۆی هەڵبەستاوە؟، تا لەم دواییەدا، د. باسم ئیدریس قاسم هاتە دەنگ و بە گیانێکی بێلایەنانە لەم مژارەی کۆڵیەوە و رابوو بە هەڤبەرکردنی چامەکە لەگەڵ شیعرەکانی (خلف الأحمر) و بە بەڵگەگەلێکی گومانبڕەوە سەلماندی کە چامەکە زادەی هزر و زمانی هەوالزانی ناوبراوە کە لای هەموو شارەزایانی شیعری عەرەبی بە چێکردن و هەڵبەستن- ئینتیحالی شیعر ناوی زڕاوە (قاسم، ٢٠١١، ١٦٥-١٨٧).

دێینەوە سەر مەلاعەلیی خەڵکی گوندی تەرەماخی ناوچەی مۆکس و دەڵێین ئەگەر دانەری ئەم صەرف- تەصریفە بایە، دەبوو بە زارەکەی خۆی هەکاری دایبنایە، بە هەمان شێوەش ئەگەر مەلا موسای هەکارییش وەرگێڕی(در المجالس) بایە، دەبوو ئەویش هەر بە هەمان زار وەری بگێڕایە، دیارە دەڤەری مۆکس و وان لە رووی مێژوویی و کەلتووری و زمانەوە سەر بە وڵاتی هەکاری بوون (بایەزیدی، ٢٠٠٤، ١١٠؛ Newayi, 2018, 50) و قەڵای وان و وەستان سەردەمانێک کرانە بارەگای میرانی هەکاری، کەچی بنزار- دەڤۆکی رەوەندی واتا بایەزیدی و سەرحەدی بەسەر ئەم دوو کتێبەدا زاڵە، ئەگەر نەڵێین دروست بەو داڕێژراون، ئەم راستییە سەرنجی مەردان نەوایی راکێشاوە و وا پینەی کردووە کە گوایا تەرەماخی لە زۆر شوێنان خوێندوویەتی و ئەمە و زمانی خوێندنی مەدرەسەیانە، باندۆریان لە زمانەکەی جێ هێشتووە و ناوچەی مۆکسیی زێدیشی لەسەر سنووری نێوان هەکاری و سەرحەدانە (Newayi, 2018, 63_-64).

بێگومان جیاوازیی نێوان ئەم دوو بنزارە لەو زیاترە و هەندە کەم نین و مەلای بایەزیدی بەخۆی فەرهەنگۆکێکی لەمبارەیەوە سازداوە و بە کورتی لە جیاوازییەکان دواوە[٢٠]، لە کۆتاهی کورتکردنەوەی (لەیلا ومەجنوون)ی حارسی بەدلیسی(سەدەی١٢ک/١٨ز) بە پەخشانیش،

ناڕاستەوخۆ دان دەنێت بەوەدا کە دەڤۆکی خۆی ڕەوەندییە و دەڵێت کردم بە"لیسانێ ڕەوەندی"(بایەزیدی، ۲۰۲۰، ٦٤).

جوداوازیی نێوان ئەم دوو بنزارە، تەنها لە سنووری وشە و ناو ڕانەوەستاوە، بەڵکو وشەسازییش دەگرێتەوە و دیارترینیان گۆڕانی ئامرازی(ێن)ی کۆیە لە هەکاری بۆ(ێد) (الخالدي، ۲۰۱۸، ٥۹) لە ڕەوەندی، وەک ڕوونە لەکن شاعیرانی دێرینی کرمانجی، هەردەم (ێن) دهێت[۲۱]، بۆ نموونە لەو تاکە شیعرەی میر عیمادەدینی هەکاری-صەبوری(م: ١٦٣٩ز)، وشەکانی(گۆشێن، عەظمێن، بەلگێن، نێرگزێن، خالێن) و لە مەولودنامەی مەلا حوسێنی باتەیی[۲۲] و لە شیعرەکانی محەمەد طەیاری ئامێدیی بەهدینانی (م: ١٨٢١؟) و (نهج الأنام)ی مەلا خەلیلی سێرتی(م: ١٨٤٣ز)، چەندین وشەی کۆ هەر بە (ێن) هاتوون (سێرتی، ۲۰۱۱، ۲۲-۲۳، ۲٥، ۳٦-۳۷، ٤۸، دێرەشی، ۲۰۱٤، ۱۷-۳۳؛ دۆسکی، ۲۰۱۹، ۱٥۱-۱٦٥)، کەچی لای شاعیران و نووسەرانی سەر بە گۆڤەری ڕەوەندی، بە(ێد) دهێت، وەک چۆن لە (مەم وزین) و (عەقیدەیا ئیمانێ)ی ئەحمەدی خانی (خانی، مەم و زین، ۲۰۰۸، ۱۰٤، ٤۳۱، خانی، ۲۰۱٤، ۷٦) و سەرجەم دانراو و کورتکردنەوە و وەرگێڕانەکانی مەلا مەحموود کە هەردووکیان بایەزیدین هاتووە، بەڵاممەلای بایەزیدی بەزۆری ئەم ئامرازە بەکاردەهێنێت و بگرە جاری وا هەیە بێ چ پێویستییەک وشە بە (ێد) بەکۆتا دێنێت. لە تەصریفەکەی تەرەماخیش-دەستووری زمانی عەرەبی، لاپەڕە نییە جارێک یان زیاتر، وشەیەک یان زیاتر لە وشەکانی (ئەصلێد، جەمعێد، جنسێد، کتێبێد، موعتەبەرێد، ضەمیرێد، موفرەدێد، فعلێد، نیشانێد، لوغەتێد، مؤنەثێد، موذەکەرێد، موضارعێد، کەلامێد، ژنێد، زمانێد، زاروکێد، میثالێد، صیغەێد، موبتەدیئێد...هتد)ی تێدا نەهاتبێت (تەرەماخی، ۱۹۷۱، ۲۹-۳۰، ٤۸، ٥۳)، لە (در المجالس)یش بەهەمان شێوە، هەردەم(ێد) نیشانەی کۆیە،

دەکرێت ئەمەش بە بەڵگەیەکی بەراهی هەژمار بکرێت کە دانەرەکەی مامۆستایەکی بایەزیدی و رەوەندییە نەک هەکاری.

### ٧- لێکچوونی نێوان زمانی تەصریفی تەرەماخی و(درالمجالس) و زمانی بایەزیدی:

راستە ئەو بەڵگە و نیشانانەی وا باسکران زیاتر بەرەو ئاراستەی ئەوە دەچن کە رەنگە تەرەماخی حەقیقەتی نەبێت و داهێنراوی خەیاڵی بایەزیدی بێت، یان ئەگەر هەبێتیش، ئەوا ئەم نامیلکەی صەرفی عەرەبییە چ پەیوەندییەکی پێیەوە نەبێت، بەڵام هەرگیز رەها و یەکلاکەرەوەی نەبوونی و خاوەندرایێتیی نامیلکەکە نین و مەرج نییە ئەگەر باسوخواسی کتێبێک نەهاتبێت، نەبوونی بگەهێنێت و ژمارەی ئەو کتێبە دروستانە زۆرن کە پێش دۆزینەوەیان ناویان نەبراوە، یان ناونەبردنی نووسەرێک هەرگیز بەس نییە بە نەبوو و هەڵبەستراو دابنرێت. بۆیە پێتڤیە ئێمە رۆبچینە ناخی پەیڤ و رستەکانی تەصریفەکەوە و هەڤبەری بکەین بە زمانی بەرهەمە جۆربەجۆرەکانی بایەزیدییەوە کە لە ئاکامی خوێندنەوەیان، تا رادەیەکی باش ئاگادار و شارەزای زمان و شێوازی بووینە و تا بە خاوەندی راستەقینەیی تەصریف- صەرفی لیسانی کوردی ئاشنا ببین.

وەک ئاشکرایە و هەموومان دەیزانین، دوو کەسی هاودەم و هاوشار، بگرە دوو نووسەری گۆشکراوی یەک خێزان و ژینگەش، ئەگەر زار و بنزار و گۆڤەریشیان تەواو چوونیەک بێت، ئەوا هەرگیز بنیادی زمان و چۆنیەتی داڕشتنی رستە و بڕگە و ریزکردنی وشە لە نووسینەکانیان وەکیەک نییە و کەم یان زۆر جیاوازی هەیە و هەر نووسەرێک خودان شێواز و ریتمی خۆیەتی لە پڕۆسەی نووسیندا، تەرەماخی وەک باسکرا، بە خەڵکی گوندێکی مۆکسی وڵاتی هەکاری دانراوە و بە گوتەی بایەزیدی کە تاکە کەسە دەیناسێت، لە پاش

ساڵی١٠٠٠ک/١٥٩٢ز ژیاوە کە دەشێت بە سەدەی ١١ک/١٧ز بیخەملێنین و بایەزیدی بە خۆیشی خەڵکی ناوچەی بایەزیدی سەرحەدە و کوڕی سەدەی ١٣ک/١٩ز یە، ئەمەش ئەو راستییە خویا دەکات کە دوو سەدەیەک لە نێوانیانە و دووریی نێوان زێد و دایکزایان سەدان کیلۆمەترە، واتا نە هاوزێد و خەڵکی دەڤەرێکی هاوزار و گۆڤەرن و نە هاودەمی یەکدییشن، کەچی جوداوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان تەصریفەکە و کتێبەکانی بایەزیدی نییە لە رووی دەڤۆک و شێواز و بنیادی رستە و کەرەستەی زمانەوە، وەک لەم خاڵانەدا دەیانخەینەڕوو:

- یەکێک لە سیما هەرە بەرچاو و دیارەکانی زمانی بایەزیدی ئەوەیە کە ئەو وشە عەرەبیانەی بە کۆی تەکسیر(جمع تکسیر)بەکاریان دەهێنێت، وەک تاک سەرەدەرییان لەتەک دەکات و جارێکی دی دەیانکاتەوە بە کۆ، وەک: (تەوایفێد، ئەکرادان، ئەلسینەیێد، ئەمسالێد، ئەفعالێد، ئەلفازێد، ئەعیانان، عالەمێدانێ، کرمانجیدانێ، ئەشیایێد، داوەتیاندانێ، ئەترافێد، قەبائیلێد، ئەشعاران، ئەعیانان، زەمانێدانێ، وەڵاتاندانێ، ئەبیاتێد، ئەتباعێد...هتد)، راستە ئەحمەدی خانییش لە مەم وزین گوتوویەتی:

ئەنگوشتەریێ د وان جوانان کێشان ژ ئەصابعێد خودانان

خاتەم ژ ئەناملێد خوە کێشان دانینە جهان ژ بوویی نیشان

(خانی، ٢٠٠٨، ١٠٣).

بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر بە زەقی و زیاد لە پێتڤی لە لای بایەزیدی هەیە و بە راشکاوی لە سەرجەم بەرهەمەکانی بەدی دەکرێت و بۆتە سیمایەکی هەڵاوێردن و جیاکردنەوەیان و خوێنەر بە ئاسانی شێواز و زار و بنزاری دەناسێتەوە[٢٣]، تەنانەت جاروبار وشە کۆیەکە دوو کەرەتی دی دەکاتەوە بە کۆ: (نەوادیراتێد، لەوازماتێد)، دەبینین هەمان دیاردە کوتومت لە تەصریفەکەی تەرەماخی بەرچاو دەکەوێت: (ئەلفاظێد، حروفێد، مەصادرێد، ضەمائیرێد، عەلاماتێد، ئەقسامێد،

ئەفعالێد، ئەمثالێد، ئەسمایێد) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٣٤، ٣٧-٣٨، ٤١-٤٢، ٤٧-٤٩، ٥١)، هەروەها لە (در المجالس)ی مەلا موسای هەکارییش: (ئەترافان، ئەهالییێد، وزەرایێد، موعجیزاتێد، حوکەمایێد، ئەوراقێد، جەوارییێد، ئەتباعێد، ئەعیانێد، ئەکابیران، فصولێد، ئەسبابێد، لەوازیمات، تەواریخان، تەواریخێد، ئەخباران، کوتبێد، ناقیلانێد، ئومەرایێد...هتد)بەدی دەکرێت (هەکاری، ٢٠١٩، ٤١، ٥٤، ٥٨، ٦٠-٦١، ٦٤، ٦٨، ٧١، ٧٧-٧٨، ٨١-٨٢، ٩٠، ١٠٦، ١١٣، ١٢٢، ١٣٢، ١٣٨، ٢٣٣).

- جاروبار نەبێت وشەی (کورد) بەکار ناهێنێت و بە شێوەکی گشتی و گەلێک بە چڕی وشەی (ئەکراد) دەنووسێت و تەنانەت لە ناوونیشانی دوو کتێبیشی هەر وای کردووە:(عادات و رسوماتنامە ئەکرادیە) و (ترجمە لەیلا و مەجنوونێ تورکی ب زمانێ ئەکراد و کرمانجی)، لەمەیش سەیرتر گەلێک جاریش وشەی(ئەکراد) وەک دەهان پەیڤی دی، بە تاک دەژمێرێت و دەیکات بە کۆ (ئەکرادان) ، وەک ناوونیشانی نامیلکەی (بحثا هنک فرق و جدایی کو دنیڤ لغاتید أکرادان هنە) یان وەک: (تەوایفێد ئەکرادان) و (کافەیێ ئەکرادان)[٢٤] و (دنێڤ ئەکرادان) و (ددایە ئەکرادان)...هتد[٢٥] و لە کتێبی(عادات و رسوماتنامە) سەدان جار و لە پێشەکیی فەرهەنگۆکی هەکاری- رەوەندی و چل حیکایەتەکەیی، دەهان جار(ئەکراد) و (ئەکرادان)ی بەکار هێناوە[٢٦] و تەنها لەپێشەکییەکەی (دەستووری زمانی عەرەبی)دا، سێبارەی کردۆتەوە: (فوقەهایێد ئەکرادان) و (طەلەبەیێد ئەکرادان)و (موبتەدئێد ئەکرادان) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٥-٢٦) و ئەم حاڵەتە لە چ دەقێکی کلاسیکیی دیی کوردی بەرچاو ناکەوێت و ئەحمەدی خانی، بە (کورد) و(ئەکراد) و(کرمانج) ناوی نەتەوەکەی دەبات و دەشێین بە تایبەتییەکی هەرە بەرچاوی زمانی بایەزیدیی بیژمێرین، ئەوەی جێگای سەرنجە لە صەرفەکەی تەرەماخییش، دوو جار ناوی ئەکراد براوە و هەردووکیشی بە کۆ هاتوون (طایفا ئەکرادان) و (موبتەدئێد ئەکرادان)

(تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٣٣)، لە(در المجالس)یش، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە بەسەرهاتێکی وەرگێڕدراوە و پەیوەندیی بە کوردەوە نییە، تاکە جارێک ناوی کورد براوە و ئەویش هەر بە (ئەکرادان) هاتووە (هەکاری، ٢٠١٩، ١٣٠).

- جێگۆڕکێ بە دوو پیتی وشەیەکی بیانی، دیاردەیەکی باوە لای خەڵکانی نەخوێندەوار و لە زمانی بازاڕدا، وەک: روبع- روعب، ئەرزاق- ئەزراق، تەسلیم- تەسمیل، عەرد- عەدر...هتد، بایەزیدییش چونکە بە زمانی عەووام و بازاڕی دەنووسێت، (لەصقی، دلەصقینم، لەصقیم، بلەصقینی)ی لەلا بووە بە(زەلقی، دزەلقینم، زەلقیم، بزەلقینی)[٢٧]، لە تەصریفی تەرەماخی و (در المجالس)یش، (بلەصقە) کراوە بە (بزەلقە) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٣٠؛ هەکاری، ٢٠١٩، ٢٢٧)، هەروەها سێ جار لە چل حیکایەتەکەی و دووجار لە (عادات و رسوماتنامە) و جارێک لە پێشەکیی تەصریفی تەرەماخی و جارێکی دی لە (تحفة الخلان)دا، وشەی(کەشف)ی بە(کەفش) گۆکردووە و نووسیویەتی[٢٨]، هاوکات چوار جار لە تەصریفی تەرەماخی و جارێکیش لە(در المجالس) هەمان جێگۆڕکێ چێ بووە (تەرەماخی، ١٩٧١، ٣٥-٣٦؛ هەکاری، ٢٠١٩، ١٠٧)، دەڵێین ئەگەر مەلایەکی شارەزا و عەرەبیزان نەک بایەزیدیی پشووکورت و هەڵەشە و سەرقاڵ، ئەم تەصریفەی بەشێنەیی بنووسیایە، هەرگیز ئەم خەوشەی لێ نەدەوەشایەوە و ئەم پیتگۆڕکێیەی ناکرد و دووبارەی نەدەکردەوە، مامۆستایەکی پسپۆڕ و زمانەوان کاتێک بابەتێکی فێرکاریی زمانی قورئان و سوننەت بۆ "زاروکێن کرمانجان" دادەنێت، چۆن دەبێت خۆی نەزانێت تاک و کۆی ئەو زمانە لێک بکاتەوە و وشەکانی بە رەوانی گۆ بکات. هەروەها رێی تێ ناچێت زانایەکی مۆکسیی سەدەی ١١ک/١٧ز و دوو مەلای هەکاری و بایەزیدیی دوو سەدە پاشتر، تووشی هەمان ئەم دوو هەڵەیە ببن و هەرسێکیان لەصق و کەشف بکەن بە زەلق و کەفش! پێم وایە تەنها ئەم

دوو حاڵەتە و ناوبردنی کورد بە (ئەکرادان)، بەڵگەی گومانبڕن و بەسن بۆ ئەوەی بێژین کە دانەری تەصریفی تەرەماخی و (در المجالس)ی مەلا موسای هەکاری، هەمان دانەری (عادات و رسوماتنامە) و (چل حیکایەت) و (تحفة الخلان)ە و ئەویش خودی مەلای بایەزیدییە.

- کردنی بەردەوامی پیتی(هاء) بە(حاء) لە چەند وشەیەک، وەک: (هەکاری- حەکاری)[٢٩] و (هەمی-هەمو- حەمو)[٣٠] و (هەمبیز- حەمبیز)[٣١] و (سپەهی- سپەحی)[٣٢] و(هزار- حزار)، لەتەصریف- دەستوور و (در المجالس)یش بە ئەم وشانە هەردەم بە (ح) هاتوون (تەرەماخی، ١٩٧١، ل٢٩، ٣٤، ٣٨، ٤٠، ٤٣، ٤٦-٤٨، ٥٤، هەکاری، ٢٠١٩، ٤١ -٤٢، ٤٦-٥٨، ٧٩-٨٠، ٨٧، ١٠١، ١٠٤-١٠٥، ١٢٨، ٢٣٨-١٣٩، ١٤٢-١٤١٤٤، ١٤٧، ١٧٥، ٢٠٠، ٢٠٥-٢٠٦، ٢١٠-٢١٣، ٢٢٤، ٢٢٩-٢٣٠، ٢٥١-٢٥٣... هتد)، کەچی لای ئەحمەدی خانی و مەلای باتەیی و مەلا خەلیلی سێرتی بە(هاء) دێت، وەک (هزار) و (هەمی)(باتەیی، ٢٠١٤، ٤٢، ٧٢، ٧٩، ٨٣، ٨٥، ٨٧، ٩١؛ سێرتی، ٢٣، ٢٨).

- کردنی (ژەهر- ژەحر) (الخالدي، ٢٠١٨، ص١٨٢) بە (ژەعر)[٣٣] و لە (در المجالس)یش (هەکاری، ٢٠١٩، ١٣٥، ١٤٩، ١٦٦، ٢٠٣).

- لە چەندین پەیڤی کوردیدا، پیتی(ت) دەکاتە (ط): طشتەکی، ناطرسی، طرسی، طاشتی- طێشت، طاری، وسطایە، دقوطن[٣٤]، لە دەستووریشدا: ڤقەطینی، طشتەکی- چەند جارێک( تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٣٣-٣٤، ٤٠، ٥٢-٥٣).

- بایەزیدی، لەبری(نێز و نیزیکی و نزدیکی)(الخالدي، ٢٠١٨، ٧١، ٣١٣)، هەردەم دەڵێت: (نێزوکی)[٣٥] و لە (در المجالس) دا، هەر وا هاتووە (هەکاری، ٢٠١٩، ٤٢، ٥٣، ٨٣ (سێ جار)، ٩١، ٩٦، ١٠٣، ١٠٧-١٠٨، ١١٨-١١٩، ١٢٦-١٣٠، ١٤٠-١٤١، ١٤٣، ١٦٢، ١٧١، ١٨٥، ١٩٣، ٢٠٠).

- هەر نووسەرێک لە پڕۆسەی نووسیندا، ئەگەر بیهەوێت یان نەیهەوێت و لە ئاگاهی یان بێئاگاهییدا، هەردەم وشەگەلێک و دەستەواژەگەلێک دووپات دەکاتەوە (قاسم، ٢٠١١، ١٧٤)، ئەم دۆخە لە پێشەکییەکەی بایەزیدی و ناوەڕۆکی تەصریفی تەرەماخی رەنگی داوەتەوە، ئەوەتا ئەم پەیڤانە زیاد لە جارێک دێن تا ئەو رادەیەی ناکرێت بە رێکەوت دابنرێت و خوێنەر زوو هەست دەکات بە زمان و ریتمی یەک کەس نووسراون: (البتە- ئەلْبەتە، زاڤ- زۆر، ایجاری- واتا ئەمجارە- ڤێجا- پاشان، لەوڕا و لەوڕانێ) (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٥-٢٨، ٣٠-٤٥، ٤٨، ٥٣-٥٤) و هەمان ئەم پەیڤانە بەزۆری لە کتێبەکانی دیکەی بایەزیدی بەرچاو دەکەون[٣٦]، لە (در المجالس)یش، دەهان جار بەڵکو لە زۆربەی لاپەڕەکانی، (زاڤ- زەحڤ) و (ئەلْبەتە) و (ئیجاری) هاتوون (هەکاری، ٢٠١٩، ٤٦، ٥٣-٥٩، ٧٩-٨٢، ٩٢، ٩٥-٩٦، ١٠٦، ١١١، ١١٦، ١٢٠-١٢٤، ١٢٦، ١٢٨، ١٣٠-١٣٥، ١٣٧-١٤٤، ١٧٥، ١٧٨، ١٨٤-١٨٥، ١٨٨...هتد) و تەنها لە شەش لاپەڕە و نیوی تەرجەمەی شەرەفنامەدا، چل و هەشت جار و لە یەک لاپەڕەی (چل حیکایەت)دا، حەوت کەڕەت (ئیجاری) هاتووە (بەدلیسی، ٢٠٠٧، ٣١٦، ٣١٨، ٣٢٣، ٣٥٢-٣٥٥؛ بایەزیدی، ٢٠٠٤، ٩٣).

- (قەوی زێدە) یەکێکەلەو جووتوشەیانەی وا بایەزیدی بەردەوام دووپاتی دەکاتەوە و ئەمەش بۆتە خاڵێکی دیی ناسینەوە و جیاکەرەوەی نووسینەکانی[٣٧]، لە (در المجالس)یش زیاد لە سیجار دووپات کراوەتەوە (هەکاری، ٢٠١٩، ٤٦، ٤٤-٤٥، ٦٤، ٧٢-٧٥، ٧٧، ٨٤، ٨٨، ١٠١، ١١٢، ١٤٦، ١٥١، ١٥٧، ١٦٠-١٦٥، ١٦٨، ١٨٧، ١٨٩، ١٩٢، ١٩٧، ٢٠٨-٢٠٩، ٢١١، ٢١٥، ٢٢٦، ٢٢٩، ٢٣٦، ٢٣٨-٢٤٠، ٢٤٥، ٢٤٧، ٢٥٢...هتد).

- دووپاتکردنەوەی هەردوو وشەی(حسێبکە)[٣٨] و (کافەیێد)[٣٩]، لە دەستوور و (در المجالس)یش بە هەمان شێوە (تەرەماخی، ١٩٧١، ٢٩، ٥١؛ هەکاری، ٦٠، ١٨٩-١٩٠، ١٩٢، ١٩٩، ٢٠٩، ٢١٧، ٢٢٩).

## ٨- ئەنجام- دیاردەی هەڵبەستانی دەستخەت:

بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم گەڕۆک و ڕۆژهەڵاتناسان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەوڕوپا بە پەرۆشەوە کەوتنە کڕین و پەیداکردنی گەنجینەی دەستخەت و بۆ ئەم مەبەستە نێردە و وەفدیان ناردە جیهانی ئیسلامی و پارەیەکی زۆریان مەزاخت، خەڵکانێک ئەم هەلەیان لەدەست نەدا و جاربەجار ئەورووپییەکانیان فریو دەدا و دەستخەتی قەڵب و هەڵبەستراویان بە نرخێکی گران پێ دەفرۆشتن، لە وێنەی روونووسکارانی ساختەکاری ئێرانی کە ژمارەیەک دەستخەتیان دەستکاری کرد یان پێکەوەیان نا و بە بەهای دانەی ئەصلی، دەیانفرۆشتە دەستخەتکڕانی ئەوڕوپی و لەوانەش چوارینەکانی عومەری خەییام(م: ٥٢٦ک/١١٣١ز) و بازرگانێکیش دانەیەکی بەناو کۆنی (السیرة النبویة)ی (إبن هشام: م٢١٨ک/٨٣٣ز) خستەڕوو، تا (ناوەندی شاه فەیصەڵ) لە سعودیە لێی بکڕن، پاش پشکنین دەرکەوت ساختەیە و تەمەنی ناگاتە سەت ساڵ (المشوخي، ٢٠١١، ص٢٨)، لای خۆمانیش لەم دیاردە دزێوە دەر نەبوو و مەلا و توێژی خوێندەواری کورد لە لایەک و قەشە و پیاوانی کەنیسەکانی کوردستان لە لایەکی دییەوە، درێغییان نەکرد و دەستی خۆیان وەشاند، بۆ نموونە هەردوو کتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام)[٤٠] و (کڕنۆلۆجیای هەولێر)ی (مەشیحا زخا) و نووسراوە پیرۆزەکانی (جیلوە و مەصحەفا رەش)ی یەزیدییەکانیان هەڵبەست و پارەیەکی باشیان لە فرۆشتنیان چنگ کەوت[٤١].

لە لایەکی دیکەوە، کار و پیتەپێدانی رۆژهەڵاتناسیی رووسی بە کوردناسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بە مەرامێکی سیاسیی رەها بوو و لە ژێر باندۆری کێشە و ململانێی رووسی- عوسمانی ئەنجام دەدرا و بە نیازی خزمەتکردن و بەرچاوڕوونیی رایەدارانی دەوڵەتی قەیصەری دەخرایەگەڕ و کۆمەڵەی زانستیی رووسی و دەزگا ئەکادیمیاکانی دی بە بەرنامە ئیشیان دەکرد و بە بڕیار پسپۆڕانیان رادەسپارد بایەخ بە زمان و فەرهەنگ و دیرۆکی کورد بدەن، لەوانەش سەرباری ئەلێکسەندەر ژابا، کوردناس پیوتەر لیرخ(١٨٢٨-١٨٨٤) کە نزیکەی سێ مانگی لە زیندانی رۆستاڤل بەسەر برد تا لەگەڵ ئەو پەنجا زیندانییە کوردە بدوێت کە لە ئاکامی شەڕەکانی عوسمانی- رووسی بەدیل گیرابوون و لە رێگای گفتوگۆوە ئاشنای زمانی کوردی ببێت، ئەم مژارە ئاڵۆز و فرەڕەهەندە و ئەوەی لێرە مەبەستمانە بەدڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە کە بایەزیدیی نەدار و دەستکورت و مەلایەکی رەبەن و ئاوارەی ئەرزەڕوم، هەرگیز ئەو هەموو کارانەی لە دانان و پەیداکردن و کورتکردنەوە و نەسخکردنی کتێبی کوردی و وەرگێڕانی کتێبی فارسی بۆ کونسوڵی دەوڵەتێکی مەزن و کۆلۆنیالیی وەک رووسیا، بەخۆڕایی و بێ بەرانبەر جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو بە رێککەوتنی فەرمی و بە پارە بووە و پاداشتێکی موستەحەقی دەست کەوتووە و زیاتریش لە خەمی هەقدەستی ماددی بووە و خەمی ئەوەی نەخواردووە، ناوی دەربچێت و بە نەمری بمێنێتەوە، بۆیە لە کارەکانی دا چەند ناوێکی خوازراوی بەکار هێناوە و کتێبی(در المجالس) بە ناوی مەلا موسای هەکارییەوە وەرگێڕاوە و لە نووسینەوەی تەصریفەکەشدا، پشوودرێژ نەبووە و بە کورتی و پوختی بەناوی تەرەماخییەوە بڕیویەتیەوە و بێگومان ژاباش وەک رۆدێنکۆ دەڵێت ئەو کەرستە نووسراوەی بە پارە و دیاری پەیدا کردووە(رۆدینکۆ، ٢٠٢٠، ٣٩).

هەرچی تەرەماخییە، ئەوا یان لە بنەڕەتدا نەبووە و بایەزیدی هەڵی بەستووە تا خواستەکەی ژابای پێ رایی بکات و لەبریی شتێکی دەست بکەوێت و پاداشت بدرێتەوە، یان وەک مەلایەکی زیرەک و شارەزاهەبووە، بەڵام دانراوی بە کوردی سەبارەت بە رێزمانی عەرەبی لە چەشنی ئەم تەصریفە نەبووە، ئەگەر هەشیبووبێت هەندە ناسراو و بەربڵاو نەبووە و دەست ژابا نەکەوتووە و ئەو دانە ئۆرگینالەی گوایا لای پیرەمێردەکەی هەکاری بووە، کەس نەیبینیوە و دەست کەس نەکەوتووە و لە چ سەرچاوەیەکیش باس نەکراوە. بەڵام هەر گریمانەیەک لەمانە راست بێت یان هیچیان راست نەبێت، ئەوا لەو راستییە ناگۆڕێت کە ئەو تەصریفەی وا د. مارف خەزنەدار بە ناوی(دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی) بڵاوی کردەوە، هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە و بەرهەمی بایەزیدیە و بەر لە هەمووان ژابا گومانی لێ کردووە، بە هەمان شێوە مەلا موسای هەکارییش هەر ناوێکی خوازراوی بایەزیدییە و زمانی هەردوو کتێبەکە کوتومت هاوشێوەی زمانی بایەزیدییە و هەمووی بە یەک دەڤۆک نووسراون ئەویش سەرحەدی- رەوەندییە.

**لیستی سەرچاوەکان:**


- باتەیی، مەلا حوسێن (٢٠١١)، مەولود، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، ئیستانبول نوبهار.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠٠٠)، مەم وزین بە پەخشان، فەرهاد پیربالّله کتێبی مەلا مەحموودی بایەزیدیبڵاوی کردۆتەوە، هەولێر.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود(٢٠٠٤)، چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی، هەولێر: دەزگای ئاراس.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠٠٧)، تەرجەما شەرەفنامەیا شەرەفخانێ بەدلیسی، تویژاندن سەعید دێرەشی، دهۆک: دەزگای سپیرێز.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠١٢)، عادات و رسوماتنامەئی ئەکرادیە، لێکۆلین جان دۆست، ئیستانبول: وەشانخانەی نوبهار.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠١٩)، تحفة الخلان في زمانێ کوردان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، هەولێر-سۆران.
- بایەزیدی، مەلا مەحموود (٢٠٢٠)، لەیلا ومەجنوون بە پەخشان، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، سۆران-هەولێر.
- پیربالّ، فەرهاد (٢٠٠٠)، مەلا مەحموودی بایەزیدی، هەولێر: دەزگای ئاراس.
- تەرەماخی، عەلی (١٩٧١)، دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی، لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین و ئامادەکردنی دکتۆر مارف خەزنەدار، بەغدا: چاپخانەی دار الزمان.
- خانی، ئەحمەدی (٢٠٠٨)، مەم و زین، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، سپیرێز، دهۆک. (مەلا مەحموودی بایەزیدی بە پەخشان کورتی کردۆتەوە).
- خەزنەدار، مارف(د) (١٩٨٤)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقية للطباعة، بەغدا.- دۆسکی، تەحسین،٢٠١٩، باغێ ئیرەم، گەڕیانەک د ناڤ گولزارا شیعرا کرمانجی دا، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زاخۆ.

- دێرەشی، دێرەشی (٢٠١٤)، شاعرێ مەزن محەمەد تەیار پاشایێ میرێ بەهدینا، گۆڤارا دیرۆک ، هژمار (١٤)، دهۆک.
- رودێنکۆ. م. ب (٢٠٢٠)، وتارگەلی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاست، وەرگێڕانی لە رووسییەوە ئەنوەر قادر محەمەد، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- سێرتی، مەلا خەلیل (٢٠١٤)، نهج الأنام، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، ئیستانبول: دەزگای نوبهار.
- گارزونی، ماوریتسۆ (٢٠١٥)، رێزمان و وشەنامەی زمانی کوردی، هەولێر: دەزگای بەدرخان.
- لیزنبێرگ، مکاییل (بێ ساڵ)، عەلی تەرەماخی و بەکارهێنانی زمانی قسەپێکردنی رەسەنی خۆیی لە خوێندنی مەدرەسان لە کوردستان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە حەسەنی قازی. ستۆکۆڵم.
- هەکاری، مەلا موسای (٢٠١٩)، در المجالس، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
- Newayi, Merdan, 2018, Mela Eliye Teremaxi, Tesrifa Teremaxi, Metn u Analiz, Nubihar, Istanbul.
- Ozturk, Dr . Mustafa , 2017, Koleksiyona Aleksandre Jaba ya destnivisen Kurdi, Ankara.

**ب- بە عەرەبی:**

- الخالدي، ضياء الدين يوسف بن محمدعلي المقدسي (٢٠١٨)، الهدية الحميدية في اللغة الكردية، تحقيق جان دوست، استانبول.
- خزنەدار، معروف(د) (١٩٧٨)،مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، مطبعة المعارف، بغداد.
- رسول، عزالدين مصطفى(د) (٢٠١٠)، الواقعية في الأدب الكردي، ط٢، دار ئاراس، أربيل.
- رودينكو. م. ب (٢٠٢٠)، وصف المخطوطات الكردية في مجموعات لينينغراد، ترجمة د. عبدي حاجي، الأكاديمية الكردية، أربيل.

- شيركو، بلەج (١٩٨٦)، القضية الكردية، ماضي الكرد وحاضرهم، دار الكاتب، بيروت.
- قاسم، باسم إدريس (٢٠١١)، لامية العرب بين الشنفرى وخلف الأحمر، مجلة التربية والعلم، المجلد(١٨)، العدد(١)، كلية التربية، جامعة الموصل.
- ماركريت، لوسى بول و ک. أ. ب (١٩٣٩)، دراسة فى الشعر الكردي، ترجمة رفيق حلمي، مطبعة التفيض الأهلية، بغداد.
- المشوخي، عابد سليمان (٢٠٠١)، التزوير والإنتحال فى المخطوطات العربية، مركز الدراسات والبحوث الرياض.
- نيروزه، محمود (٢٠١٦)، علي ترماخي ومؤلفاته، مجلة دراسات ميزوبوتاميا، العدد(١)، إستانبول.

## پەراوێزەکان:

(١) بۆ زانیاریی تەواو لەبارەی بەرهەم و کارەکانیەوە، بگەڕێوە بۆ: د. معروف خزنەدار، مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، مطبعة المعارف(بغداد: ١٩٧٨)، ص٣٨-٣٩،فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، دەزگای ئاراس (هەولێر: ٢٠٠٠).

Dr. Mustafa Ozturk, Koleksiyona Aleksandre Jaba ya destnivisen Kurdi, (Ankara: 2017), r16-22.

(٢) بایەزیدی بە کورتی لە ژیانی هەشت شاعیری کرمانج دواوە و سەرپێیی ساڵی هاتنە دنیا و مردنیانی داناوە و کەوتۆتە ناکۆکیی سەیرەوە و بەقسەی ئەو بێت مەلای جزیری تەنها شازدە ساڵ (٥٤٠-٥٥٦ک) ژیاوە و ئەحمەدی خانی ساڵی ١٠٦٣ک/١٦٧٣ز مردووە و ئیسماعیلی بایەزیدی کە ساڵی ١٠٦٥ک لەدایک بووە، شاگردی بووە، لە کورتکردنەوەی مەم و زینیشدا دەڵێت خانی لە ساڵی ١٦٠٠ز دایناوە. بڕوانە:مەلا مەحموودێ بایەزیدی، ٢٠٠٤، چل حیکایەتێد، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٠٩-١١١؛ مەم و زینی بایەزیدی ٣٩.

(٣)بگەڕێوە بۆ: م. ب. رودێنکۆ، وتارگەلی ئەدەبی کوردی، ٣٩. بڕوانە: قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ)، دەرهەقا شۆڤێد "مەم وزینا" زارگۆتی و شۆڤا "مەم و زینا" ئەحمەدێ خانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی شەشەم (بەغدا: ١٩٧٨)، ٧٨-١١٠، نهج الأنام، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، دەزگای نوبهار(ئەستانبول: ٢٠١٤)، ١٧-١٨. ئەوەش بڵێین کە رۆژی ٢٠-١-٢٠٢٢، د. موحسن دۆسکی کۆمەڵە دەستخەتێکی نەحو و صەرفی بۆ هێنام، یەکێکیان بە(المسمى بالترماخي) کۆتا هاتبوو و هەندە کۆن نەبوو و چ مێژوویەکی پێوە نەبوو و لە زاخۆ نووسرابووەوە، وەلێ تەصریفی تەرەماخی نەبوو.

(٤) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، (بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم) چاپخانەی(ومیض)(بەغدا: ١٩٩٨)، ١١٩-١٢٢، ١٧٦-١٧٧، سەعید دێرەشی، کەلهێن ئاڤا، دەزگەها سپیرێز (دهۆک: ٢٠٠٥)، ٤٩٥-٥٤٨، گۆڤاری دیرۆک، ژمارە(١٧) (دهۆک: زستانی ٢٠١٨)، ١١٨-

لەناو Koleksiyona Aleksandre Jaba ya destnivisen Kurdi, 90-91. ،١٣٧ دەستخەتەکانی موحسن دۆسکی دا، دوو تەصریفی مەلا عەلی هەبوو.

(٥) تەصریفێکی ناسراو و مەنهەجی بوو لە کوردستان، عزالدین عبدالوهابی زنجانی(م: ٦٥٥ک/١٢٥٧ز) دایناوە و مامۆستایانی کورد شەرحیان کردووە، لەوانە: پیر خضر الشاهویي، شرح تصریف الزنجاني، إنتشارات کردستان (سنندج: ١٣٨٧ش).

(٦) بڕوانە: داود جلبی، مخطوطات الموصل، مطبعة الفرات (بغداد: ١٩٢٧)، ٢٧٤. ئەم شەرحەش لەم دواییە بەهەڵە گەڕێندراوەتەوە بۆ تەرەماخی.

(٧) نیرۆزە مەحموود دەڵێت بە (١٨کم) و مەردان نەوایی دەڵێت بە (٢٣کم) لە مۆکسەوە دوورە.

(٨) بڕوانە: مەلا موسای هەکاری، در المجالس، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران، چاپخانەی هێڤی(هەولێر: ٢٠١٩)، ل١٤.

(٩) شایەنی باسە لەم دواییە، زانکۆی ماردین دانەیەکی سەرجەم دەستخەتەکانی ژابایان کڕی و مخابن ئەمەی تێدا نییە و وا دیارە فەوتاوە.

(١٠) لە گوتارەکەی گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی دووەم(بەغدا: مارت و نیسانی١٩٧٠)، ١٤٤، ئەم رۆژە بە ١٧ی مایسی١٨٥٨ هاتووە.

(١١) لە چاپەکانی پاشتری ئینسایکلۆپیدیا و لە وەرگێڕاوە فارسی و کوردی و عەرەبییەکانی دا، ئەم باسکردنەی تەرەماخییم نەدیت و وابزانم مینۆڕسکی لایبردووە.

(١٢) د. مارف خەزنەدار دەڵێت ژابا تەنها ناوونیشانی شیعرەکانی بردووە و ئەمانیش شیعرەکانیان بەو ناوونیشانانەوە هەڵبەستووە،بەڵام هاوڕێم د. نەجاتی عەبدوڵا کە چاپی فەڕەنسیی کتێبەکەی هەیە، بە سوپاسەوە رۆژی ٢١-١-٢٠٢٢ بە تلیفۆن پێی گوتم کە ژابا باسی شتی وای نەکردووە.

(١٣) محەمەد ئەمین زەکی پێشەکیی بۆ وەرگێڕانەکەی رەفیق حیلمی نووسیوە (٣-٥) و لەوێش پەسنی شیعرەکانی تەرەمۆکی دەکات و لە پێشەکیی چاپە عەرەبییەکەی خولاصەدا دەڵێت، ئەم چاپەم بەهەل زانی و هەندێ زانیارییم خستە سەری و لەوانەش باسی شیعر و شاعیرانی کورد، د. مارف و زۆر کەسی دی وا دەزانن ئەم زیادکردنە کاری وەرگێڕ محەمەد عەلی عەونییە.

(١٤) بڕوانە: پێشەکیی دەستووری زمانی کوردی، ١٦- ٢٢، م. ب. رودێنکۆ، وتارگەلی ئەدەبی کوردیی، ل٥١، د. عز الدین مصطفی رسول، الواقعیة في الأدب الكردي، ط٢، دار ئاراس(أربیل: ٢٠١٠)، ص٥٣.

(١٥) بڕوانە: رەشید فندی، عەلی تەرەماخی، ئێکەمین رێزمان نڤیس و پەخشان نڤیسێ کوردە (بەغدا: ١٩٨٥).

(١٦) بگەڕێوە بۆ: محەمەد عەلی قەرەداغی، بایەخدانی میرانی ئامێدی بە رۆشنبیری لە دەڤەری بادیناندا، دەزگای ئاراس(هەولێر: ٢٠٠٦)، ٥٢-٢٤٢.

(١٧) بڕوانە: حسین حسن کریم، الفهرس الوصفي لمخطوطات مركز ژين، جزءان (السليمانية: ٢٠١٣، ٢٠٢٠)، ٢١٨/١-٢٢٢، ٥٤٤ ،١٧٧/٢-١٨٠، ٣٨٧، محمد عبدلی، فهرستوارهء نسخهای عکسی مشاهیر کرد موجود در کتابخانه، آرشیو ومجموعهء شخصی محمد عبدلی- مهاباد، ص٢١-٢٣. لەناو دەستخەکانی موحسن دۆسکییشدا، دوو تەصریفی مەلا عەلی هەبوو.

(١٨) بگەڕێوە بۆ: تصريف الملا علي مع حاشية القزلجي والقرداغي والماويلي، تحقيق وتعليق كمال عليزاده، إنتشارات شيخى (سنندج: ١٣٩٧ش).

(١٩) بڕوانە: داود چلبی، مخطوطات الموصل، مطبعة الفرات( بغداد: ١٩٢٧)، ص٩٨، ١١٠، ١٣٩، ١٧١، ١٨٦، ٢٠٣، خير الدين الزركلي، الأعلام، دار العلم للملايين(بيروت: ٢٠٠٧)، ٢٠١/٦، ٢٥١/٨، محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم) چاپخانەی (ومیض) (بەغدا: ١٩٩٨)، ١٧٦-١٧٧، ٣٦٧.

(٢٠) دکتۆر مارف خەزنەدار لە کتێبی: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، المؤسسة العراقية للطباعة(بەغدا: ١٩٨٤)، ٣٨٢-٤٠٦. بڵاوی کردۆتەوە.

(٢١) بڕوانە: دیوانا مەلایێ جزیری، هلبژارتن و بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، کتێبخانا جزیری (دهۆک: ٢٠٢٠)، ١٢٩، ٣١١-٣١٨، تەحسین دۆسکی، باغێ ئیرەم، گەڕیانەک د ناڤ گولزارا شیعرا کرمانجی دا، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی (زاخۆ:٢٠١٩)، ل٧٩-٨٠، ٨٣-٨٤، ٩١، ١١١...هتد.

(٢٢) بڕوانە: باغێ ئیرەم، ٧٩-٨٠، ٨٣-٨٤، ٩١، ١١١...هتد، مەولود، ئامادەکار حوسێن شەمرەخی، نوبهار (ئیستانبول: ٢٠١١)، ل٢٥، ٧٤. هەروەها بڕوانە ، صادق بهاء الدین، هۆزانڤانێت کورد، ل ٢٧٧، ٢٧٩.

(٢٣) بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی، دەزگای ئاراس( هەولێر: ٢٠٠٤)، ٧-٩، ١٠٩، ٩٥، ٩ ١١١، تحفة الخلان فی زمانێ کوردان، ٦٤-٦٥، ٦٨-

٨٥، ٩٠، ١٠٩، لەیلا و مەجنوون، ٣٧-٣٩، ٥٦-٥٧، ٦١-٦٤. لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل٣٨٥، عادات و رسوماتنامە، زۆربەی لاپەڕەکانی، مەم وزینی بایەزیدی، ل٤١-٤٢، ٤٤-٤٦.

[٢٤]بڕوانە: لەیلا و مەجنوون، ل٣٧-٣٨.

[٢٥]بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی، ٧-٩، ٢٩، ٩٥، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٩.

[٢٦]بڕوانە: لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ٣٨٥-٣٨٩، چل حیکایەتێد مەلا مەحموود، ٤٧، ٩٤-٩٥... هتد.

[٢٧]بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموود، ٤٢، ٥٢، تحفة الخلان فی زمانێ کوردان، ٧٧.

[٢٨]بڕوانە: چل حیکایەتێد، ٤٠، ٦٩، ١٠١، عادات و رسوماتنامە، ٦١، ٨٨، دەستووری زمانی عەرەبی، ٢٦، تحفة الخلان، ل٨٤.

[٢٩]بڕوانە: دەستووری زمانی عەرەبی، ل٢٥(پێشەکی)، تحفة الخلان فی زمانێ کوردان، ٧٦-٧٧، ١٩٣، ١٩٦-١٩٧، لەیلا و مەجنوون، ل٦٣، مەم و زین لە فەرهاد پیربالْ، مەلا مەحموودی بایەزیدی، ٣٩، ٤٢، ٤٧.

[٣٠]بڕوانە: چل حیکایەتێد مەلا مەحموود، ١٠٢، تحفة الخلان، ٦٩، ٧٦-٧٧، ٩٦، ١٠١، ١٩٣، ١٩٦-١٩٧، لەیلا و مەجنوون، ٦٣، بعضی عشایر وقبایل لە فەرهاد پیربالْ، مەلا مەحموود، ١٥٣، مەم و زینی بایەزیدی، ٣٩، ٤٧، عادات و رسوماتنامە، ١١، ١٦، ٢٦، ٢٨، ٣٤، ٥٤، ٦٣-٦٤، ٨٦، ٨٩، ٩٣، ٩٦، ١٠٤، ١١٤... هتد.

[٣١]بڕوانە: چل حکایەتێد، ١٥، مەم وزینی بایەزیدی، ٤٢، ٤٦.

[٣٢]بڕوانە: پێشەکیی دەستوور و زمانی، ٢٥، چل حیکایەتێد ٦٠-٦١، ٨٣، ٩٥، ٩٧، لەیلا و مەجنوون، ٣٨، عادات و رسوماتنامە، ١٩، ٧٨، ٩٠، تەرجەما شەرەفنامە، ٣١٩، ٣٥٩، ٣٧٥، ٣٨٩...هتد، چل حیکایەتێد مەلا مەحموود،٩٥، ١١٠-١١١، فەرهاد پیربالْ، مەلا مەحموودی بایەزیدی، ١٣٧، ٩٥، ١٥٩-١٦١، رەشید فندی کردوویەتی بە (هزار) و (حەکاری)ی کردووە بە (هەکاری)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ٣٨٥-٣٩٠.

[٣٣]بڕوانە: تەرجەما شەرەفنامە، ٣٢١، چل حیکایەتێد، ٨٠، ٨٥.

[٣٤]بڕوانە: عادات و رسوماتنامە، ٨، ٢٢، ٥٣-٥٨، ٦٨-٧١، ١٠٢- ١٠٤، ١٢٦، لەیلا و مەجنوون، ٥٨.

